دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا

# کوردستان

www. kurdistanukurd.com

ژمارە: ٤٨٦

سێشەممە ٣١ی بانەمەڕی ١٣٨٧ ـ ٢٠ی مەی ٢٠٠٨ ـ ١٥٠ تمەن

ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان



هەڵدانەوەی چەند لاپەڕەیەکی مێژوویی ڕۆژنامەنووسیی کوردی ٨

بڕیارنامەی کۆنگرەی چاردەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان ٢

## خالید عەزیزی، وتەبێژی کومیتەی ناوەندیی حیزب:

# پرش‌وبڵاویی هێزەکانی ڕۆژهەڵات گەورەترین کۆسپی دیپلۆماسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە



ڕۆژی یەکشەممە(٣٠ی بانەمەڕ) بەڕێز خالید عەزیزی وتەبێژی کومیتەی ناوەندیی حیزب لە کۆبوونەوەیەك دا بۆ کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئاکامی سەفەرەکەی خۆی بۆ دەرەوەی وڵات تاوتوێ کرد. کاك خالید عەزیزی باسەکەی خۆی بەسەر سێ تەوەری وەزعیەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پاش کۆنگرەی ١٤ لە نێو کوردانی دانیشتووی دەرەوەی وڵات، پێوەندی حیزب لە گەڵ حیزب‌و کۆڕو کۆمەڵە ئێرانییەکانی دەرەوەو وڵاتانی دەرەوەدا دابەش کرد.

وتەبێژی کومیتەی ناوەندیی حدك لە تەوەری یەکەمی باسەکەی خۆیدا ڕایگەیاند کە بڕیارو پەسندکراوەکانی کۆنگرەی ١٤ لە نێو کوردانی دانیشتووی دەرەوەی وڵات دا پێشوازییەکی باشی لێ کراوە. ئەو لەمبارەیەوە وتی: حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نێو کوردانی دەرەوەی وڵات دا بە حیزبێك ناسراوە کە بە شێوەیەکی جیددی‌و چالاکانە کار بۆ لێك نزیکبوونەوەو کۆدەنگی لە نێو ئۆپۆزیسیۆنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکا، هەر بۆیەش چاوەڕوانییەکان لە حیزب زیادی کردوەو ئێمە دەبێ بە کار کردنی زیاترو بەردەوام هەوڵ بدەین لە ئاستی ئەم چاوەڕوانیانەدا بین.

وتەبێژی کومیتەی ناوەندی لە تەوەرێکی دیکەی باسەکەی‌دا خۆیدا لە پێوەندی لە گەڵ پێوەندیی حیزب لە گەڵ وڵاتانی دەرەوەدا گەشبینیی خۆی بۆ پێشوەچوونی هەرچی زیاتر لەم بارەیەوە دەربڕی‌و وتی: لەم سەفەرەدا هاوڕێ لە بەرپرسانی حیزبی لە دەرەوەی وڵات سەردانی زۆر کەسایەتی‌و داموو دەزگای دەوڵەتیی دەرەوەمان کردو لە بارودۆخی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئاگادارمان کردنەوەو ئەوانیش پێشوازییەکی باشیان لێ دەکردین.

بەڕێز خالید عەزیزی بە ئاماژە کردن بە هێندێك کەندو کۆسپەکانی سەر ڕێگای دیپلۆماسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات وتی: دەتوانین بڵێین یەکێك لە گەورەترین کۆسپەکان پرش‌و بڵاویی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کوردەو زۆر جار لێمان دەپرسن کە بۆچی هێزە کوردییەکان ئاوا پرش‌و بڵاون‌و داوای کۆدەنگیمان لێ دەکرێ.

شایانی باسە هەر لەو کۆبوونەوەیەدا کەماڵ کەریمی ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان باسێکی کورتی سەبارەت بە چۆنیەتی بەرەوپێشچوونی کارەکان لە دوای کۆنگرەوە لە کوردستان پێشکەش کراو داوای لە تێکڕای ئەندامانی حیزب کرد کە لە پێناو بەرەوپێشچوونی هەرچی باشتری کارەکان ڕۆڵی ڕاوێژکارانەیان بۆ ڕێبەریی تازە هەبێ‌و لەو ڕووەو هاوکاریی تەواوی دەفتەری سیاسی بکەن.

لە بەشی کۆتایی کۆبوونەوەکەدا بەشداران ڕاوبۆچوون‌و پرسیارەکانی خۆیان پێشکەش کردو لە لایەن هەر دوو بەڕێزان خالید عەزیزی‌و کەماڵ کەریمی وەڵامیان درایەوەو کۆبوونەوەکە پاش زیاتر لە ٢ کاتژمێر کۆتایی هات.

# وریاییدان سەبارەت بە "پێشێلکرانی بە بەرنامەی" مافی مرۆڤ





ناوەندی داکۆکیکارانی مافی مرۆڤی ئێران ڕۆژی یەك شەممە (٣٠ی بانەمەڕ) سەبارەت بەو شتەی بە "پێشێلکردنی بە بەرنامە"ی مافی مرۆڤ لە ئێرانی لە قەڵەم داوە وریایی داو سەبارەت بە دۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران پەرۆشیی دەربڕی.

پێنج ئەندامی سەرەکیی داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ کە شیرین عیبادی بەرپرسایەتیی ئەوی لە ئەستۆیە، لە ڕاپۆرتی ٢٤ لاپەڕەیی زستانی ٨٦ی خۆیان دا کە ڕۆژی یەك شەممە بڵاوبۆتەوە سەبارەت بە وەمەترسی کەوتنی بنەماکانی ئاشتی، تەناهی‌و جێگریی‌و پەرەگرتن‌و پێشکەوتن لە ئێران وریاییان داوە.

بە وتەی داکۆکیکەرانی مافی مرۆڤ پێشێلکارییەکان لە دژایەتی لەگەڵ یاسای بنچینەیی‌و یاسا دانراوەکان‌و جاڕی گەردوونیی مافی مرۆڤ دان. لە درێژەی بەیاننامەی ناوەندی ناوبراودا هاتووە. "بە هاتنە سەرکاری دەوڵەتی نۆیەم ئازادیی دەربڕین‌و قەڵەم‌و ئازادیی وەدەستهێنان‌و بڵاوکردنەوەی زانیاری زیاتر لە پێشوو تووشی کێشە بووەو سەختگیرانەترین سیاسەتە فەرمییەکان باڵیان بەسەر فەرازیی فەرهەنگی‌دا کێشاوە".

لە ڕاپۆرتی ناوەندی داکۆکیکاران‌و یەکیەتییە کرێکارییەکان‌و خوێندکاران‌دا هاتوە کە پەرچەکرداری دەسەڵات بەو نارەزایەتییانە بە ڕاستی زۆر توند، سەرکوتکەرانەو سووکایەتیکارانە بووە.

# کاوە عەزیز پوور لە ئاکامی شکنجەی زیندانوانانی ڕێژیم گیانی لە دەست دا



تێکۆشەری سیاسیی کورد، کاوە عەزیز پوور، کە بە هۆی ئەشکەنجەی لە ڕادەبەدەری جەلادانی ئیتلاعاتەوە مێشکی زەربەی قورسی وێکەوتبوو، سەرەنجام ڕۆژی هەینی (٢٦ی بانەمەڕ) لە یەکێك لە نەخۆشخانەکانی ورمێ گیانی لە دەست داو تێکەڵ بە کاروانی هەرگیز نەمری شەهیدانی کوردستان بوو.

شەهید کاوەی تەمەن ٢٥ ساڵ ، کە خەڵکی ئاوایی دریازی ناوچەی شاروێرانی مەهابادە، نزیك بە دوو ساڵ لەمەوبەر بە تاوانی هاوکاری لە گەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستان لە لایەن هێزەکانی ئیدارەی ئیتلاعاتی ئەو شارەوە دەسبەسەرو ڕەوانەی چاڵە ڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی کرا. سەرەتا بۆ ماوەی سێ مانگ لە ژووری تاکەکەسیی زیندانی ئیتلاعاتی مەهاباددا دەکەوێتە ژێر ئەشکەنجەی توندو بێڕەحمانەی جەلادانی ئیتلاعات‌و بە هۆی خۆڕاگری‌و کۆڵنەدان توندترین شێوەکانی ئەشکەنجە وەکوو "شۆکی ئەلکتریکی"ی لە سەر تاقیکرایەوەو هەر بەو هۆیەشەوە زەبر لە مێشکی دەکەوێ.

کاوە عەزیز پوور کە لە دۆخێکی نالەباردا بوو بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٣٨٥دا نەشتەرگەریی بۆ کرا، بەڵام مۆرەکانی ئیتلاعات بەر لەوەی برینەکانی سارێژ ببێتەوە گەڕاندیانەوە زیندان‌و بەو هۆیەش بۆ جارێکی دیکە واتە دوای کەمتر لە ساڵێك نەخۆشییەکەی سەری هەڵدایەوەو سەر لە نوێ نەشتەرگەریی بۆ دەکرێتەوە. هەرچەند پزیشکەکان دوو مانگ پشووی بۆ دادەنێن، بەڵام لە ژێر فشاری هێزەکانی ئیتلاعات دا دوای ٢٤ کاتژمێر لە نەخۆشخانەی دەردەکرێ‌و بە هۆی ئەوە کە چاوەدێریی پزیشکیی لە سەر نەمابوو پاش چەند ڕۆژان لە هۆش خۆی دەچێ. بنەماڵەکەی دوای چەند ڕۆژ دەیگوێزنەوە بۆ نەخۆشخانەیەك لە ورمێ دوای ئەوەی بۆ ماوەی ٢٧ ڕۆژ لە حاڵەتی کۆمادا دەبێ‌و سەرەنجام شەوی ٢٧ی بانەمەڕی ١٣٨٧ی هەتاوی گیانی لە دەست دا.

# ڕاگەیەندراوی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حدك سەبارەت بە شەهید بوونی کاوە عەزیز پوور

هاونیشتمانانی بەڕێز!

خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان!

کۆڕو کۆمەڵەکانی لایەنگری مافی مرۆڤ!

کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕادەگەیەنێ کە بەداخەوە دەزگای سەرکوت‌و ئەشکەنجەی کۆماری ئیسلامیی ئێران گیانی تێکۆشەرێك‌و ئازادیخوازێکی دیکەی کوردی بەناوی کاوە عەزیزپوور بە تاوانی ئەندامەتی لە حیزبی دێموکراتی کوردستان دا ئەستاندو لاپەڕێکی ڕەشی دیکەی خستە سەر کارنامەی پڕ لە جینایەتی خۆی.

کاوەی عەزیزپوور شەوی ١٣ لە سەر ١٤ی ڕێبەندانی ١٣٨٤ لە حاڵێك دا ماڵەکەی لەلایەن مەئمورانی ئیدارەی ئیتلاعاتەوە دەورە درابوو گیراو ڕاپێچی زیندانی ئەو ئیدارەیە لە شاری مەهاباد کراو کەوتە بەر ئەشکەنجەو جەزرەبەو پاش ئازارو ئەشکەنجەیەکی زۆر لە بە ناو دادگای شۆڕش دا ٣ ساڵی زیندان بۆ بڕایەوە. ساڵێك لە زیندانی‌یەکەی تێپەڕیبوو کە بە هۆی ئەشکەنجەو لە برق دانی سەری تووشی نەخۆشی‌یەکی کوشندە بوو. ڕێژیم بۆ چارەسەری نەخۆشی‌یەکەی تەنیا ٤٨ سەعاتی ئیزن پێدابوو. لەحاڵێك دا لە نەخۆشخانە سەریان عەمەل کردبووو بە بڕیاری دوکتوورەکان دەبووا ٢ مانگ لە نەخۆشخانە بخەوێ، بەڵام ئیدارەی ئیتلاعاتی ڕێژیم دوای ئەو ٤٨ سەعاتە بۆ زیندانیان ڕاگواستەوە. ئەمە بوو بە هۆی خراپتربوونی وەزعی جیسمانیی کاوەو بۆیە جارێکی دیکەش نەخۆشی‌یەکەی سەری هەڵدایەوەو دیسان عەمەل کرایەوە. بەڵام ئەمجارەش بەر لە چاکبوونەوەی لە کونجی زیندانیان پەستاوتەوە. بەهۆی هەڵسوکەوتی دژی ئینسانیی ئیدارەی ئیتلاعات بارودۆخی ناوبراو ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ بەرەو خراپی ڕۆیشت. کاوە عەزیزپوور نزیك بە مانگێك بوو لە نەخۆشخانە لە حاڵەتی کۆما دابوو تا سەرەنجام شەوی ٢٦ی بانەمەڕ (١٥ لەسەر ١٦ مای ٢٠٠٨) گیانی لە دەست داو چووە نێو ڕیزی قوربانیانی ئەشکەنجەی کۆماری ئیسلامی‌یەوە.

بە لە دەست دانی کاوەی عەزیزپوور حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەندامێکی چالاك‌و ئەرکناسی لە شاری مەهاباد لە دەست دا. خۆڕاگری‌و وەفاداریی کاوەی عەزیز پوور لە زیندان‌و لەژێر ئەشکەنجەدا هەتا هەتایە لە بیرو زەینی هاوڕێ‌و هاوسەنگەرانی‌دا دەمێنێتەوە. هەر بەم بۆنەیەوە سڵاو دەنێرین بۆ خۆڕاگریی‌و وەفاداریی زیندانییە سیاسییەکانی دیکە.

٢

# بڕیارنامەی کۆنگرەی چاردەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان

## (١٦ تا ٢٤ی ڕەشەمەی ١٣٨٦ی هەتاوی)

## (٦ تا ١٤ی مارسی ٢٠٠٨)

**بەشی یەکەم**

**١ـ لە سەر مەسەلەی کورد:**

کۆنگرەی چاردەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە خۆشحاڵیو هیواوە دەڕوانێتە ئەو ئاڵوگۆڕانە کە لە پێوەندی لەگەڵ مەسەلەی کورددا روویان داوە. لەو پێوەندییەدا:

أ: بەرەسمی ناسرانی مافەکانی نەتەوەی کورد لە باشووری کوردستان لە چوارچێوەی عێراقێکی دێموکراتیکی پلۆرالیستیو فیدراڵدا بە دەسکەوتی هەموو نەتەوەی کورد دادەنێو بە ئەرکی هەموو هێزە وڵاتپارێزەکانی هەر چواربەشی کوردستان دەزانێ ئەوەی بۆ پاراستنو پەرەپێدانی ئەو دەسکەوتە دەکەوێتە سەرشانیان درێغیی لێ نەکەن. هەر لەو کاتەدا چاوەڕوانیی لە سەرۆکایەتیی کوردی باشوورو حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەیە کە ئەو بەشەی کوردستان بکاتە ماڵو پەناگاو جێ حەوانەوەی هەموو کوردێکی خەباتگێڕو ئەرکی خوی وەك دەسەڵاتێکی نەتەوەیی بەرامبەر بە هەمووان بەجێ بگەیەنێ.

ب: پیلانگێڕانی حکوومەتەکانی دەوروبەر، بەتایبەتی ئێرانو تورکیە بۆ بەشکست گەیاندنی ئەزموونی باشووری کوردستان بە توندی مەحکووم دەکاو بە ئەرکی هێزە هاوپەیمانەکانی نیشتەجێ لە عێراق دەزانێ پێش بەو پیلانگێڕانە بگرنو ڕێگا نەدەن لە وڵاتێکدا کە لە ژێر دەسەڵاتو پارێزگاریی خۆیان دایە، دوژمنانی ئازادیو دێموکراسیو مافەکانی نەتەوەی کورد دەست بدەنە کاری دوژمنانەو سەروەریی خاکی هەرێمی کوردستانو سەرانسەری عێراق پێشێل بکەن.

ج: لە بەرەوژوور چوونی وشیاریی سیاسیو نەتەوەیی لە نێو خەڵکی بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستاندا خوشحاڵەو هیوادارە ئەزموونی باشووری کوردستان ببێتە نموونەیەك بۆ چارەسەریی مەسەلەی کورد لە بەشەکانی دیکەش. کۆنگرە ئاواتەخوازە دەوڵەتانی حاکم بە سەر کوردستاندا لە ئەزموونی عێراق پەند وەربگرنو بەگرتنەبەری سیاسەتێکی واقیعبینانەو دێموکراتیزە کردنی وڵات هەم مافە دێموکراتیکەکانی خەڵکی ئەو وڵاتانە دابین بکەنو هەم مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد بەرەسمی بناسن. بەو ئاواتە کە خەڵکی کوردستان جارێکی دیکە لە پێناوی وەدەستهێنانی مافو ئازادییەکاندا ناچار نەبن پەنا بۆ دیفاعی چەکدارانە بەرنو مەنتیقو ئەقڵی سەلیم بەسەر پێوەندیی بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستانو حکوومەتانی فەرمانڕەوادا بۆ چارەسەریی ئاشتیخوازانەی ئەو مەسەلە ڕەواو ئینسانییە حاکم بێ.

**پێوانە بۆ باڵادەستیو گەورەتر بوونی ڕێکخراوێکی کوردستانی، تەنیا کارو تێکۆشانو حوزووری زیاتر لە مەیدانی تێکۆشان دایەو دواتریش سندووقەکانی دەنگدان بڕیار دەدەن کە هەر حیزبێك چ جێگەو پێگەیەکی لە کۆمەڵی کوردەواریدا هەیە.**

**٢ـ لەسەر ڕێگاچارەی مەسەلەی کورد لە ئێراندا:**

کۆنگرەی چاردەیەم بە پەیڕەوی لە سیاسەتی ئوسوولیو هەمیشەیی حیزبی دێموکرات باشترین ڕێگا بۆ چارەسەریی مەسەلەی کورد لە ئێراندا لە دیالۆگی جیددیو ئاشتیخوازانەدا دەبینێو پێکهێنانی سیستمێکی فیدراڵی بۆ چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتی لە ئێرانو ڕێکخستنی پێوەندیی نێوان نەتەوە جۆراوجۆرەکانی پێکهێنەری حەشیمەتی ئەم وڵاتە سیستمێکی گونجاو بۆ بەڕێوەبەری دەزانێ. ئەمە باشترین ڕێگایە کە دەتوانێ هەم مافو ئازادییەکانی هەموو پێکهاتەکانی ئەم وڵاتە دابین بکاو هەم یەکپارچەیی خاکی ئێران لەسەر بناخەی پێکەوە ژیانی داخوازانەی گەلانی ئەم وڵاتە بپارێزێ.

کۆنگرە لەو باوەڕە دایە کە ئەگەر دەسەڵاتدارانی ئێران مل بۆ داخوازی ڕەوای نەتەوە بندەستەکانی ئەم وڵاتە ڕانەکێشن هەقی بێ ئەملاو ئەولای ئەو گەلانەیە هەموو شێوەیەکی ڕەوای خەبات بۆ گەیشتن بە ئامانجە لەمێژینەکانیان بگرنە بەرو، هەر دەرفەتێك بۆ سەر خستنی ئەو خەباتە بەرهەقە بقۆزنەوە. کۆنگرەی چاردەیەم هاوکاریو هاوخەباتیی هێزە نیشتمانییەکانی سەرانسەری ئێران بۆ گۆڕینی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیو سەقامگیرکردنی ئازادیو دێموکراسی بە تەنیا ڕێگای دروست دەزانێو بە تایبەتی لە سەر هاوخەباتیی هێزە نیشتمانییەکانی سەر بە گەلانی زۆر لێکراوی ئێران لە پێناوی بەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانیاندا پێ دادەگرێ.

**٣ـ لەسەر وەزعی ئۆپۆزیسیۆنی کورد:**

پەرشو بڵاویی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کورد، لەکۆنەوە جێگای ناڕەزایی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بووە. ئەم دواییانە لەت لەتبوونی حیزبو ڕێکخراوە کوردییەکانیشی هاتۆتە سەر کە بەتایبەتی لەتبوونی حیزبی دێموکرات زەبرێکی گەورەی لە کۆشکی هیواو هومێدی خەڵك داوەو بەجیددی تووشی نیگەرانیو دڵساردیی کردوون. نابێ لە خۆمان بگۆڕین کە ئەگەرچی هەردوو لەتی حیزبی دێموکرات لە زۆربەی بوارەکانی تێکۆشاندا لە جاران چالاکترن، بەو حاڵە متمانەو هومێدی خەڵکی کوردستان بەم حیزبە(یان ئەم حیزبانە) کەمتر لە جارانە. لەو پێوەندییەدا ڕێبەرایەتیی تازەی هەڵبژێراوی کۆنگرەی چاردەیەم، لە سەریەتی:

أـ هەرچی لە دەستی دێ بۆ لێك نیزیکبوونەوەی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کورد بە کاری بێنێو لە هێنانە گۆڕی داخوازی وا کە پێك گەیشتنی حیزبو ڕێکخراوە کوردستانییەکان وەدرەنگ بخا بە تەواوی خۆ بپارێزێ. بۆ پێکهاتنی هاوپەیمانییەك دەبێ هیچ هێزێکی ناسراوی کوردستانی پەراوێز نەخرێ، مەگەر یەکێك، بۆخۆی لەگەڵ بەرنامەی جێگای پەسندی زۆربەی هێزەکان نەگونجێ. هەروەها هیچ هێزێك نابێ داوای هێژموونیی تایبەتی بکا. پێوانە بۆ باڵادەستیو گەورەتر بوونی ڕێکخراوێکی کوردستانی، تەنیا کارو تێکۆشانو حوزووری زیاتر لە مەیدانی تێکۆشان دایەو دواتریش سندووقەکانی دەنگدان بڕیار دەدەن کە هەر حیزبێك چ جێگەو پێگەیەکی لە کۆمەڵی کوردەواریدا هەیە.

ب ـ لە پێوەندی لەگەڵ هاوسەنگەرانی پێشوومانداا حیزبی دێموکراتی کوردستان دەبێ هەروا سیاسەتێکی نەرمو مەنتیقیو بەرپرسانەی هەبێ. نابێ هیچ دەرفەتێك بۆ بەرقەراربوونی پێوەندییەکی سالمو دۆستانەو هاوکاریی دووقوڵی لەگەڵیان لە دەست بدا. هەر لەو کاتەدا هەر وەخت دەرەتانی یەکگرتنەوەی ئەو دوولایەنە بە پێی پرنسیبی جێگای پەسندی هەردوولا پێك بێ، حیزبی دێموکراتی کوردستان نابێ هیچ دوو دڵییەکی، لەو کارە خەڵك پەسندەدا هەبێ.

**٤ـ لەسەر ململانەی کۆماری ئیسلامیو کۆمەڵگای نێونەتەوەیی:**

کۆنگرەی چاردەیەم بە سەرنجو بایەخەوە دەڕوانێتە ئەو ڕاستییە کە کۆماری ئیسلامی بە هۆی:

أـ سەرکوتی ئازادیخوازانو هێزە دێموکراتو پێشکەوتووەکانی نێو خۆی وڵات،

ب ـ سەرکوتو لە ژێر فشارنانی پێکهاتە نەتەوەییەکانو پەیڕەوانی ئاینو مەزهەبە جیاوازەکان،

ج ـ پشتیوانی لە دەستەو تاقمە تیرۆریستییەکانو ناردنی تیرۆریزم بۆ دەرەوەی وڵات،

دـ هەوڵی دەست ڕاگەیشتن بە چەکی ئەتۆمیو هاوکاری نەکردنی ڕاستبێژانە لەگەڵ ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمیو ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان،

هـ ـ دژایەتی کردنی ڕەوتی ئاشتیو ئاژاوە ساز کردن لە وڵاتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستو جیهانی ئیسلام، کەوتۆتە، بەربەرەکانێیەکی مەترسیدار لەگەڵ بیروڕای گشتیی نێوخۆو دەرەوەی وڵاتو کۆمەڵگای نێونەتەوەیی، بەربەرەکانێیەك کە دوور نیە ئێران لەگەڵ ڕووبەڕوو بوونەوەیەکی ماڵوێرانکەر بەرەو روو بکا.

لەو پێوەندییەدا کۆنگرە هەموو سیاسەتە دژی گەلییەکانی کۆماری ئیسلامی بە زیانی گەلانی ئێرانو ئاشتیو ئازادی لە ناوچەدا دەزانێو مەحکوومیان دەکا، و هەر لەو کاتەدا حیزبی دێموکرات، خۆی لە بەرەی ئاشتیو ئازادیو دێموکراسی لە نێو خۆی ئێرانو ناوچەو جیهاندا دەبینێ. کۆنگرە پشتیوانی لەو هەوڵانە دەکا کە بۆ پێشگیری لە بەرنامە ئەتۆمییەکانی کۆماری ئیسلامی لە ئارا دانو هیوادارە ڕێگا بەو ڕێژیمە نەدرێ ئێرانو ناوچەکەمان تووشی شەڕو قەیرانو مەرگو ماڵوێرانی بکا.




دریژەی

## ڕاگەیەنراوی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حدك سەبارەت بە شەهید بوونی کاوە عەزیزپوور

هاونیشتمانانی بەڕێز!

خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان!

نزیکەی ٣٠ ساڵ دەسەڵاتی جەهەننەمی کۆماری ئیسلامی دەبێ ئەوەی سەلماندبێ کە ئەو ڕێژیمە ئامادە نیە گۆڕانێك لە هەڵسوکەوتی خۆی لەگەڵ موخالیفانو ئازادیخوازانی وڵات دا پێك بێنێ. سێ دەیە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی سەلماندوویەتی نە ئەو ڕێژیمە دەست لە ئەشکەنجەو جینایەتەکانی لە کوردستان دا هەڵ دەگرێو نە خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان واز لە وەدیهێنانی مافە ئینسانیو نەتەوایەتییەکانیان دێنن. تا ئەم ڕێژیمە لەسەر کار بێ بە داخەوە دەبێ شاهیدی ئەشکەنجەو ئیعدامو لەدەست دانی ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمان بین.

بەڵام سەرەڕای ئەمەش سێ دەیەی رابردوو بەتایبەتی دەیەی دوایی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی نیشانی داوە هەرکات خەڵك لە دژی ئەم ڕێژیمە یەکگرتووو هاودەنگ بوون دەنگی ناڕەزایەتیو ئیعترازیان بەرز کردۆتەوەو کۆمەڵانی خەڵك لە بەرامبەر یەکتردا هەستیان بە بەرپرسایەتی کردوەو لە بەرامبەر ڕووداوی لەم چەشنەدا بێ تەفاوەت نەبوون، ڕێژیم پاشەکشەی کردوەو هەزینەی خەباتو تێکۆشانیان کەمتر بۆتەوە، ئەگەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە بەرانبەر ئەم جینایەتانەدا لەگەڵ بێ دەنگیو بێ تەفاوەتیی کۆمەڵانی خەڵك بەرەورووبێ، ئاسانتر دەتوانێ ماشێنی ئەشکەنجەو ئیعدامی خۆی وەگەڕ بخا.

بە نیشاندانی ئیعتراز، بە دەربڕینی نەفرەتو بێزاری لە کردەوەکانی ڕێژیمو بە هاودەردیو هاوخەمی لەگەڵ قوربانیانی ئەشکەنجەی جەللادەکانی کۆماری ئیسلامی، پێش بە پەرەگرتنی زیاتری ڕەوتی ئەشکەنجەو ئیعدام بگرن.

کۆڕو کۆمەڵەکانی لایەنگری مافی مرۆڤ!

کاوەی عەزیزپوور لە حاڵێك دا بەهۆی ئەشکەنجەی جەللادەکانی کۆماری ئیسلامی گیانی لەدەست داوە کە ژمارەیەکی زۆر لە چالاکانی مەدەنی، ڕۆژنامەنووسو ناڕازیانی دیکە لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی دانو لە بارودۆخێکی دژواردا بەسەر دەبەن. ژمارەیەك لەوانە حوکمی ئێعدامیان بۆ دەرکراوەو گیانیان لە مەترسی دایە. داوا لە کۆڕو کۆمەڵەکانی مافی مرۆڤ دەکەین بە فشار هێنان بۆ سەر کۆماری ئیسلامیو بە دەربڕینی ڕەخنەو ناڕەزایەتی لەو بارودۆخە پێش بە کارەساتی لەم چەشنە بگرنو پێشێل کرانی مافی ئینسانەکان ئاوا بە ئاشکراو بەربڵاوی لە کوردستان دا تەحەممول نەکەن.

کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی لە دەست دانی هاوڕێ کاوە عەزیزپوور سەرەخۆشی لە بنەماڵە سەربەرزەکەیو خەڵکی خەباتگێڕو نیشتمانپەروەری مەهابادو هەموو خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان دەکا.

ـ نەمری بۆ گیانی کاوەی عەزیزپوور

ـ مردنو نەمان بۆ ڕێژیمی ئینسانکوژی کۆماری ئیسلامی

کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی
حیزبی دێموکرات کوردستان
١٣٧٨/٢/٢٧
٢٠٠٨/٥/١٦

**هەوڵەکانمان بۆ گۆڕینی دیموکراتیك لەنێو حیزبو کۆمەڵ بخەینە گەڕ**

# هەواڵەکان

## چالاکی تێکۆشەرانی ڕێکخستنی نهێنی

ڕێکەوتی ٢٤ی بانەمەڕ تێکۆشەرانی ڕێکخستنی نهێنی وڵات لە شاری پاوە لەو شوێنانەی خوارەوە بەشێوەیەکی بەرین چالاکی تەبلیغاتی‌یان نواند:
بیهداری، زۆربەی مەدرەسەکانی پاوە، پشتی ئیدارەی ئیتلاعاتو پارکی شار.

## شاندێکی ناوەندی ٣ی حیزب سەردانی مەڵبەندی ١٨ی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانی کرد



ڕێکەوتی ٢١ی بانەمەڕ شاندێکی ناوەندی ٣ی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بەرپرسایەتی عومەر شاداب سەردانی مەڵبەندی ١٨ی یەکیەتیی نیشتمانی کردو لەلایەن بەرپرسانی ئەو مەڵبەندەوە پێشوازیی لێ کرا.
شایانی گوتنە لەو دانیشتنەدا ئاکامی کۆنگرەی ١٤و ئاڵوگۆڕەکانی باس کرانو هەروەها تیشك خرایە سەر دۆخی کوردو پلانی هاوبەشی دوژمنانی کورد بۆ لەباربردنی دەسکەوتەکانی کورد لە ناوچەدا.

## هیوا بوتیمار لەلایەن دادوەری دۆسیەکەیەوە ئەشکە نجەی ڕۆحی دراوە

**چالاکی مەحکووم بە ئێعدام هیوا بوتیمار لەلایەن دادوەری دۆسیەکەیەوە لە گرتووخانەی ناوەندی مەریوان دا سەرەڕای خراپ بوونی باری تەندرووستی، ئەشکەنجەی ڕۆحی دراوە.**

هیوا بوتیمار چاکی مەدەنی مەریوانی کە بە ئێعدام مەحکووم کراوە لەلایەن دادوەری دۆسیەکەیەوە ئازارو ئەشکەنجەی ڕۆحی دەکرێ سەرەڕای ئەوەی کە هەواڵەکان، ڕەوشی نالەباری تەندروستی ناوبراو پشت ڕاست دەکەنەوە. تاقی کاری‌یە پزیشکی‌یەکان نیشان دەدەن ناوبراو تووشی نەخۆشی تەنگەنەفەسی (ئاسم)و وەرینی مووی سەر بووە کە



ئەوەش دەرخەری گوشاری ڕەوانی‌و هەروەها ئاسەواری مانگرتن لە خواردنە کە لەبەر هەلومەرجی نالەباری زیندانو خراپی هەڵسوکەوتی بەرپرسان ماوەیەکی زۆر مانی لە خواردن گرتبوو.

بوتیمار لەلایەن لکی یەکەمی دادگەی شۆڕشی مەریوانەوە بە سەرۆکایەتی "حامید سوڵتانبخش" بە ئێعدام مەحکووم کرا. ئەگەرچی حوکمی ئێعدامەکەی لەلایەن لکی ٣٢ی دیوانی بەرزی وڵاتەوە بە هۆی نەبوونی بەڵگەی پێویست ڕەت کرایەوە. بەڵام سەرەڕای نارەزایەتییە جیهانی‌یەکان لە دادگەی پێداچوونەوەدا دیسان بە ئێعدام مەحکووم کرایەوە.
هەروەها پێویستە بگوترێ بنەماڵەی، ناوبراو بۆ چاوپێکەوتنی حەوتووانە پێویستیان بە ڕەزایەتیی سوڵتانبەخش دادوەری دۆسییەکە هەر جارەی خەرجێکی زۆریان دەکەوێتە سەرشان.

## فەرشاد دوستی پوور، چالاکی خوێندکاریی کورد دەستبەسەر کرا

فەرشاد دوستی پوور چالاکی خوێندکاریی کوردی دانیشتووی شاری ئەیوانی ڕۆژئاوا لە یەکێك لە شەقامەکانی نێو شار لەلایەن هێزە لیباس شەخسی‌یەکانەوە گیراو ڕەوانەی شوێنێکی نادیار کرا. بە وتەی بنەماڵەی ناوبراو لەرێگەی نەخۆشخانەدا دەسگیر کراوە ، پێویستە بگوترێ فەرشاد هەواڵی بە تاوانی ئەوەی ئاڵۆزییەکانی ئەم دواییانەی ئەیوانی ڕۆژئاوا کە بەدوای هەڵبژاردنەکانی خولی هەشتەمی مەجلیسی شورای ئیسلامی سازبوو، دەگەیاندە میدیاکانو لەگەڵ چەندین بڵاوکراوە وتووێژی کردوە گیراوە. هەروەها



ناوبراو ڕۆژی "خوێندکار" لە زانکۆی تاران قسەی بۆ ئامادەبووان کرد کە بەو هۆیەوە ٥٥ ڕۆژ لە گرتووخانەی ئێوین زیندانی کراو دواتر بە بارمتەی ٥٠ میلیۆن تمەن ئازاد کرا. وێدەچێ ئەم جارە هۆکاری دەستبەسەرکرانی پێوەندی بە لێدوانو بەدواداچوونی ئاڵۆزییەکانی چەند حەوتووی ڕابردووی ئەیوانی ڕۆژئاواوە هەبێ.

## ئیدارەی ئیتلاعات مادەیەکی هۆشبەری نوێ لە کوردستان بڵاو دەکاتەوە

بەپێی هەواڵێك کە لە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو لە شاری مەهابادەوە بە" کوردستان" گەیشتووە ماوەیەك لەمەوبەر ئیدارەی ئیتلاعات گەڵاڵەی پیلانی نوێی بۆ لە خشتەبردنی لاوانی کورد دارشتو ئێستا ئەم گەڵاڵەیە کەوتۆتە بواری جێبەجێ کردنەوە. بەپێی ئەم پیلانە مادەی هۆشبەری "ترامادۆڵ" کە لە جۆری هەرە مەترسیدارە بە شێوەیەکی بەربڵاو لەنێو لاوان دا بڵاو دەکرێتەوە. بۆ جێبەجێ کردنی ئەم پیلانە لە کۆمەڵێك لاوی تووشبوو بە مادە سڕکەرەکانەوە کەڵك وەردەگیرێ. بە جۆرێك کە ئیتلاعات بە خۆڕایی ئەو مادە هۆشبەرانە بە لاوە تووشبووەکان دەدا بە مەرجێك کە ئەوان بتوانن لەنێو لاوانی دیکە بڵاو بکەنەوە.

## کۆچی دوایی دایکێکی دڵسۆز لە شاری مهاباد

ڕۆژی یەکی مانگی مەی دایکە" مریەم محەممەدپوور" دایکی پێشمەرگەی دێرینی حیزبەکەمان کاک سماییل ئەقدەم ناسراو بە " سماییلە چکۆل "لە تەمەنی ٦٨ ساڵی دا بە نەخۆشی شێرپەنجە کۆچی دوایی کرد و ماڵ ئاوایی لێ کردین.
دایکە مریەم و بنەماڵەی بەڕیزیان لە ڕیزی ئەو بنەماڵە شۆڕشگێرانە دا بوون کە بە درێژایی ٣ دەیەی ڕابردوو پشت و پەنای شۆڕشی گەلی کوردستان و حیزبی دیموکراتی کوردستان بوون. کەم جێگای کوردستانی ڕۆژهەڵات هەیە کە دایکە مریەم بۆ دیتنی کوڕە پێشمەرگەکەی ڕووی تێ نەکردبێت. ئەو دایکە دڵسۆزە بە دەیان جار لە لایەن پیاوانی ڕژیمی کۆنە پەرستی کۆماری ئیسلامییەوە گیرا و ڕاپێچی بەندیخانە کرا، ئەشکەنجە و ئازار درا، بەڵام سەرەڕای ئەو هەموو چەرمە سەرییە ئامادە نەبوو بۆ تاکە ساتێک پشت لە کوڕە پێشمەرگەکەی و ڕێبازە پیرۆزەکەی بکات .
ئێمە لە لایەن خۆمان و گشت هاوڕێ و هاوبیرانی کاک سماییلەوە سەرەخۆشی گەرمی خۆمان ئاراستەی بنەماڵەی بەڕێزی و هاوڕێی ئازیزمان کاک سماییلە چکۆل دەکەین و خۆمان لە کەسەری لە دەست چوونی دایکی بەڕێزیاندا بە شەریک و بەشدار دەزانین.

## پەروین ئەردەڵان بە دوو تا سێ ساڵ زیندانی هەڵپەسێردراو ( تعلیقی ) مەحکووم کرا

پەروین ئەردەڵان، براوەی خەڵاتی ئۆلاف پالمەو چالاکی ژنانو ئەندامی کەمپەینی یەك میلیون واژۆ بە تاوانی پێکهێنانی کۆڕو کۆبوونەوەی نایاسایی‌و نافەرمانی لە بەرانبەر پۆلیسداو تەناهی وڵات بە پێی مادەی٦١٠ یاسای سزاکانی ئیسلامی‌و لەبەر چاو گرتنی مادەی ٢٥ی ئەو یاسایە بە دوو تا سێ ساڵ زیندانی هەڵپەسێردراو لەلایەن لکی ٣ی دادگای شۆڕی ئیسلامی‌یەوە مەحکووم کرا. بە پێی ئەو حوکمە ئەگەر تۆمەتباران لەو ماوەیەدا تووشی لادانی دیکە بن ئەوا حوکمەکەیان



بەرێوە دەچێ.
پێویستە بوترێ ناوبراو ڕۆژی ١٣ی ڕەشەمەی ١٣٨٧ لەگەڵ ٣٢ چالاکی ژنی دیکە لە بەرانبەر دادگا دەستبەسەر کرانو هەروەها چەند ساڵە بە بیانووی جۆراوجۆر ئیجازەی چوونە دەرەوەی پێنادرێ.

## شەش کەس لە ڕێبەرانی بەهایی دەسبەسەر کران

**ڕۆژی چوارشەمۆی ڕابردوو شەش کەس لە ڕێبەرانی بەهایی بە شێوەیەکی بەرنامە دارێژراو دەسبەسەرو ڕەوانەی بەندیخانەی ئێوین کران.**
ڕۆژی چوارشەممە (٢٥ی بانەمەڕ) ڕابردوو هێزە ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی بە شێوەیەکی بەرنامە داڕێژراو ٦کەس لە ڕێبەرانی کەمینەی بەهاییان دەسبەسەر کردو راپێچی بەندیخانەی ئێوینیان کردن.
ئەو ٦ کەسە کە بریتین لە فەریبا کەماڵ ئابادی، جەماڵ ئەددین خانجانی، عەفیف نەعیمی، سەعید ڕەزایی، بێهروز تەوەکولی‌و وەحید تیزفەهم، لە چالاکانی بواری دابین کردنی مافە بنەرەتییەکانی بەهاییەکانن. جێی وەبیر هێنانەوەیە کە لە سەرەتای ئەم مانگە دا یەکێکی دیکە لە ڕێبەرانی بەهاییەکان بە بیانووی ئەوە کە تەنیا چەند پرسیاری ئاسایی لێ دەکرێ، بانگهێشتی ئیدارەی ئیتلاعاتی مەشهەد دەکرێ‌و هەر لەوێ دەسبەسەرو ڕەوانەی گرتووخانەی ئەو شارە دەکرێ. هەر لەو دەمەوە تا ئێستا هیچ زانیارییەك سەبارەت بە چارەنووسی لە بەردەست دانییە.
دەسبەسەر کردنی بە کۆمەڵی ڕێبەرانی بەهایی، کۆمەڵگای بەهاییەکانو چاودێرانی مافی مرۆڤی بە توندی نیگەران کردووەو گوشارەکانی ساڵی ١٩٨٠ وەبیر هێناونەتەوە کە لەودا کۆمەڵێك لە ڕێبەرانی ئەو کەمایەتییە دەسبەسەرو پاشان ئێعدام کران.
شایانی باسە هەر لە هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامیەوە تا ئێستا زیاتر لە ٢٠٠ بەهایی ئێعدام کراون کە زۆربەی ئەو ئێعدام کراوانە لە چالاکانی بواری دابین کردنی مافە بنەڕەتییەکانی بەهاییەکان بوون.

## کەبوودوەند سەرۆکی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان بە تۆمەتی سیاسی دادگایی دەکرێ

**محەمەد سەدیق کەبوودوەند سەرۆکی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان بڕیارە ڕۆژی سێشەمە ٣١ی بانەمەڕ بە تۆمەتی سیاسی دادگایی بکرێ**
بڕیارە ڕۆژی سێشەممە (ڕێکەوتی ٣١ی بانەمەڕ) مەحەمەد سەدیق کەبوودوەند سەرۆکی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان بە تۆمەتی سیاسی دادگایی بکرێ. کەبوودوەند بە تۆمەتی سەرۆکایەتی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان، پرۆپاکەندە کردن دژی سیستمی حاکم لە ڕێگەی دەرکردنی ڕاگەیەنراوی جۆراوجۆرو بڵاو کردنەوە درۆو شێواندنی ڕای گشتی بە بڵاو کردنەوەی هەواڵی دوور لە ڕاستی لە پێوەندی لە گەڵ مافی مرۆڤ دادگایی بکرێ.
پێویستە بگوترێ ناوبراو لە سەرەتای مانگی پووشپەری ساڵی ڕابردووەوە دەستبەسەرەو تاکوو ئێستا سێ جاران چۆتە دادگا بەڵام هەر جارەو لە بەر هۆکار گەلی جۆراوجۆر دانیشتنی دادگایی‌کرانی دواکەوتووە.

## بەڕێوەچوونی پرسەی کاوە عەزیز پوور لە بنکەی دەفتەری سیاسی حدك



کاتژمێر ١٠ی سەر لە بەیانیی ٢٨ی بانەمەڕ لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕێورەسمی پرسەو سەرەخۆشی شەهید کاوە عەزیزپوور بە بەشداری ئەندامانی ڕێبەری‌و سەدان کادرو پێشمەرگەو ئەندامانی حیزب بەڕێوە چوو.
لەو ڕێورەسمەدا کە بە بەشداری ئەندامانی ڕێبەری‌و سەدان کادرو پێشمەرگەو ئەندامانی حیزبی دێموکرات بەڕێوە چوو، قادر وریا ئەندامی دەفتەری سیاسی وێڕای دەربڕینی هاوخەمی‌و پرسەو سەرەخۆشی حیزبی دێموکرات لەگەڵ بنەماڵەو کەس‌و کاری کاك کاوە، باسێکی کورتی سەبارەت بە چۆنیەتی شەهید بوونی ئەو هاوڕێ جوانەمەرگە پێشکەش کردو داوای لە خەڵکی کورد کرد کە لە بەرامبەر جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە لاوانی شۆڕشگێڕی کورد بێدەنگ نەبن با چی دیکە ئەو ڕێژیمە مرۆڤ کوژە نەتوانێ هەروا بە ئاسانی زیندانیانی سیاسی‌و لاوانی نیشتمان پەروەری کورد لەناو ببا.
قادر وریا بە وەبیرهێنانەوەی مەرگی دڵتەزێنی ئیبراهیم لووتفوڵڵاهی خوێندکاری کوردی سنەیی کە لەژێر ئەشکەنجەی جەللادانی ئیدارەی ئیتلاعات چەند مانگ لەمەوبەر لە زیندانی سنەدا کۆچی دوایی کرد، وتی تاوانی ئەم لاوانە تەنیا نیشتمان پەروەری‌و هەوڵدان بۆ دابین کردنی مافە نەتەوەیی‌و ئینسانییەکانی گەلی کورد بوو.
لە درێژەی بەرنامەکانی ڕێورەسمی پرسەی هاوڕێ کاوە دا، پەیامی ئەنجوومەنی بەرگری لە زیندانیانی سیاسی کوردستان خوێندرایەوە ئەو ئەنجوومەنە لە پەیامەکەی خۆیدا وێڕای مەحکووم کردنی ئەم جینایەتە تازەیەی کۆماری ئیسلامی داوای لە کۆڕو کۆمەڵەکانی لایەنگری مافی مرۆڤ کرد کە بە لەقاودانی جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی ئەو ڕێژیمە هەرچی زیاتر لە ئاستی نێونەتەوەیی دا ریسوا بکەن.

## بە تاوانی پێوەندی بە ئۆپۆزیسیۆنی کوردەوە هاووڵاتییەك سێ ساڵ زیندانی بۆ بڕایەوە

کەماڵ خاکنەژاد هاووڵاتییەکی دانیشتووی مەهاباد لەلایەن دادگای شۆڕشی ئەو شارەوە بە تاوانی ئەندام بوون لە یەکێك لە حیزبە کوردییەکاندا بە سێ ساڵ زیندانی مەحکووم کرا. پێویستە بگوترێ ناوبراو پێشتر لەلایەن دادگای گشتی سەردەشتەوە بە هۆی سنوور بەزاندن بە ٤ مانگ زیندان مەحکووم کرابوو.

## هاوولاتیەکی مەهابادی بە ساڵێك زیندان مەحکووم دەکرێ

**دادگای شۆڕشی مەهاباد هاووڵاتی خدر دەشتی بە تاوانی هاوکاریی لە گەڵ پارتێکی ئۆپۆزیسیون بە ساڵێك زیندانی مەحکووم کرد**
خدر دەشتی هاووڵاتیی مەهابادی لەلایەن دادگەی شۆرشی ئەو شارەوە بە تۆمەتی هاوکاریی لەگەڵ پارتێکی ئۆپۆزیسیونی کوردی بەساڵێك زیندان مەحکووم کرا. ناوبراو پێشتر لەلایەن دادگەی گشتی سەردەشتەوە بە تاوانی سنوور بەزاندن بە ٤ مانگ زیندان مەحکووم کرا بوو. شایانی باسە چەند ڕۆژێکە دادگەی شارە کوردییەکانی ڕۆژهەڵات هەر ڕۆژە بە بیانوویەك حوکمی بەندکردن بە سەر خەڵك دا دەسەپێنن.

# دیدارو چاوپێکەوتنەکانی وتەبێژی کومیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە ڕۆژهەڵاتی کانادا



ڕۆژی هەینی (٢ی مەی ٢٠٠٨) کاك خالید عەزیزی وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستان ویڕای ئەندامانی کومیتەی ناوەندی ڕۆژهەڵاتی کاناداو کومیتەی تۆرۆنتۆی حیزب چاویان بە پارلەمانتاری کانادا کاری جۆنی (karygiannis) سەر بە پارتی لیبڕاڵ کەوت. لەو دیدارەدا وەزعییەتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، مافی مرۆڤو ئازادییە دێموکراتیکەکانو بزووتنەوە مەدەنییەکان لە ئێران دا تاوتوێ کرانو لەسەر پەرەپێدانی پێوەندی دۆستانە پێداگیرایەوە.

شایانی باسە شاندی ناوبراو هەروەها چاوی کەوت بە بەڕێز دوکتور ڕەزا موریدی نوێنەری پارلەمانی هەرێمی ئۆنتاریۆ. لەم دیدارەشدا کە ١ سەعاتی خەیاند د. ڕەزا مەردیدی سوپاسی هەیئەتی حیزبی کردو پاشان لەگەڵ کاکە خالید باسێکی تێرو تەسەلی لەسەر فەرهەنگی پێکەوە ژیانو پێکەوە هەڵکردنی گەلان لە سیستمێکی فیدراڵی دا کرد. لەم دیدارەدا کاك خالید پێشنیاری کرد کە هەوڵ بدرێ ئەم کولتووره ببێتە کولتووری باوو زاڵ لەنێو ئێرانییەکانی کاناداو بەتایبەتی شاری تۆرۆنتۆ، هەروەها ئاماژەی بەوە کرد کە دەکرێ بە پێکهێنانی سمینارو کۆبوونەوە لەم شارەدا بۆ هەرچی لێك نزیك بوونەوەی ئێرانییەکان بە هەموو نەتەوەکانەوە هەوڵ بدرێ.

لە چاوپێکەوتنێك دا بەڕێزان: عەبدوڵلا سەیدا، برایم جەهانگیری، کەریم ئەفسەر، هوشەنگ ڕەشیدی، برایم خزری لە کومیتەکانی ڕۆژهەڵاتی کاناداو تۆرۆنتۆی حیزب بەشدار بوون.

# ڕۆژهەڵاتی کانادا : کۆڕێك سەبارەت بە ئاکامەکانی کۆنگرەی ١٤



ڕۆژی شەممە (٣ی مەی ٢٠٠٨) لە شاری تۆرۆنتۆی کانادا لەلایەن کومیتەی ڕۆژهەڵاتی کاناداوە سەبارەت بە ئاکامی کۆنگرەی ١٤ کۆڕێك بۆ کاك خالید عەزیزی پێك هات. لەو کۆڕەدا کە دەیان کەس لە ئەندامانو دۆستانو لایەنگرانی حیزبو ڕێکخراوە سیاسییە کوردستانییەکان بەشداربوون ناوبراو تیشکی خستە سەر ئاڵوگۆڕەکانی بەرنامەو پێڕەوی نێوخۆی حیزبو باسێکی تێرو تەسەلیشی لەسەر وەزعی ئێرانو ناوچەو پێشکەش کرد. پاشان ئامادەبووان بە پرسیارو بۆچوونەکانیان بەشداری سیمینارەکەیان کرد.

# ئاڵمان فرانکفۆرت : لە کۆڕێك دا ئاکامەکانی کۆنگرەی ١٤ کەوتە بەر باس



ڕۆژی شەممە (٢٠٠٨/٥/٣) کومیتەی ئاڵمانی حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆڕێکی لە شاری فرانکفۆرت لەسەر ئاکامەکانی کۆنگرەی ١٤و ڕوانگەی حیزب سەبارەت بە پرسە سیاسییەکانی ناوچەو ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ کاك مستەفا شەڵماشی ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزب پێك هێنا. لەو کۆڕەدا نوێنەری چەندین حیزبی کوردستانیو ئێرانیو بەشێکی بەرچاو لە کوردانی دانیشتووی فرانکفۆرتو دەوروبەر بەشداریان هەبوو. لەم کۆڕەدا بەڕێز مستەفا شەڵماشی لەگەڵ ئاوڕدانەوەیەکی کورت بە ڕابردوو، بە وردی شێوەی ئامادەکارییەکانو چەندوچۆنیو ئاکامەکانی کۆنگرەی ١٤ی بۆ بەشداربووان هێنایە بەرباس. کاك مستەفا لە بەشێك لە قسەکانی دا ئاماژەی بەوە کرد کە لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێ ڕێگای دیالۆگو لێكنیزیك بوونەوە بگرنە پێشو سەردەمی هەژموونی خوازی ڕێکخراوەیی بەسەر چووەو تەنیا زەمینەی هاوکاریی هێزە سیاسییەکانو بە هێند گرتنی بیروڕای خەڵکی کوردستان دەتوانێ جووڵانەوەی نەتەوایەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرەوپێش بەرێ.

لە بەشی دووهەم دا بەشێکی زۆر لە بەشدارانی کۆڕەکە راو بۆچوونی خۆیان لەسەر کۆنگرەی ١٤ی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەربڕیو کۆمەڵێك پرسیاری گرینگو پێوەندیدار بە کۆنگرەیان هێنایە بەرباس کەلەلایەن کاك مستەفا شەڵماشییەوە وەڵامیان درایەوە.

# واشینگتۆن : پێکهێنانی کۆڕێکی سیاسی بۆ وتەبێژی کومیتەی ناوەندی حیزب

لە درێژەی سەردانەکە وتەبێژی کومیتەی ناوەندی حیزبی دێموکرات کوردستاندا بۆ دەرەوەی وڵات ڕێکەوتی٨ی مەی ٢٠٠٨ کۆڕێکی سیاسیی بە بەشداریی ئەندامانو لایەنگرانو دۆستانی حیزب لە هەرێمە جۆراوجۆرەکانی ئەمریکا پێك هێنا.

لەم کۆڕەدا کە لە شاری واشینگتۆن بەڕێوەچوو بەڕێز خالید عەزیزی سەرەتا تیشکی خستە سەر مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانو ئەم ناکۆکیو قەیرانەی لەتبوونی ریزەکانی حیزبی لێ-کەوتەوەو بە ڕوونبێژییەوە ئاوڕی لە هۆکارەکانی لەتبوون دایەوە.

وتەبێژی کومیتەی ناوەندی حیزب لە تەوەرێکی دیکەی باسەکەیدا باسی لە بارودۆخی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات کردو لەسەر پێویستی کۆتاییهاتن بە ڕەوتی لێکدابڕانو پەرتەوازەیی ئەو هێزانەو پێکهاتنی کۆدەنگییەك لە نێوانیاندا پێی داگرت. ناوبراو بەشی کۆتایی باسەکەیدا گۆڕانکاریو تایبەتمەندییەکانی کۆنگرەی ١٤ی خستە بەرباس.

# نۆروێژ: شاندەکانی حدكو کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان کۆبوونەوەیەکیان پێك هێنا

بە مەبەستی گۆڕینەوەی بیروڕا سەبارەت پرسی کوردو کۆمەڵێك پرسی پێوەندیدار بە هاوکاریو لێك نزیك بوونەوەی هێزو لایەنە کوردستانییەکان ڕێکەوتی ١٠ی مەی شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانو کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان لە ئۆسلۆ کۆبوونەوە.

لەو کۆبوونەوەیەدا شاندی حیزب کە بریتی بوو لە بەڕێزان هاشم ڕۆستەمی، ئەحمەد نەقشیو خوسرەوی قادری سەبارەت بە ئاکامەکانی کۆنگرەی ١٤ی حیزبو هەوڵی حیزب بۆ لێك نزیك کردنەوەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان باسێکی پێشکەش کرد. دواتر شاندی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان کە پێك هاتبوو لە بەڕێزان سیروان کاوسی بەرپرسی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی کۆنگرەو سمکۆ عەلی سەبارەت بە بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستو پرسی کورد باسێکی پێشکەش کرد. لە کۆتایی دا لە کۆبوونەوەکەدا لەسەر پێویستی پێکهێنانی پلاتفۆرم یان کۆدەنگییەك لە نێوان حیزبو ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو بەهێزکردنی بیری نەتەوەخوازی پێیان داگرتەوە.

# چالاکێکی کورد حوکمی بەندکرانی بۆ دەرچوو

**دادگای شۆڕشی سەقز لاوێکی ئەو شارەی بە ناوی چیا عەبدوڵلاخانی بە تۆمەتی هاوکاری لە گەڵ حیزبە کوردییەکان بە ساڵێك زیندان مەحکووم کرد.**

بە پێی هەواڵی موکریان نیوز دادگەی شۆڕشی سەقز هاووڵاتییەکی سەقزی بە ناوی چیا عەبدوڵلاخانی بە تۆمەتی هاوکاریی لە گەڵ حیزبە کوردییەکان بە ساڵێك زیندانی مەحکووم کرد.

پێویستە بگوترێ ناو براو پێشتر بە تاوانی سنوور بەزاندن لە لایەن دادگەی گشتی سەردەشتەوە بە چوار مانگ زیندان مەحکووم کرابوو.

# دوو چالاکی کورد بە زیندان مەحکووم کران

دادگای شۆڕشی سنە بە جیا دوو چالاکی کورد بە ناوەکانی ماکوان میرزاییو فەردین موڕادی بە دوو ساڵ زیندان مەحکووم کردو بڕیاریشە ڕۆژی ١٧ی ئەم مانگە دانیشتنی دادگایی هانا عەبدی بەڕێوە بچێ.



ماکوان میرزایی خەڵکی گوندی "هوویە"ی ناوچەی سنە کە زیاتر لە سێ مانگە دەسبەسەر کراوە، لە دوایین دانیشتنی دادگادا بە ٢ ساڵ زیندان حوکم درا. ماکوان تا ئێستا چەندین جار لە لایەن هێزە ئەمنییەتییەکانی کۆماری ئیسلامییەوە بە تاوانی هاوکاری لە گەڵ هێزە کوردییەکان دەسبەسەر کراوە.

هەروەها لە دانیشتنێکی دیکەی دادگای شۆڕشی سنەدا، فەردین موڕادی بە هەمان تاوانی هاوکاری لە گەڵ پارتە کوردییەکان بە دوو ساڵ زیندانو دوور خرانەوە بۆ مەراغە مەحکووم کرا. فەردین ٦ مانگە دەسبەسەر کراوەو لەو ماوەیە مانگێکی لە زیندانی ئەمنیەتی‌دا بووەو پاشان بۆ بەندیخانەی سنە گوازراوەتەوە.

لەلایەکی ترەوە هانا عەبدی چالاکی بواری مافەکانی ژنان کە هەروا پتر لە ٧ مانگە لە بەندیخانە دایەو لە ژێر لێ پرسینەوەدا بووە ، بڕیارە ڕۆژی ١٧ی ئەم مانگە دادگایی بکرێ.

# چالاکێکی مەدەنی پاش ١١ ڕۆژ مانگرتن لە خواردن دادگایی دەکرێ

چالاکی مەدەنی، ئەنوەر حوسێن پەناهی کە خەڵکی گوندی قوریچای سەر بە ناوچەی لەیلاخی دێوڵانە، پاش ١١ ڕۆژ مانگرتن لە خواردن ڕۆژی ٢١ی بانەمەڕ لە نەخۆشخانەوە بانگهێشتی دادگای شۆڕشی شاری سنە دەکرێ. لە ڕەوتی دانیشتنی دادگاییەکە دادوەر کە کەسێك بەناوی عەلی بابایی دەبێ، پێی دەڵێ ئەگەر بێتوو هاوکارییان بکات، ئەوا لە سزاکەی کەم دەبێتەوە، بەڵام ئەنوەر داوای هاوکاری دادوەرەکە ڕەد دەکاتەوە.

لە لایەکی دیکەوە هاوکات لەگەڵ دەسبەسەرکرانی ئەنوەر خوشکێکی بەناوی پەروانەو کەسێکی دیکەی خەڵکی ئەو گوندە بەناوی ئەرسەلان دەسبەسەر دەکرێن. دەوترێ کە پەروانە حوسێن پەناهی پاش حەوتوویەك بە دانانی بارمتە ئازاد کراوە، بەڵام ئەرسەلان پاش حەوتوویەك لە زیندانی قوڕوەوە بۆ گرتووخانەیەك لە شاری سنە دەگوازرێتەوە کە تا ئامادەکردنی ئەم هەواڵە هیچ زانیارییەکی دیکە لەسەر چارەنووسی ئەرسەلان لەبەر دەستدا نییە.

# بریندار بوونی سێ کاسبکار لەلایەن هێزەکانی سوپای پاسدارانەوە

هێزەکانی سوپای پاسداران لە سەڵماس لە چەند حەوتووی رابردوودا گوشارەکانیان بۆ سەر دانیشتوانی سەر سنوور بە تایبەت کاسبکاران پەرەی سەندوە بە پێی دوایین هەواڵ سێ کاسبکار بە تەقەی ئەو هێزانە بریندار دەبن.

هێزەکانی سوپای پاسداران ڕۆژی هەینی (٢٠ی بانەمەڕ) تەقەیان لە کاسبکاران کردو لە ئاکام دا سێ کەس بریندار بوون ئەوەش لە حاڵێك دایە حەوتووی رابردوو ئەو هێزانە هەڵیانکوتایە سەر خەڵکی بێ‌دیفاعی گوندەکانی دەوروبەری ئەو شارە لەو هێرشەیان دا چوار کەس کوژرانو بریندار بوون.

پێویستە بگوترێ ماوەیەکە ئەو هێزانە سەرانسەری سنوورە دەسکردەکانی نێوان باکووری کوردستانو ڕۆژهەڵاتیان تەنیوەو هەر کەس لە دوو کیلومیتری ئەو سنوورانە ببینرێ، تەقەی لێ دەکەن.

جێی وەبیر هێنانەوەیە کە هەر چەند ڕۆژ لەمەوبەر هاووڵاتییەکی باکووری کوردستان خەڵکی نزیکترین گوندی سەرسنوور لەلایەن ئەم هێزانەوە تەقەی لێ دەکرێو گیانی لە دەست دەدا.

# شاخەوانێکی سەقزی بە هۆی تەقینەوەی مین لاقێکی لە دەست دا

ئیسماعیل محەمەدی شاخەوانی سەقزی لە کێوەکانی چل چەمە نزیك ئاوایی ئاگجەوگۆگجە، بە هۆی تەقینەوەی مین لە یەکێك لە پایەگا چۆڵکراوەکانی ڕێژیم لاقێکی لە دەست دا. ناوبراو ئەندامی تیمی شاخەوانی سەقزەو بە مەبەستی تەمرین کردن چووبووە شاخەکانی چل چەمە کە تووشی ئەو ڕووداوە دەبێ.


# بڵاوکراوەی خوێندکاریی " تاق وسان" بۆ ماوەی ٣ مانگ هەڵپەسێردرا

بڵاو کراوەی خوێندکاری تاق وسان کە لە زانکۆی رازی کرماشان دەردەچێ، تەنیا پاش دەرچوونی دوو ژمارە لەلایەن کۆمیتەی چاوەدێریی بڵاوکراوە خوێندکارییەکانی ئەو زانکۆیەوە بە سێ مانگ هەڵپەساردن سزا درا تاق وسان بڵاوکراوەی خوێندکاری زانکۆی رازی کرماشان پاش دەرچوونی تەنیا دوو ژمارەی لەلایەن کۆمیتەی چاوەدێریی بڵاوکراوە خوێندکارییەکانی ئەو زانکۆیەوە بە سێ مانگ هەڵپەساردن مەحکووم کرا. ئەشکان مسیبیان بەڕێوەبەری تاق وسان لەو بارەیەوە بە خەبەرنامەی ئەمیر کەبیری راگەیاند: بە تۆمەتی بوختان هەڵبەستن ئەو حوکمەیان بە سەردا سەپاندووین، کە مەبەست لە هەڵبەستنی درۆ، بڵاوکردنەوەی هەواڵێك لە سەر دەستدرێژی پرسنێلی حەراستی زانکۆ بە ناوی "دایی چی" بۆ سەر کچێکی خوێندکارە.

حوکمی هەڵپەساردنی بڵاوکراوەی تاقوسان پاش ئەوە دێ کە دادگا دایی چی لە تاوانەکەی بێبەری کردو دەوترێ ئەم حوکمە لە ژێر گوشاری دایی چی‌دا لەلایەن کومیتەی چاودێریی بڵاوکراوە خوێندکارییەکانەوە دەرچووە.

شایانی باسە لە کاتێك دا بڵاو کراوەی تاقوسان بە تاوانی بوختان هەڵبەستن بۆ دایی چی جێگری حەراسەت ئەو حوکمەی بەسەردا دەسەپیندرێ کە ساڵی رابردوو تەنانەت بەسیجی خوێندکاری زانستگای رازیو سەرۆکی حەراسەتی ئەو زانکۆیە بە دژی دایی چی هەڵوێستیان گرتو بە ریزی خوێندکارانی نارازیو مانگرتوو پەیوەست بوونو سەرۆکی حەراسەت لەو بارەیەوە رایگەیاند کە تاوانی دایی چی تەنیا دەستدرێژی کردن بۆ سەر ئەو خوێندکارە کچە نییە، بەڵکوو ئەو وەکوو ئۆختاپووسێکی لێ هاتووەو پێگەی خۆی لە ناو زانکۆو دەوروبەری زانکۆ قایم کردوە.

# ژنێکی سەقزی خۆی کوشت



دوو ڕۆژ لەمەوبەر ژنێکی سەقزی بە ناوی "خەدیجە خ" لە گەڕەکی کەریم ئاوای ئەو شارە خۆی هەڵ دەواسیو گیانی لە دەست دا. هۆکاری خۆکوژی خەدیجە کێشەی بنەماڵەیی بووە.

**بڕووخێ ڕێژیمی کۆنە پەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران**



# دەقی کۆنفرانسی چاپەمەنیی ژمارەیەك لە ئەندامانی کومیتەی ناوەندیی حیزب لەگەڵ میدیاکانی باشوورو رۆژهەڵاتی کوردستان

## (بەشی چوارەمو کۆتایی)

پێش نیوەڕۆی رۆژی یەکشەممە، ٢٦ی رەشەمەو بە دوای کۆتایی هاتنی چواردەیەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا کۆنفرانسێکی رۆژنامەوانی بۆ چەند کەس لە ئەندامانی تازە هەڵبژێراوی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێك هات. لەم کۆنفرانسە رۆژنامەوانی‌یەدا کە لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب پێك هاتبوو، ژمارەیەکی بەر چاو لە هەواڵنێرانی دەزگاکانی راگەیاندنی باشووری کوردستانو هەواڵنێرانی حیزبو رێکخراوەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بەشدار بوون.

لە سەرەتای کۆنفرانسەکەدا کاك خالید عەزیزی، وتەبێژی کومیتەی ناوەندی باسێکی تێروتەسەلی سەبارەت بە ئامادەکاریی کۆنگرەو چۆنیەتیی بەڕێوەچوونی کۆنگرەو باسو پەسندکراوەکانی کۆنگرە پێشکەش بە بەشدارانی کرد کە دەقی قسەکانی بەڕێزیان لە ژمارەکانی پێشوودا بڵاو بۆوە. لەم ژمارەیەشدا سەرنجتان بۆ خوێندنەوەی بەشێکی دیکە لە پرسیارو وەڵامەکانی ئەم کونفرانسە رادەکێشین

**حەلیمە رەسووڵی: لە گۆڤاری ژنان،**

**ـ هەر وەك دەبینین لە هێڵە گشتی‌یەکانی رێبازی ئێمەدا، ئاوڕێکی جیددی لە پرسی ژنان لە نێو حیزبەکەتان‌دا دراوەتەوە. پێم خۆشە بزانم ئایا لە کۆنگرەی ١٤ لە پێوەندی لەگەڵ ژنان دا چ بڕیارێك دراوە؟**

**ـ خاتوو کوێستان گادانی! ئێوە وەك ژنێکی بەشدار لەم کۆنگرەیەدا لە نێوان کۆنگرەکانی پێشووو کۆنگرەی ١٤دا چە جیاوازییەکتان بەدی کردوەو پێت وایە ئێستا حیزبی دێموکرات چ دەرفەتێکی نوێی بۆ گەشەو پێشکەوتن لە بەردەم ژنان‌دا رخساندوە؟**

**کوێستان گادانی:** دوای لەت بوون لە هێڵە گشتی‌یەکان‌دا کە حیزبی ئێمە بۆ خۆی دانی بەوە داناو رەخنەی لە خۆی گرت کە تا ئێستا نەیتوانیوە ژنان ئەو جۆرەی کە دەبێ بێنە نێو سەتحی رێبەریو یان ئەو ئیمکانەی نەدراوە بە ژنان تا ئەو سەتحە بێن، هەر بە دوای ئەوەدا ژنان لە نێوخۆی حیزب لە کوردستان واتە لێرە لە باشووری کوردستانو لە دەرەوەی وڵات زۆر فەعال بوون لە هەموو بوارەکانداو نموونەش بۆ ئەوە ئەوەیە کە رادەی بەشداریی ژنان لە کۆنگرەدا زۆر بەرچاو بووو نیسبەت بە کۆنگرەکانی دیکە هەم رادەی ژنانو هەم فەعال بوونیان لە کۆنگرە کە ئەمن ئەوەی بە رێفۆرمێك دەزانم. لە کۆنگرەکانی پێشوودا بەشدارییەکی ئاوامان لە ژنان نەبووو ئەگەر بەشداریش بووین بەو شێوەیە فەعال نەبوون. لە پاشان لەسەر ئەوەی ئێمە وەك ئەندامەکانی رەهبەریەتی حیزب چ پلانو پرۆژەیەکمان هەیە لە داهاتوودا بۆ ژنان، دەمانەوێ بەرنامەو پرۆژەی بۆ دابنێین هەم بۆ ژنان لە دەرەوەی وڵات بۆ ئەوەی فەعالتر بن زیاتر لە بواری سیاسی‌یەوە نەك هەر لە بواری کۆمەڵایەتییەوە. بۆ ژنانی نێوخۆی حیزب، لێرە تەنانەت بۆ پێوەندی گرتن لەگەڵ ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستان، ئەو سێ شوێنە بۆ ئێمە زۆر زۆر موهیممەو پێشم خۆشە ئەوەی بڵێم کە ئێمە ئەو ژنانەی کە لە رێبەری داین دەتوانین ئەو بەڵێنە بدەین کە تەماسی مودوایمان لەگەڵ ئەو خوشکانە دەبێو لەو سێ شوێنەو هەمیشە دڵێکی ئاوەڵەمان دەبێ بۆ وەی کە ئەوان ئێمە رێنوێنی بکەن، ئێمە چۆن دەتوانین هاوکاری بکەین. بۆیە بە تەئکیدەوە دەڵێم لە داهاتوویەکی نزیکدا ئێمە پلانو پرۆژەی خۆمان لەگەڵ هاوڕێیانی کۆمیتەی ناوەندی باس دەکەینو پێوەندی لەگەڵ خوشکان لەو سێ شوێنە دەگرین بۆ وەی کە باشتر ژنان پەروەردە بن لە بواری سیاسی- یەوەو بێن ئیعتماد بەنەفس پەیدا بکەنو پێشم وایە کە لە ژنانی نێو ریزەکانی حیزبی دیموکراتو بە گشتی ژنان رادەبینم کە بتوانن لە داهاتوویەکی نزیکدا ئەو هاوکارییە بکەن لە بەرەو پێش چوون لە بواری سیاسیو کۆمەڵایەتییەوە.

**مەنسوور سەممار، گۆڤاری لاوان: ١ـ حیزب دەیهەوێ بگەڕێتەوە بۆ ئامانجەکانی کۆماری کوردستان ئێوە لەو سەردەمەدا کە باس لە دامەزرانی کۆماری کوردستان دەکەن، روانگەتان سەبارەت بە رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی یان بە گشتی خەباتی مەدەنی چیە؟**

**٢ـ بە هۆی نیشتەجێ بوون لە ژیانی کەمپ نشینی هەست دەکرێ کە ماندوویییەکی جەستەیی یا رۆحی لە نێو ئەندامانی ئەو حیزبە دا هەیە، کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێراوی کۆنگرەی ١٤ پرۆژەی بۆ ئەوە چیە؟**

**هێمن سەیدی:** واقیعیەتێکە، گوتومانە کە ئێمە بەرێزەوە وەك ئامانجێك وەك سەردەمێکی زێڕین هەر چەند لە کاتو لە شوێنی خۆیدا لە زەمانی خۆیدا دەڕوانینە سەردەمی کۆماری کوردستانو ئەوەی کە لەو سەردەمەدا کۆمەڵگەی مەدەنی بە شێوە مودێرنەکەی خۆی بە شێوەیەکی کە بە نیسبەت سەدەی بیستەم هیچی کەمتر نەبوو لە باقی وڵاتانی پێشکەوتوو.

ئێمە لە شێوەکانی خەباتمان‌دا تەئکیدمان کردۆتەوە کە باشترین شێوەی خەبات بە خەباتی ئاشتیخوازانە دەزانین.

مەگەر ئەو کاتانەی کە مەجبوورین مەگەر ئەو کاتانەی کە رێمان پێنەدەن، مەگەر ئەو کاتانەی کە دەرەتانێکمان لە پێشدا نەمێنێتەوە مەجبوور بین بە نافەرمانی مەدەنی، بە شێوەی‌تر، بە دەربڕینی ناڕەزایەتیی، تەنانەت هێندێك جار بۆ دیفاع لە خۆمان بە خەباتی چەکداری دەنا لای ئێمە گونجاوترینو باشترین شێوەی خەبات هەر خەباتی ئاشتیخوازانەیە، بەهێزکردنی بنیاتەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، گرینگی‌دان بە رێکخراوە غەیری حکوومەتییەکان، گرینگی‌دان بە ئازادیی ئەحزاب، گرینگی دان بە رێکخراوە کۆمەڵایەتیو کولتوورییەکان، بایەخدان بە کاری رووناکبیری لە نێو کۆمەڵگەدا، پێم وایە ئەمە دەستکەوتی زۆر گەورەی دەبێ. بۆ خۆشمان راستە لە تاراوگەین بەڵام بەو پێوەندییەی لەگەڵ کۆڕو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان هەمانە تێ‌بکۆشین چالاکی لەو بوارانەدا ئەوەندەی بۆمان بکرێ راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پەرە پێبدەین، پشتیوانیی لەو رێکخراوانە بکەین کە بە شێوەی سەربەخۆ کار دەکەن هەتا ئەو کاتی کە بە پشتیوانی ئێمە زەرەرو زیانی ئەمنیەتی بەوان نەگەیەنین.

**خالید عزیزی:** حیزبێکی سیاسی، وەك حیزبی دیموکراتی کوردستان کە کاتی خۆی دەوڵەتی دامەزراندوە، کۆماری کوردستانی دامەزراندوە، ئاڵای هەڵداوە، سەرکۆماری بووە، لەگەڵ دنیای دەرەوەو تاران بۆ بەرژەوەندیی کورد تووشی کێشەو مامەڵە بووە، باشیشی جێبەجێ کردوە قەت بۆوە دروست نەبووە کە لە کەمپ دا بێ. حیزبێك کە رەساڵەتی ئەوەی هەبوو تێ‌بکۆشێ ئیدارەی وڵات بکا، کۆمار ئیدارە بکا، بەڵام تەبیعەتی پرۆسەی ئاڵوگۆڕەکانی ئێرانو کێشەی ئێمە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بە پێچەوانەی مەیلی ئێمە کەوتە قۆناخی شەڕی نیزامی. لە شەڕی چەکداری‌دا ئێمە دەورانێکی زۆر کوردستانمان راگرت بەڵام لە شەڕی نیزامی‌دا ئێمە بە دەوڵەتی تاران نەوەستاین، مەجبوور بە پاشەکشە بووین. ژیانی کەمپ نشینی هیچ کام لە ئێمە پێمان خۆش نیە ئەسڵەن پرۆژەی حیزبی دیموکراتی کوردستان کۆمەڵگە دروست کردنە، ژیانی خۆش بۆ خەڵك بردنە، خەڵك فێر بکا کە دەبێ ژیانیان خۆش بکەن. کێشەی حیزبە سیاسی‌یەکان لە وڵاتێکی دیموکراتیك دا کێشەیە لەسەر ئەوەی چۆن کۆمەڵگە دەوڵەمەند بێ.

**مەلا عەزیز لە ماڵپەری حدك لە وڵاتی سویس: ئەگەر ئاڵوگۆڕێك لە ئێراندا روو بدا حیزبی دێموکراتی کوردستان چۆن مامەڵە لەگەڵ سەڵتەنەت تەڵەبو موجاهیدین دەکا؟**

**هێمن سەیدی:** راستییەکەی ئەوەیە لە حاڵی حازردا لەگەڵ ئەو دوو تەیفە پێوەندییەکی تاریف کراوی سیاسیمان نیە، بەتایبەت سەڵتەنەت تەڵەب ئەسڵەن تاریف ناکرێ لە چوارچێوەی حیزبێکی موشەخەس دا نیە، حیزبێکی سەڵتەنەت تەڵەب نیە. تەیفێکی سیاسیمان هەیە بەنێوی سەڵتەنەت تەڵەبو لە مەشرووتەخوازەوە بگرە هەتا خوازیارانی "درفش کاویانی" هەموویان بە تەیفی سەڵتەنەت تەڵەب حیسابن. زۆر شت تەئسیری هەیە لە پێوەندیی ئێمە لەگەڵ ئەوان لە ئایەندەدا. ئەگەر گۆڕانکارییەك بێتە پێشو ئەوان نەخشیان هەبێ تەبعەن سیاسەتی ئەوان بە نیسبەت کێشەی نەتەوەیی، سیاسەتی ئەوان بە نیسبیەت رەخنە لە خۆ گرتنیان بەتایبەت سەڵتەنەت خوازەکان. ئێوە دەزانن ئێمە رابردوویەکی خۆشمان لەگەڵ سەڵتەنەت خوازان نیە.

لە سەردەمی حکوومەتی پاشایەتیی پەهلەوی دا ئێمەش هەر ئۆپۆزیسیونی دەسەڵات بووین، بۆیە ئەوە ئەو بەخۆدا چوونەوەی ئەوانو پرۆژەی ئەوان بۆ چارەسەریی کێشەی نەتەوەیی، پرۆژەی ئەوان بۆ دێموکراتیزە کردنی ئێران، دەور دەبینێ لە پێوەندی ئێمە لەگەڵ ئەوان، هەرچەند ئێمە لە ئێستاوە بڕیار لەسەر بوون یا نەبوونی پێوەندیی نادەین ئێمە ئوسووڵو پرەنسیپێکمان هەیە بۆ پێوەندیو لە سەر ئەوانە پێدادەگرین بۆ پێوەندی لەگەڵ هەر لایەنێکی سیاسی. بە نیسبەت موجاهیدینیش دوو رابردووی موتەزادمان پێکەوە هەیە. لەلایەکی ئێمە نەمانتوانی هاوکاری لەگەڵ ئەوان درێژە بدەین ئەوکاتە لە شوورای میللی موقاومەت دا بووین. ئێمە لە شوورا هاتینە دەرێ بەهۆی ئەوەی کە ئەوکات چوارچێوەی ستراتێژیی شوورای میللی موقاومەتمان پێ دروست نەبوو. بەڵام موجاهیدینی خەلق هێزێکی سیاسییە کە کۆمیسیۆنی میللەتەکانی هەیە لانیکەم لەسەر کاغەز بەنووسراوە، ئیعترافی بە کێشەی نەتەوەکان لە ئێران کردوەو لانیکەم دیسان لەسەر کاغەزو بە نووسراوە دانی بە مافی میللەتی کورد لە چوارچێوەی شتێك بە نێوی خودموختاری دا ناوە. بۆیە دەڵێم ئێستا هیچ شتێکی روون نیە کە لە دوارۆژدا هەر ئەوە دووبارە دەکەینەوە ئەو ئوسووڵو پرەنسیپەی بۆ خۆمان سەبارەت بە دێموکراسیو چارەسەر کردنی کێشەی نەتەوەکان لە ئێران دامانناوە ئەگەر ئەوان پابەند بنو بڕیار بدەن لەگەڵ ئێمە دان لەو رێگەدا ئێمە کێشەیەکمان بۆ هاوکاری لەگەڵ ئەوان لە دوارۆژ دا نابێ.

**عەبدوڵڵا عەبدوڵڵاپوور ماڵپەری لاوان، هەروەك ئاگادارن لە چەند ساڵی رابردوودا لە رۆژهەڵاتی کوردستان کۆمەڵێك رێکخراوی ناحکوومی سەریان هەڵداوە کە ئێستاش خەریکی کارو تێکۆشانن ئایا لە کۆنگرەدا باس لەو رێکخراوانە کراوە؟ هەروەها حیزبی دێموکرات بەگشتی چۆن دەڕوانێتە ئەو رێکخراوانە؟**

**هێمن سەیدی:** هەر ئەو جۆرەی کە ئیشارەو پێ‌کرد ئێستا رێکخراوە ناحکومی‌یەکان، ئەو رێکخراوانەی کە کۆمەڵگەی مەدەنی دادەمەزرێنن، سەرەڕای تەواوی کێشەو گرفتەکانی کە هەیانە بوونێکیان لە رۆژهەڵاتی کوردستان دا هەیە. حیزبایەتیش بۆ خۆی دیاردەیەکی مۆدێڕنە هەر ئەو جۆرەی کە کاك خالید لە وەڵامی پرسیارێك دا ئاماژەی پێ‌کرد ئیدئالی حیزب ئەوەیە کە بە شێوەیەکی سڤیلو مەدەنی لە کۆمەڵگەیەکی مەدەنی‌دا چالاك بێ. کەواتە حیزبو رێکخراوە مەدەنی-یەکان، سەنتەرە رووناکبیرییەکان ئەوانە هەموویان پێکەوە پێوەندییان هەیە. یا بڵێین دەبێ پێوەندییان هەبێ. ئێمە تێ-دەکۆشین تا ئەو رادەیەی مەترسییەك بۆ وان دروست نەکات لەگەڵ رێکخراوە مەدەنییەکان پێوەندیمان هەبێ. تێ‌دەکۆشین تەئسیرمان لە سەریان هەبێو هەروەها ئەو ئامادەگی‌یەمان هەیە کە تەئسیریان لێوەرگرین. هەرچەند جایەگاکان پێکەوە بەرابەر نیە. راستە هەموومان پێکەوە لە بازنەی کۆمەڵگەی مەدەنی داین. بەڵام مەوقعییەتی سیاسیی حیزبێکی سیاسی لەگەڵ مەوقعییەتی فەرهەنگیی سەنتەرێکی رووناکبیری یان ناوەندێکی فیکری ـ زانستی پێکەوە جیاوازییان هەیە. بەرەچاوکردنی ئەو جیاوازییانە دیسان دەتوانین پێوەندییەکی دوو قۆڵیمان هەبێ.



## ئەو خونچانەی پێش پشکوتن هەڵوەرین



ئاسۆ خەبات

### حوسێن پویایی

سەرەتای زستانی ساڵی ١٣٨٣، لە تالاری نگینی سەردەشت لە زەماوەندێکدا لەگەڵ یەك ئاشنا بووین. حوسێن کوڕێکی خوێن شیرین‌و رووخۆش بوو. رێزی لە گەورەو بچووك دەگرت‌و هەمووانیش رێزیان لێ‌دەگرت. ئەوە سەرەتای یەکتر ناسینمان بوو، زۆر زوو لەگەڵ حوسێن تێکەڵاو بووین‌و بووین بە هاوڕێ‌و هاوبیرو...

چەند رۆژ پێش ٢ی رێبەندانی ئەو ساڵە بوو کە من نووسراوەیەکم لە وەسفی پێشەوای کورددا بە دەستەوە بوو، تا ئەوکات نەمدەزانی کە هێندەی حەز لە شێعرو ئەدەب‌و هونەری کوردییە. حوسێن هانی دام کە بە زمانی کوردی بۆ کورد بنووسم. خۆشی چەند جارێك داوای کتێب‌و نووسراوەی کوردی لێ‌کردم، چونکە زۆری حەز لە فێربوونی نووسینی زمانی کوردی بوو. حوسێن زۆر جار ئەو پرسیارەی دەکرد کە بڵێی رۆژێك بێ کورد سەرکەوێ؟ هەر خۆشی دەیگوت رۆژی ئازادیی کوردستان خۆشترین رۆژی ژیانی من دەبێ‌و ئاواتم گەیشتن بەو رۆژەو بەو جێژنە مەزنەیە.

لە کاتی بڵاوبوونەوەی هەواڵی لەتبوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران‌دا حوسێن لە کورتە پەیامێکدا وێنەی چاوێکی تەلکراوی بۆ ناردم کە هەردوولای پڕ بوون لە فرمێسك، لە ژێرییەوە نوسیبووی: ئەوە ئەو چاوە بوو کە کوردی لە دارەدارەو بەسەر کەندو کۆسپەکانی شۆڕش‌دا تێ پەڕاند، بەڵام بەداخەوە وەك سێوی پاییزی قاش کرا. حوسێن بەراستی لاوێکی نیشتمانپەروەر بووو ژیانی خۆی لەگەڵ چارەنووسی نەتەوەکەی گرێ دابوو.

دوای ساڵێك‌و چەند مانگ بەسەر دواپین دیدارمان‌دا، رۆژی ٢ی بانەمەڕی ٨٧ هەواڵی کۆچی نابەوەختی ئەو هاوڕێ خۆشەویستەم پێ‌گەیشت.

حوسێنی لاو لەگەڵ سەدان کەسی دیکەی خەڵکی شاری رەبەت رۆژی ١ی بانەمەڕی ١٣٨٧ بە گژ دژە هەژارانی زۆرداردا دەچنەوە کە بەداخەوە لە یەکەم دەستڕێژی مەزلووم کوژان‌دا حوسێن پویایی شەهید دەبێ‌و گیانی فیدای ئازادیی زێدو نیشتمانەکەی دەکاو پێش گەیشتن بە خۆشترین رۆژی ژیانی، دەچێتە ریزی شەهیدانی دەستی رێژیمی جینایەتکاری کۆماری ئیسلامی. تا ئەبەد سەربەرزن ئەوانەی کە گیانی بەرزیان بە قوربانی سەربەرزی گەل دەکەن. تا ئەبەد زیندوون ئەوانەی کە بە رۆحیان زیندوویی نەتەوکەیان دەسەلمێنن.


پەیامێك بۆ شەهید: هاوڕێی شەهیدو جوانەمەرگم، بەهۆی ئاوارە بوونم نەمتوانی گوێم لە ئاخرین وەسیەتەکانی تۆ بێت، بەڵام بەڵێنت پێ‌دەدەم کە یادت هەردەم لە دڵمدا بهێڵمەوەو خەبات بکەم بۆ لەناو بردنی ئەو دوژمنەی کە خوێنی تۆو هەزارانی تری بە ناحەق رژاندوە. ئەو شێعرەش لەگەڵ هەزاران فرمێسکی سووری چاوەکانم پێشکەش بە رۆحی پاك‌و گڵکۆی پیرۆزی تۆی شەهید دەکەم....

### بۆ هاوڕێی چەند ساڵێکی تەمەنم

دیسان نەخشێندرایەوە، نیشتمان بە خوێنی کورد
دیسان بە زۆر خنکێندرا،ناڵەی هەست بزوێنی کورد
دیسان دایکێکی تر، نەمامی هیوای بوو بە خۆڵ
دیسان کوردێکی تر، شەهید کرا بە دەستی زۆڵ
دیسان جەستەی کوردیان خوارد، هارانی شاری تاران
دیسان هێژایەکی تر، خوێن‌و خەمی پێ‌خواردم
بە گریان‌و ژانەوە، بە ناو تەمی ئەسپاردم
دیسان تیشکی هیوا، لە دڵێك‌دا کوژایەوە
بە خوێنی گەشی کورد، گوڵێکی سیس بوژایەوە
دیسان بە کۆچێکی تر، برینم کولایەوە
شادیم لا فڕی بە دەم، گیانی مەلانەوە
دیسان هەڤاڵێکی تر، مردوو من لە تاراوگەم
دیسان مەرگی پێشکەوت، من بە ناو پێشمەرگەم
برام من شەرمەزارم، نەهاتمە سەر مەزارت
مەنعم بێم لە هاوارت، فەلەك تف لە رۆژگارت

## پەیڤێکی ئالبێرت ئەنشتاین

و. رەسووڵ سوڵتانی



بێ‌گومان ئەگەر سەرچاوەو سامانەکانی جیهان بە جوانی‌و وەك یەك دابەش کرابان‌و ئێمەش وەکوو کۆیلان، نەبووینە یەخسیری دەستی تیۆری‌و نەریتە چەقبەستووە ئابوورییەکان، هەم دراو، هەم کارو هەمیش خواردەمەنی‌و بژیو بە گوێرەی پێویست بە هەموو کەس دەبڕان.

بەڵام بەر لە هەر شتێك نابێ ئیزن بدەین کە پێش بە بیرو هەوڵی بەکەڵکی ئێمە بگیردرێ‌و بۆ وەڕێ خستنی شەڕێکی نوێ کەڵکی خراپ لە هەوڵ‌و چالاکییەکانی ئێمە وەرگرن.

ئەمنیش وەکوو بیرمەندی مەزنی ئەمریکی بنجامین فرانکلین لەسەر ئەو باوەڕەم کە "قەت قەت شەڕێکی باش‌و ئاشتییەکی خراپ بوونی نەبووە".

ئەمن نەك هەر ئاشتیخوازم، بەڵکوو ئاشتیخوازێکی خەباتکاریشم کە بۆ سەقامگیریی ئاشتی، بە گیان‌و دڵ خەبات دەکەم. هیچ شتێك ناتوانێ شەڕ لە نێو بەرێ. مەگەر ئەوەی کە مرۆڤەکان خۆیان نەچنە بەرەی شەڕ. بۆ وەدیهاتنی ئارمانجە مەزنەکان، سەرەتا کەمینەیەکی خەباتکار هەوڵ دەدەن‌و تێ‌دەکۆشن.

ئایا باشتر نیە کە خۆمان بۆ ئاشتییەك ئامادە بکەین کە باوەڕمان پێیەتی نەك ئەوەی کە بۆ شەڕ کە هیچ باوەڕێکمان پێی نیە، تێدا بچین؟

هەر شەڕێك، ئالۆیەك، کە دەخرێتە سەر زنجیری چارەڕەشیی مرۆڤ‌و دەبێتە کۆسپی بەردەم پێشکەوتن‌و گەشەی مرۆڤ هەر بۆیەش سەرپێچی کردنی ژمارەیەك خەڵك لە بەشداری کردن لە شەڕدا ئەگەر کەمیش بن، دەتوانێ نیشاندەری ناڕەزایەتیی گشتی بێت. ئەگەر جەماوەری خەڵك نەکەونە بەر پڕوپاگەندەو بانگەشەی چەواشەکارانەوە، هەرگیز هەوای شەڕ لە کەللەیان نادا. دەبێ ئەوان لەو بانگەشەو پڕوپاگەندانە بپارێزین. دەبێ منداڵەکانمان وا رابێنین کە دژی سوپاییگەری بن‌و ئەویش کاتێك دەکرێ کە بە گیانی ئاشتیخوازانەوە پەروەردەیان بکەین. بە داخەوە خەڵکی ئێمە بۆ ئامانجی چەوت پەروەردە کراون. لە کتێبە دەرسی-یەکان‌دا گرینگی بە شەڕ دەدەن‌و چاو لە ترس‌و کاولکارییەکانی دەپۆشن‌و لەم رێگەوە رق‌و قین هەڵگرتن لە مێشکی منداڵان دەئاخنن. بەڵام ئەمن دەمەوێ ئاشتی فێری خەڵك بکەم نەك رق‌و قین، عیشقیان فێر بکەم نەك شەڕ. کتێبە دەرسییەکان دەبێ سەرلەنوێ بنووسرێنەوە بۆ ئەوەی بتوانن لە بری خۆشکردنی ئاوری ناکۆکی‌و کێشە کۆنەکان‌و ئەبەدی کردنی پێش داوەرییە بێ بنەماکان، گیانێکی نوێ وەبەر سیستەمی پەروەردەییمان بێنین. پەروەردە لە بێشکەوە دەست پێ‌دەکات‌و لە ئەستۆی دایکانی جیهانە کە منداڵەکانیان ئاشتیخوازو عاشقە هێمنی پەروەردە بکەن.

هەڵبەت مەحاڵە وارسکە (غەریزە)ی شەڕخوازی لە کەوشەنی نەسڵێك‌دا لە نێو بەرین. تەنانەت لە ریشە دەرهێنانی ئەم وارسکەیە بە تەواوی، شتێکی باش نیە. مرۆڤەکان دەبێ بەردەوام لە خەبات‌دا بن. بەڵام خەبات لە پێناوی بایەخەکان‌و بۆ رێگەی پڕ بایەخ نەك لە بازنەی گومان‌و دەمارگرژیی رەگەز پەرستی‌داو بە ئەنگیزەی پاوانخوازانەوە کە زیاتر لە ژێر سێبەری ئاڵای نیشتمانپەروەری‌دا دەکرێن. چەکی ئێمە ئاوەزی ئێمەیە نەك تۆپ‌و تانك (دەبابە).

دەمانتوانی چ جیهانێکی جوان بخوڵقێنین ئەگەر هەموو ئەو هێزەی لە شەڕێك‌دا بە فیڕۆ دەدرێ، بۆ خزمەتی ئاوەدانی‌و چاکسازی دەکارمان هێنابا. یەك لە دەی ئەو هێزەی بۆ شەڕی یەکەمی جیهانی‌و بەشێکی بچووکی ئەو سامانەی کە بۆ بەرهەمهێنانی چەك‌و چۆڵ‌و سەمی کیمیایی بەفیڕۆ چوو، بەس بوو بۆ ئەوەی کە ژیانێکی شیاوی بۆ ئەو مرۆڤانە پێ ساز بکرێ، کە لەگەڵ شەڕ دەستەو ئێخە بوون‌و هەروەها بۆ ئەوەی پێش بە کارەساتی برسێتی‌و بێکاری بگیردرێ. ئێمە هەنووکە، بەو رادەیەی کە بۆ شەڕ، لەخۆ بردوویی دەنوێنین‌و خۆ دەبەخشین، دەبێ لە رێگەو پێناوی ئاشتیش‌دا ئامادەی فیداکاری‌و گیان بەخت کردن بین. هیچ شتێك بە لای منەوە لە مەسەلەی ئاشتی گرینگترو پڕ بایەختر نیە. جگە لەوە، هەرچی دەیڵێم‌و دەیکەم، توانای گۆڕینی پێکهاتەی جیهانی نیە. بەڵام رەنگ- بێ هاواری من بتوانی بخرێتە خزمەتی کارێکی مەزنەوە. هاوارێك کە یەکیەتیی مرۆڤەکان‌و ئاشتیی لە جیهان-دا، داوا دەکات.

ترجمە بە فارسی: خسرو ناقد

## لە دایك بوونی رۆژ

هەڵۆ مەریوان

شەوێك ئا لەم شەوانە بوو
تەنیاییم ژانی گرت‌و
تەلیسمی بێدەنگی شکاو
زەریای شینی ژینم لە دایك بوو.
شەوێك ئا لەم شەوانە بوو،
شەوێك ئارام‌و دڵنیا
مانگەشەوێك
لە روخساری ئەم زەریا شینەی ژینم‌دا
هاتە دنیاو
سواری وردە شەپۆلی ئاو سەمای ئەکرد
کە ئەودەم دی
قەڵەمەکەم ژانی گرت‌و
ئەم شێعرەم لە دایك بوو،
کە ئەودەم دی
پەڕەسێلکەی ئەوینی تۆ
بەرەو ئارانی شێعری من
کۆچی کردو
ئەم شێعرانەم بوو بە هەواری ژینی تۆ.
تۆ بوویتە ئاو بۆ ئاوەدانی
بوویتە رۆژ بۆ ژیان
بوویتە خۆڵی ناو گوڵدانێك
گوڵی ئەشقی تیا رسکاوە
بوویتە جۆگەی بەر نەمامێك
باڵای بەرزە
بە قەد باڵای زامەکانی مێژووی ئینسان.
لە مەحاڵ‌دا باڵت گرت‌و
لە ئەشکەنجەدا هاژەت کردو
بوویتە رێبواری رێگایەك
بەرەو لوتکە راکشاوە.
تۆ قوتابی قوتابخانەی ئاگریت‌و
بە گزنگی تاریکی رائەماڵێت،
بە باران بیابان ئەشۆیتەوەو
قامەتیشت دڵ قایمتر لە سوورێن‌و مێشەڵواز
دڵنیاتر لە ناوچاوانی دایکت
کە دەڕوانێتە رێگات‌و
لەگەڵ تۆدا بەرەو لوتکە رێگا ئەبڕێ
وەك پەیکەرێ راوەستاوە.
دڵنیا بە ئاسمان ژانی گرتووەو
لەوانەیە بەم زووانە رۆژ لە دایك بێ
کاتژمێریش چرکە چرکە بەرەو ئاسۆ لەگەڵتا دێ

# چاوەكانت

بێناو

**چاوەكانت**
**نیگای ئەم شەوە**
**ئەكاتە كوێستانێكی تەنیا**
**لە ئاسمانەوە تاكوو**
**خەیاڵی بە تۆ گەیشتن**
**دوور...**
**چاوەكانم**
**كانیاوی تەزوو**
**زریانێكی سەر هەڵگرتوو**
**ئاژاوەی**
**ماچی ئاسمان و**
**خەیاڵی ساتەكان.**
**سنوور نامرێ!**
**دەلاقەیەك روو بە ئاسمان**
**خۆم و دەفتەرەكەم و چەند وشەی كۆن**
**دڵ،**
**رۆح،**
**جەستەو ئەم رستەیەش**
**كوا ئەو رۆحەی مەزاری دڵی داچاندووە؟**



# من لاڵم

یوسف عەزیزی بنی تروف

و. هادی سۆفی زادە

باوكم كاروانچییەكی بە ئەزموون و نائاسایی هەروەها هەمیشە دەچوو بۆ زیارەت. ئەم داستانە بەسەرهاتی یەكێك لە سەفەرەكانی عێراقی باوكمە كە بۆی گێڕاومەتەوەو لە خۆییم بیستوە، كە دەیگوت: لەمێژ ساڵ بەر لە ئێستا لە رۆژێكی گەرمی هاویندا مسافیرم ئامادە كردبوو تا وەك هەمیشە لە رێگای شەلەمچە بۆ بەسرەو لەوێشەوە بەرەو كەربەلایان ببەم، مزگەری شارەكەمان هات بۆ لام و تكای لێ كردم تا لە سەفەری ئەمجارەی زیارەتدا هاوسەفەرمان بێ. پێم وت: تۆ بە تەمەنیت و ئێمەش بە قاچاغی و بە پاپۆر ئەپەڕینەوە ترسی نوقمبوون لە رووباری شەلەمچە هەیە. بەڵام ئەو زۆر پاڕایەوەو وتی كە حەزرەتی عەباس هاتۆتە خەوم و بانگهێشتی كردووم. تەنانەت باوەڕی وا بوو لە هەر جێگایەكی عێراقدا بمرێ جێگای خۆشحاڵییە. منیش دڵم بۆی سووتاو لەگەڵ خۆمان بردم. تێكڕای ژنان و پیاوانی كاروانەكە عەرەبی ئەهوازی بوون كە جلوبەرگ و زمانیان گومانی لای پۆلیسی عێراق دروست نەدەكرد. بەڵام ئەوە لە ناو ئێمەدا جیاواز بوو. جەعفەر سەففار ئەڵێم. مزگەرە غەریبەكەی شارەكەمان. بە جەعفەر سەففارم ـ كە جاروبار جەعفەر قونبیمان پێ دەگووت ـ بە مەرجێك دەتبەم بۆ عێراق، "هەرچی تۆ بلێی من وا دەكەم ئەبو قەلەم. راستە مەلە نازانم، بەڵام دوای تەمەنێك ژیان لەم شارەی ئێوە ئەتوانم تۆزێك عەرەبی قسە بكەم". پێم وت كە عەرەبییەكەت ئەوە نیە كە لە سنوور دەربازت بكاو باش وایە كە دشداشەو چەفیە لەبەر بكەی و لەگەڵ كەس قسە نەكەی، خۆیشت وەك لاڵ نیشان بدەیت و ئەگەر مەئموور وتی ناوت چیە، هیچ نەڵێیت. منیش بە پۆلیسەكان ئەڵێم "هذا خرس" واتە جەعفەر لاڵە.

ئەم قەرارەی لەگەڵ جەعفەر سەففار داناو وەڕێكەوتین. بە پێی بەرنامەكە گەیشتینە شەلەمچە. خۆمان لای پاسەوانی سنوور دیتەوەو لە خاكی ئێران چووینە دەر. كاتێك كە لەگەڵ جەندرمەكانی خۆمان خواحافیزیمان دەكرد، یەكێكیان بە زاراوەی كرماشانی بە هاورێكەی خۆی وت: ـ ئەم عەرەبانەی كە ئەیانبینی، دەڕۆنەوە وڵاتەكەیان.

ـ بەڵام ئەمانە خۆ ئێرانین؟

ـ ئێرانی؟! نە كورە، تەنیا پێناسەكانیان ئێرانییە.

كاتێك پاپۆرەكە گەیشتە ئەوپەڕی رووبارەكەو گەیشتینە خاكی عێراق سەروكەللەی پۆلیسی عێراقی پەیا بوو. یەكە یەكەی ژنان و پیاوانیان پشكنی و ناوو پاشناویان لێ پرسین: عبود بنی كعب، جاسم میاعی، ناریە كعبی، چیچان شجیراتو... تا نۆرە گەیشتە جەعفەر. ئەو سەرەڕای ئەوەی كە تەمەنێكی تێپەڕ كردبوو لە دیتنی پۆلیسە عێراقییەكە كە چاوی بڕیبووە چاوی و سمێڵە قەیتانییەكەی با ئەدا، رەنگی زەرد هەڵ-گەڕا. پۆلیسەكە لێی پرسی ناوت چیە؟ هۆی رێبوار ناوت چیە؟ جەعفەر هیچی نەوت. پۆلیسەكە جارێكی دیكەو بە دەنگی بەرز دووپاتی كردەوە: مەگەر لەگەڵ تۆم نییە، ناوت چیە؟ هەموو بێدەنگ بوون و بێدەنگی رێبوارانی كەربەلا تەواوكەری بێ-دەنگیی شەوەزەنگ بوو. هیچ شتێك بێ دەنگیی شەوی نەدەشكاند دەنگی پۆلیسی عێراقی نەبێ.

پۆلیسەكە ئەم جارە بە دەنگێكی بەرزترو بە تووڕەیییەوە وتی:

ساختەچی، ناوت؟

جەعفەر لاقی تێكەڵ دەبووو بەر لەوەی كە من شتێك بڵێم وتی:

ـ انا خرس (من لاڵم)

نەمانزانی بگرین یان پێبكەنین. چ قوڕێك بەسەر خۆماندا بكەین، چونكوو كاتێك پۆلیسەكان باری نەتەوەییمانی پرسیبوو، هەموومان وتبوومان عێراقین و چبووین بۆ مەشهەد بۆ زیارەتی ئیمام رەزاو ئێستا ئەمانەوێ بگەڕێینەوە بۆ بەسرە. پارەی پەنجا دیناریمان نیشان داو تەنانەت ناوی جاسم جرفی و ناریە نگراوی و شعری گرفیشمان گۆڕیبوو تا وەك عێراقی بنوێنن، بەڵام ئێستا جەعفەر سەففار هەموو ریسەكەی لێ كردبوینەوە بە خوری. پۆلیسەكان دەسبەردار نەدەبوون و بەرپرسەكەیان كە دەرەجەدارێك بوو، تووڕە بوو وتی:

ـ هەمووتان ئێرانین، درۆ ئەكەن، عەرەب نین. لاتان وایە ئێمە فریوی جلوبەرگەكانتان ئەخۆین، هەمووتان بگەڕێنەوە بۆ مەوتەنی خۆتان. منیش ئەمڕوانیە میلەی سنووری كە لە ناوەڕاستی ئاوەكە بوو. بە شوێن وڵاتمدا دەگەرام. بڕوا بكە كوڕم ئێستا نازانم كامەیە وڵاتی من.

جەعفەر سەففار بووە هۆی ئەوە كە ئەو هاوینە نەچین بۆ كەربەلا. ئەو لەگەڵ ئێمە دەگەڕایەوە بۆ حوەیزە، كاتێك دەست لە پێ درێژتر (دەست لە گونان درێژتر لە كوردیدا ) ئەگەراینەوە بۆ ئێران، ئەو خەمۆك و داماو لەسەر لێواری پاپۆڕەكە دانیشت. لە ناكاو هاوسەنگی پاپۆڕەكە تێك چوو جەعفەر سەففار لە بەرچاوی واق-ورماوی ئێمەو پۆلیسی عێراقییەوە بووە نێچیری شەپۆلی رووبارەكە. نازانم كە لاقی هەڵخزابوو یان كەسێك پاڵی پێوە نابوو؟ یا لە راستیدا ویستی لە سەرزەمینی بەلا لێدراوی عێراق بمرێ و بۆ ئەو مەبەستە رێگایەكی دیكەی جگە لە خۆكوژی لە ئاوەكانی ئەو رووبارەدا نەبوو؟ من ـ هەڵبەت ـ ئەزانم كە تەرمی سەففار ناچێتە عێراق چونكوو شەلەمچە دەڕژێتە كارونەوە.

سەرچاوە: سایتی اخبار روز




## پارمنیدس

سەدەی شەشەمی پێش زایین لە دایك بوو. سەرەتا لایەنگری فیساغورس بوو، بەڵام دواتر وازی لەم فەلسەفەیە هێناو لە تەمەنی ٦٥ ساڵیشدا لەگەڵ سوكرات یەكتریان ناسی. پارمنیدس یەكەمین كەسێكە كە لە سەر مێتافیزیك قسەی كردوەو بە "باوكی مێتافیزیك"ی دەزانن، هەرچەند كە ئەو ئەم چەمكەی بە كار نەهێنا بەڵكوو ئەم چەمكە بۆ یەكەم جار لە لایەن ئاندرۆ نیكۆس دۆرودس، سەدەیەك پێش زایین، كەڵكی لێ وەرگیرا.

پارمنیدس لە كتێبەكەیدا "لە سەر سروشت" تێگەیشتنی خۆی لە بوون روو دەكات و روونی دەكاتەوە كە بە پێشوازی فریشتەكان گەیشتۆتە درگای دادپەروەری. فریشتەكان درگاكانیان بۆ كردەوەو ئەویش چووە نێو رێگایەك و یەكێك لە فریشتەكان لە سەر سێ رێگا قسەی بۆ كرد:

١ـ رێگای یەكەم رێگای راستی بوونە كە تایبەتە بە خواكان و مرۆڤ ناتوانێت بچێتە ئەو رێگایەوە.

٢ـ رێگای دووەم رێگای مەزندەكانە (حدسیات) كە رووكاری شتەكان پێك دێنن و مرۆڤ پێ دەنێتە ئەم رێگایەوەو دەتوانێت لەم رێگایە تێبگات.

٣ـ رێگای سێیەمیش رێگای ئەو مەزندانەیە كە هاوشێوەی راستین.

بە بۆچوونی پارمنیدس بوون سەرمەدی و هەتاهەتاییە و گۆڕان و گۆڕانكاری هەڵ ناگرێت. پێكهاتن و لەنێوچوونیش لەو شتانەن كە لە بووندا نالوێن. چونكە بوون هەمیشە بووە، هەیە و دەشبێت و ناتوانێت لە هیچەوە دروست بووبێت. هەر لەو كاتەشدا ناتوانین بڵێین بوون لەنێو دەچێت. چونكە هەموو ئەو شتانەی كە مرۆڤ دەیانبینێت و دەیانڵێت رووكاری شتەكانن و راستی شتێكی دیكەیە، كەواتە ناتوانێت بڕیارێكی ئەستەمی لەم چەشنە بدات.

پارمنیدس پرسی "یەكەی سێ فاقە"ی بوون، فكر و وتەی هێنایە كایەوەو لەم بڕوایەدا بوو كە ئەم سێیە پێكەوەن و لێك گرێ دراون. پارمنیدس مەزندەكان و وتە هیچ‌وپووچەكانی پێ سەر بە "هیچ" بووو لەم باوەڕەدا بوو كە دەبێ پشتگوێ بخرێن، ئەو دەڵێت:"هەیە یان نیە". ئەو بوون و هیچ پێكەوە پێناسە دەكات و بە رای وی بوون زەینی نیە، چونكە جیهان فۆرمێكی بازنەیی هەیە. پارمنیدس لەم پێناسەیەدا باس لە "جیایی مێتافیزیك" ناكات، ئەو تەنیا دوو ئاست بۆ وتەو فكر لە بەرچاو دەگرێت و لێكیان جیا دەكاتەوە. هەڵبەت ئەو لە نێوان پلەی راستی (یان فكر)و مەزندەكاندا جیاوازی دەبینێت و لێكیان جیا دەكاتەوە.

لێرەدا پێویست دەكات كە روانگەی پارمنیدس لە سەر بوون رەخنەكاری بكەین:

پارمنیدس ناسینی هەقیقەتی لە مرۆڤ ئەستاندۆتەوەو كاری خۆی و فەیلەسووفەكانی دیكەی یەكلایی كردۆتەوە. ئەو ئەم رێگایە لە توانستی مرۆڤ بەدەر دەزانێت، كە هەر ئەو رێگایەیە كە فریشتەكە پێشنیاری پێ كردبوو.

پارمنیدس دەستی نەدایە دابەشكردنی جیهانی مێتافیزیك و دەتوانین بڵێین روانگەكانی وی ساكارترین و سەرەتاییترین روانگەیە كە لەم بوارەدا هاتۆتە ئارا. چونكە ئەو شتەی كە پەیوەندی بە ئاوەزەوە هەیە جیاوازە لە مەزندەكان و دەتوانین بە شێوەیەكی سەربەخۆو جیاواز تاوتوێیان بكەین، ئەمەش خاڵێكە كە ئەو باسی ناكات.

پارمنیدس بوونی بە دیاردەیەك دەزانی كە گۆڕانی بەسەردا نایەت و بە بۆچوونی ئەو، هەر چەشنە گۆڕانێك شتێكی ناراستەقینەیە. بەم كارەشی "كات"ی لە بوون دەربوارد كە ئەم خاڵە بە یەكێك لە كێشە هەرە سەرەكییەكانی مێتافیزیكی پارمنیدس دەژمێردرێت.

# رۆچنەیەك بۆ ئەدەبیاتی جیهان

و: ئازاد شێخی

## ئەدەبیاتی ئاسیا

(ب. ١)

ناساندنی ئەدەبیاتی ئاسیا بە پێی بەربەرینی زۆری ئەم قاڕەیە، زمان و نەتەوەو وڵاتانی جۆراوجۆرو زۆر دژوار كە ئەدەبیاتی رۆژهەڵاتی ناوین، هێندوستان (رۆژهەڵاتی دوور)، باشوورو و رۆژهەڵاتی ئاسیا، باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا، ناوچە دوورو نزیكەكانی دیكەی ئەم هەرێمە دەگرێتە خۆ. بەرهەمی ئەدەبی و ئاخێوی خەڵكی لە هەریەك لەم قاڕەیە لە رۆژئاواییترین تاوەكوو باشووریترین ناوچەی ئاسیاو ناوچەكانی دیكەی ئاسیا، تەنانەت ئەدەبیاتی كۆنی رۆژهەڵاتی ناوین و میسرە كە لە ئەفریقاو ئەدەبیاتی عەرەب لە مەراكیش تا هێندوستان و ئیسپانیاش دەگرێتە خۆ. روسیەی ئاسیایی ئاسیایی نیە.

رۆژهەڵات دایم كۆمەڵێك هێزو ئیعتیباری لە ئورووپا هەبووە. ئەوەش لە سەردەمی رێنسانسەوە بووە كە هێندێك لە ئەدیبان و شێوازی فكری فەلسەفی كە بە شێوەیەكی گرینگ و سەرەكی لە بوداییدا لە بەشە گەورەكانی ئاسیا پەرەی ئەستاندووەو بووەتە باو. لە ئەدەبیاتی ئەو سەردەمەدا بەتایبەت داستان و ئەفسانەكان كە لە رێگەی نووسەرە مەزهەبییەكانەوە گەیشتوونەتە ئێمە، كۆمەڵە داستانەكان لە رۆژگارە سەرەتاییەكاندا لە هێندو چین و لە قۆناخەكانی پێشترداو بەم دواییانەش وڵاتانی ئیسلامی و یەكەمین سەردەمەكانی چوونە نێو ئورووپا لە ئەدەبیاتی یونانی بە رادەیەكی زۆر بەرفراوان كاریگەری بووە لە كۆمەڵگاكانی سەردەمی سەدەكانی نێوەڕاست لە كۆمەڵە چیرۆكەكانی وەكوو: د. كامرون جیوانی بو كاچیۆ، ئەم چیرۆكانە بەتەواوی بە شێوەیەكی روون بنەماكانی ئەفسانەكانی رۆژهەڵاتیان هەیە. بەڵام دەبێ سەرنجی ئەوە بدرێ كە بارودۆخی كۆمەڵایەتی و ئەدەبی هیچكات ئەوەندە گەورە نەبووە ئەوەش كە لە ئورووپا گەورەتر بووە لە وڵاتەكانی خۆیان خۆی جێگای تێڕامان و قسەیە.



# هەڵدانەوەی چەند لاپەڕەیەکی مێژوویی ڕۆژنامەنووسیی کوردی

## لە دیمانەیەك دا لەگەڵ دوكتور هیمداد حوسێن

دیمانە: ڕەسووڵ سوڵتانی

**د. هیمداد حوسێن ساڵی ١٩٦٤ لە هەولێر لە دایك بووە. ساڵی ٢٠٠١ تێزی دوكتوراكەی لەسەر ڕۆژنامەنووسیی كوردی لە سەردەمی كۆماری كوردستان (٤٧ ـ ١٩٤٢) نووسیوە. ئێستا مامۆستا یە لە زانكۆی هەولێر.**

**پ: بۆ ئەوەی بگەڕێینەوە بۆ مێژووی سەرهەڵدانی ڕۆژنامەنووسیی كوردی دەكرێ بەراوردێكی مێژووی سەرهەڵدانی ڕۆژنامە لەلای كوردو نەتەوەكانی دراوسێ بكەی؟**

و: لە ڕاستی دا چەمكی ڕۆژنامەوانی بەشێوەیەكی گشتی لەلای میللەتانی ڕۆژهەڵاتی دەكرێ لە زۆر ڕووەوە جیاوازیی هەبێ لەگەڵ چەمكی ڕۆژنامەوانیو میدیا بەشێوەیەكی گشتی لەگەڵ كۆمەڵگا ڕۆژئاواییەكاندا. ڕاستە لە بنچینەدا لەڕووی ئەركو پەیامی كاری ڕۆژنامەوانیو میدیاوە لە زۆر ڕووەوە ڕەنگە نزیك بین لە یەكەوە، بەڵام لەڕووی مێژووی سەرهەڵدانو لەڕووی دەستپێكردنەوە دیارە ئەوانە پێوەندی بەو گۆڕانكارییە كۆمەڵایەتیو سیاسییانەوە هەیە كە لە سەدەكانی نێوەڕاستەوە ڕەنگە لە ئەورووپادا لە سەرەتاكانی كاری ڕۆژنامەوانی بەتایبەتی لە ئیتالیا لە ساڵەكانی ١٦٣٣ وە لە ڕۆژنامەی گازێتەوە بگرە، وردەوردە كاری چاپو چاپەمەنی لەلای ئەوان دا فراوانتر بووە.

بونیادی ڕۆشنبیریی ئەورووپاییو ڕۆژئاوایی جیاوازیی زۆری هەبووە لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژهەڵات. لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتیدا بەتایبەتی دەتوانم بڵێم لە كۆتایی سەدەی ١٩ و لە سەرەتای سەدەی بیستەم دا چاپخانە هاتۆتە ڕۆژهەڵاتەوە. ئەگەر سەرنج بدەین هەتا لە كوردستانی بندەستی عێراق (باشووری كوردستان) دەبینین ئەوەی من بزانمو ئاگاداریم هەبێ ڕاستەوخۆ لە سەرەتای جەنگی یەكەمی جیهانیدا لە ساڵانی ١٩١٥ دا مامۆستا سەید حوسێنی حوزنی موكریانی چاپخانەی لە ئاڵمان هێناوەتە حەڵەبو دواتر لەسەر داوای سەید تەها بردوویەتی لە ڕەواندوز كاری پێكردوە. لە كوردستانی ئێران دا سەرەتاكانی كاری چاپەمەنیو چاپخانە هەر بۆخۆی ڕەنگە لەلای فارسەكانیشدا ئەوەندەی خوێندبێتمەوە سەرەتاكانی كاری ڕۆژنامەنووسی لە ئێرانیش دا بۆ میرزاساڵحی شیرازیو ئەو سەردەمەی دەركردنی ڕۆژنامەی "وقایع الاتفاقیە" و "كاغذ اخبار" دەگەڕێتەوە یان لەلای توركاندا هەر بۆخۆی ڕۆژنامەو چاپخانە قاچاغ بووە. ئەگەر چاوێك لە مێژوو بكەین دەبینین تا ساڵەكانی ١٨٥٠ ڕێگە نەدراوە بە خەڵك كە چاپخانە دابمەزرێننو ئەوانەی كە چاپخانەیان دادەمەزراند دەبوا كەسێكی مەسیحی یا ئەرمەنی بن. ئەوە بۆخۆی ڕەنگە جۆرێك لە سانسۆڕو جۆرێك لە ڕەقابەو جۆرێك لە ڕێگریی بووە لەبەردەم بڵاوبوونەوەی هۆشیاریی خەڵكداو چەمكی ڕۆژنامەنووسیی كوردی. ئەگەر سەرنج بدەین، ئێمە ڕەنگە لەچاو میللەتانی دراوسێماندا، مێژووی ئێمە هاوكات لەگەڵ ئەوان دا دەستی پێ دەكات، یانی وەكوو مێژوو سەرەتاكانی مێژووی ڕۆژنامەوانی لە ڕۆژنامەی كوردستان لە ١٨٩٨/٤/٢ لەلایەن بەدرخانیەكانەوە كە پێشتر لە بواری شۆڕشگێڕیو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی كوردایەتی خەریك بوون لە عەبدولڕەحمان پاشا بەدرخانەوە لە ١٨٤٣و ١٨٤٧و دواتر یەزدان شێر لە ١٨٥٥ەوە چەند جارێك ئەوانە شۆڕشو بەرخودانی كوردایەتییان كردوە، بەڵام دواتر هاتنە سەر ئەو بۆچوونەی كە ڕەنگە قەڵەم ئەورۆكە یا ئەو سەردەمە جێگەی لوولەی تفەنگ بگرێتەوەو بتوانێ خزمەتێكی بەرفراوانی چەمكی هۆشیاریو ڕۆشنبیریی نەتەوەیی بێنێتە پێشێ. بۆیە چەمكی ڕۆژنامەنووسیی كوردی ئەگەر بە بەراورد لەگەڵ ئەو میللەتانەی دراوسێی خۆماندا چاوی لێ بكەین، پێم وایە چەمكی ڕۆژنامەنووسیی ئێمە هەر لە سەرەتاوە لە زۆر ڕووەوە ڕۆژنامەوانییەكی ئەهلی بووە، حكوومی نەبووە یان حیزبی نەبووە، ڕەنگە ئەوە بۆخۆی لەگەڵ چەمكی ڕۆژنامەوانیی ڕۆژئاوایی زۆرجار یەك بگرێتەوە كە دەبێ كەرتی تایبەت یان سەربەخۆ ئەركی ڕۆژنامەوانی بباتە سەرێ یان بەكار بێنێ بۆ هەموو مەبەستێكی تایبەتی، جا بەتایبەتی ڕیكلامو بازرگانی، تەماشا بكەین ڕۆژنامەوانیی ئەهلیی ئێمە خێزانێكی شۆڕشگێڕ چاپ كراوەو لە میسر وەكوو لە ناوو نیشانەكەیدا نووسراوە، دەڵێ من هەموو جار ئەو ڕۆژنامەیە چاپ دەكەم ٢٠٠٠ دانە بەبێ پارە دەنێرمەوە بۆ خەڵكی كوردستان بۆ ئەوەی ببەخشرێتەوە بەسەر خەڵكی دا. ئەگەر لەڕووی ناوەڕۆكەوە سەرنج بدەین هەم لە بواری ئینسانییەوە، هەم لە بواری نەتەوەییدا ڕۆڵێكی گرینگی گێڕاوە بە بەراورد لەگەڵ میللەتانی دراوسێی خۆماندا.

**پ: ئەم هەنگاوەی ڕووناكبیرانی كورد لەژێر كارتێكەریی ئەو بزاڤە دابوو كە لە ئیستانبوڵ دەستی پێ كردبوو؟**

و: ئەگەر ئێمە خوێندنەوەیەك بۆ كۆمەڵگەی كوردی ئەو سەردەمە بكەین، وەكوو دێتە بەرچاومان ئەو خێزانە بۆخۆیان خێزانێكی شۆڕشگێڕی گەورەی كورد بوون كە لە ژیانی سیاسیو ڕۆشنبیریی لە ئەستەنبوڵدا بینیبوویان كە ئەو بزووتنەوە ڕووناكبیرییە لە ڕۆژئاواوە دەگەیشتە ناو دەوڵەتی عوسمانی. بەتایبەتی ئەگەر سەرنج بدەین شتێكی خۆشو سەیریشە بەشی زۆری ئەو تازە كردنەوەو جموجۆڵە ڕۆشنبیریو ئەدەبیو ڕۆژنامەوانییە كوردیەی كە لە توركیای عوسمانی لەو سەردەمەدا هاتۆتە پێشێ كە بەتایبەتی دەتوانم بڵێم لە ساڵەكانی ١٩٠٥و ١٩٠٨ەوە كە دەستووری دووهەمی گوڵخانی عوسمانی دەرچوە بەشی زۆری ئەم تازە كردنەوەیە ڕۆژنامەوانیو ئەدەبیاتیو هونەری بۆخۆیان كورد بوون. بۆ نموونە كەسێك وەك "زیا وۆك ئاڵ" یەكێك لە كوردەكانی خەڵكی دیاربەكر بووە، دوكتور عەبدوڵڵا جەودەت بۆخۆی كورد بووە. ئیسحاق سكووتیو هەمزە موكسیو خەلیل خەیاڵی، یانی ناوەندی ڕۆشنبیری تازەكردنەوەو ڕۆژنامەوانی ئەدەبیاتی توركی، كوردەكان بۆخۆیان دەستیان داوەتێ. ئەوە بۆخۆی مایەی سەرنجدانە لەو سەردەمەدا.

**پ: وەك دەزانی ئامانجی ڕۆشنبیرانی كورد بڵاو كردنەوەی مەعریفە بوو لەنێو خەڵكی كوردستاندا، بزاڤی ڕۆژنامەوانی كورد چەند لەم بارەیەوە یارمەتیدەری خەڵك بوە؟**

و: هەر لە بنچینەدا، بنچینەیەكو مەعریفەیەكی كوردیی زۆر سەیر لەو سەردەمەدا دامەزراوە. لە ترسی زوڵمو چەوسانەوەی دەوڵەتی عوسمانی ئەو خێزانە بیریان لەوە كردۆتەوە شوێنێكی دوورە دەستی وەك قاهیرە هەڵبژێرن بەڵام دەبێ ئەوەشمان لەبیر بێ قاهیرە ئەودەم بۆخۆی سەنتەرێكی ڕۆشنبیریی گەورە بووەو ئەو كارگەیەی ناپلیۆن بناپارت هێناویەتی لە فەرانسە لەگەڵ كەشتیەكەی دا چاپخانەی هێناوە بۆ میسر، كردنەوەی قوتابخانەو دەركردنی ڕۆژنامە بە زمانی عەرەبیو فەرانسەییو ئەوانە بۆخۆی جووڵانەوەیەكی ڕۆشنبیریی گەورە بووە لە قاهیرە. لەبەر ئەوە كاریگەری باشی بووە لەسەر بونیادی ڕۆشنبیری كوردی بەڵام بە حەقیقەت كارێكی زەحمەتو قورس بووە. وەكوو ئێستاكەش نەبووە هۆكارەكانی پێوەندیو جەماوەری یان ماس میدیا هێندە ئاسان نەبووە. بەڵام من دەبێ ئەوەش بڵێم ناوەندی ڕۆشنبیریی كوردی ئەو ڕۆژە ناوەندێكی خوێندەوار نەبووە، هۆشیار نەبووە، یانی ئەگەر بەراورد بكرێ لەنێوان ژمارەی دانیشتووانی خەڵكو ژمارەی خوێندەوارانی ئەو سەردەمە هەر بە پەنجەكانی دەست دەژمێردران، هێندە خوێندەوار كەم بووە. من هەموو جارێ باس دەكەم هەتا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم، نەك ئەو كاتەش دواتریش لە ناوەند هەتا ناوەڕاستی سەدەی بیستەمیش خوێندەواری كوردیو قوتابخانە لە گوندەكانی كوردستاندا، لە لادێكانو لە شارەكاندا زۆر كەم بووە.

**پ: زۆر جار لەگەڵ ڕاپەڕینو بزووتنەوە نەتەوایەتییەكاندا تینو گوڕێكی نوێ هاتووە بەر بزاڤی ڕۆژنامەوانی، بەگشتی كارتێكەری بزاڤی نەتەوەییو بزاڤی ڕۆژنامەوانی لەسەر یەكدی چۆن بووە؟**

و: لە ڕاستی دا هەردووكیان چ ڕۆژنامەوانی ڕۆڵێكی كاراو ئەكتیڤ دەگێڕێ لەوەیكە ئاستەكانی شۆڕشو ڕێكخستنەكانی شۆڕشو ئەوانە بەرەوپێش بەرێو بەپێچەوانەشەوە دیسان ئەو شۆڕشو بەرخۆدانانەی نەك هەر لە كۆمەڵگای كوردیدا، من پێم وایە لە جیهاندا بە شێوەیەكی گشتی لە هەر كۆمەڵگایەك دا وەختێكی كە شۆڕشێك، ڕاپەڕینێك دێتە پێشێ ئاستی هۆشیارییو ڕۆشنبیریی خەڵك بەشێوەیەكی فراوان گۆڕانێكی گشتیو سەرتاسەریو وەرچەرخانێكی گەورەی تێدا پێك دێ.



پێش ئەوەی كە باسی ڕۆژنامەوانی بكەم با لە كاری هونەریو ئەدەبی بە شێوەیەكی گشتی ڕۆشنبیرییەوە سەرنج بدەین لە ماوەی هەزار ساڵی ڕۆشنبیریو مەعریفی ئەورووپاییەكاندا لە سەردەمی ڕێژیمی دەرەبەگایەتیدا هەمیشە ئەدەبیاتو ڕۆشنبیری بە ئاستێكی چەسپاوو ئارامدا تێپەڕیوە ئەدەبیاتو ڕۆشنبیری لە خزمەتی چینی دەسەڵاتو دەوڵەت بووە بۆیە گیانی یاخی بوونو ڕۆحی یاخی بوونو گۆڕان لە ناخی خەڵك دا زۆر كزو لاواز بووە. بەڵام وەختێكی شۆڕشی بورژوازیی فەرەنسی لە ساڵی ١٧٨٩ هاتۆتە پێشێ، ئەو گۆڕانكارییانەی لە بواری سیاسیو ئابووریو كۆمەڵایەتیدا هاتوونەتە پێشێ، پێویستی بەوە بووە كە ڕێبازێكی ئەدەبی تازە، بیركردنەوەیەكی ئەدەبی تازە بێنێتە پێشێ كە جیاواز بێ لەگەڵ ئەوەی پێش خۆی دا. لە بواری فیكری، فەلسەفیدا دەبینی كە لە بواری فیكریدا ڕێبازی ڕۆمانسیزم، لە بواری ئەدەبیاتدا وەكوو شێوازێكی تازە هاتۆتە پێشێ، لە بواری فیكریو فەلسەفیدا پرۆژەی ئینس كلۆپیدیای فەرەنسیدا جان جاك ڕۆسو، دیدریۆ مونتسكیۆ لە بواری پرۆژەی ئینسكلۆپیدیای فەرەنسیدا زەمینەیان بۆ شۆڕشی فەرەنسی خۆش كردبوو كە لە دواتر دا وردەوردە بوو بە زەمنینەیەكی ڕۆشنبیریی گەورەی خوڵقاندن لە بواری فیكریو مەعریفیو فەلسەفیدا.

لە دنیادا هەمووی وا بووە، دوای شۆڕشی ئۆكتۆبەری ڕووسیی ساڵی ١٩١٧ لە ڕووسیەدا بارودۆخێكی ئەدەبیی فیكری سەقافی ڕۆشنبیریی تازە هاتۆتە پێشێ، فەلسەفەی دەوڵەت گۆڕاوە بۆ ڕیالیزمی سۆشیالیستیو... لە كۆمەڵگای كوردی خۆماندا من تەماشا دەكەم هەرچەند جارێك گۆڕانێك یا بەرخۆدانێك یان شتێك هاتۆتە پێشێ ڕاستییەكی گەورەی چەسپاندوە. ڕاستییەكەش ئەوە بووە هەر كاتێكی كورد دەرفەتێكی بۆ ڕەخسابێ، باری سیاسییو ئابووری هێمن بووبێ كورد بایی ئەوی هەوڵ داوە كە ئاستی ڕۆشنبیرییو مەعریفیی خۆی بەرەوپێش بەرێ. زۆر بەڵگەم بە دەستەوەیە بۆ نموونە: لە ماوەیەكی زۆر كەمی شۆڕشەكانی شێخ مەحموودی نەمر لە سلێمانی (١٩١٨ تا ١٩٢٤) بەس ئەوەندە كە كورد هێمنیەكو ئارامییەكی هەبووە باری ڕۆشنبیریی كوردیو ڕۆژنامەوانیی كوردی گۆڕاوە كە سەرنج بدەین ڕۆژنامەی ڕۆژی كوردستان، ئومێدی ئیستقلال هاتوونەتە پێشێ، لایەنێكی ڕۆشنبیریی كوردیان بەرەوپێش بردوە. لە سەردەمێكی زۆر كەم، لە سەردەمی شۆڕشی سمكۆی شكاكدا كە ماوەیەكی ئێجگار كەمیش بووە، ڕۆژنامەی كورد كە لە سەرەتادا بەناوی ڕۆژی كوردو شەوی عەجەمو دواتر ناوەكەی گۆڕاوە بۆ ڕۆژی كورد یان لە سەردەمی دەورانی جومهووریەت هێندە مەیدانێكی فراوان بووە. كۆمەڵێك ڕۆژنامەو گۆڤارو ڕادیۆی دەنگی كوردستانو سینەماو كتێبخانە هەبووە.

**پ: بزاڤی ناسیۆنالیستیی كورد لە سەدەی ١٩ دا پێدەنێتە قۆناخێكی ئاوێتە بە وشیارییەوە، بەم پێیە یەكەم ڕۆژنامەی كوردی كە گەنجە كوردەكان لە هەندەران دەریان كرد چەند هەڵگری گوتاری نەتەوەسازی بوو؟**

و: لە ڕاستیدا بیری نەتەوەیی یان بیری ناسیۆنالیستی بۆخۆی مێژوویەكی كۆنتری هەیە لە ئەورووپاشدا، بەتایبەتی لە سەدەی ١٥ بەدواوە بەتایبەتی لەگەڵ بزووتنەوەی ڕێنسانسی ئەورووپاییدا وەكوو خاڵی وەرچەخانێكی گەورەو هاتنە كایەی زمانی نەتەوەییو بیری نەتەوەییو سنووری نەتەوەیی ئەو وڵاتە ڕەنگە ئەگەر لەكاری ئەدەبیدا (ئێمە ئێستا زیاتر باسی كاری ئەدەبی دەكەین) بۆخۆی كتێبی كۆمێدیای یەزدانی، كۆمێدیای ئیلاهیاتی دانتی، سەرەتاو بنچینەیەكی گەورەی بیری ناسیۆنالیستی لە ئەورووپادا. دەتوانم بڵێم زاتو وێرانو جورئەتێكی گەورەیە كە هەزار ساڵ لە ئەورووپادا كەنیسە بە زمانی لاتینی بەسەر خەڵكیدا فەرز كردبوو كە كاری هونەریو ئەدەبیو بیركردنەوە یان لە قاڵبێكی تەسكو بازنەیەك دابێ، ئەمە بۆخۆی زاتو وێرانێكی گەورە بوو كە كەسێكی وەكوو "دانتی" هات بۆخۆی هەموو ئەو ڕێچكانەی شكاند، گوتی من بۆ بە لەهجەی خۆم بە لەهجەی توسكانیو بە زمانی ئیتالیایی نەنووسمو ئیبداع نەكەمو داهێنان نەكەم.

من پێم وایە ئەو بیری نەتەوەییە بۆ كورد، ئەگەر بۆخۆشمان چاوی لێبكەین لە سەدەی نۆزدەهەم دا بەتایبەتی زۆربەی ڕۆژهەڵات ناسەكان ئەوانەی كە لەو بابەتە لە بیری ناسیۆنالیستیو كوردی دەكۆڵنەوە پێیان وایە، شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵا نەهری لە ساڵانی ١٨٨٠و ١٨٨١ دا بۆخۆی سەرەتایەكی زۆر گەورەی بیری نەتەوەیی كوردی هێناوەتەپێشەوە. بەتایبەتی بیری ناسیۆنالیستی كوردی بەرانبەر بە دەوڵەتی عوسمانی وەكوو دەسەڵاتێكی زەبربەدەستی ئەو ڕۆژە. گەنجە كوردەكان ناوەكەشی كە دەڵێن گەنجە كوردەكانی ئەو سەردەمە دامەزراندنی هێندێك كۆمەڵو ڕێكخراوی گرووپی وەكوو ئیتحادو تەرەقی لەناو دەوڵەتی عوسمانیدا توركە گەنجەكانیان بۆخۆیان دانابوو كە هەرچەندە بەداخەوە توركە گەنجەكان ڕاستە بەناوی توركە گەنجەكانەوە بوون كە دەیانگوت "گەنج قەڵم لار" قەڵەمە گەنجەكان یان توركە گەنجەكان، ناوەكەیان بە ناوی توركەوە بوو بەڵام بۆخۆیان كورد بوون. (هەر زۆربەیان كورد بوون) هەر ئەوانەی لەو سەردەمەدا هاتوونەتە پێشێ ئەو جەمعو گرووپانەی كە دامەزراون لە كۆمەڵێك هێڤییەوە بگرە یان ساڵانی ١٩٠٦ەوە دواتر ١٩١١ جەمعیەتی تەعالیو تەرەقی كوردستانو ئیتحادو تەرەقی كورد تەعاونو تەرەقی، ئومێد، ئەوانە كە كۆمەڵێك لەڕاستیدا لەو گرووپانە بەشی هەرە زۆریان ڕۆشنبیرو...

**پ: كۆی ئەو هەوڵانەی بۆ دەركردنی ڕۆژنامەو بڵاوكراوەی كوردی لە كۆتاییەكانی سەدەی نۆزدەو سەرەتاكانی سەدەی بیستەم دران چەند توانیویانە ببنە بنەمایەك بۆ كاری ڕۆژنامەوانی لەنێو كورد دا؟**

و: بێگومان ئەو دەسپێكە، دەسپێكێكی زۆر پیرۆزو گەورەی هەم نەتەوایەتی هەم ڕۆشنبیریو كولتووریی كوردیە. من پێم وایە ڕۆشنبیریی كوردیی ئێمە زۆر زۆر قەرزداری بە ڕۆژنامەوانیی كوردیە. ئەگەر چاو لێبكەین ڕۆژنامەوانی كوردی ئێمە وەختێكی كە دەستی پێكردوە، ئیمكانی چاپو چاپەمەنی ئەو بابەتانە هیچی لە كوردستان دا فەراهەم نەبووە، بۆیە من دەتوانم بڵێم ڕۆژنامەوانیی كوردی ئێمە نەك هەر ئەركی ڕۆژنامەوانیی خۆی وەكوو پەیامی میدیاو ڕۆژنامەوانی گەیاندوە، هاوكات لەگەڵ ئەوەشدا تۆمارێكی زیندوە بۆ نووسینەوەی مێژووی كوردیو ڕووداوو پێشهاتە كوردیەكان، بۆ بابەتە ئەدەبیەكان، بۆ شێعر، بۆ بابەتی هونەری، سیاسیو ... . لە ڕاستیدا من پێم وایە ئەورۆكە هیچ لێكۆڵەرێك لە بواری سیاسی یان مێژووییدا هەرگیز ناتوانێ باسی پێشهات یان ڕووداوە دێرینو كۆنەكانی مێژووی سیاسیو ڕۆشنبیرییو كولتووری كوردی بكا، ئەگەر پشت بەو ڕۆژنامانە نەبەستێ. بۆیە ئەو ڕۆژنامانە ڕۆڵێكی زۆر كاراو چالاكیان گێڕاوە لە تۆماركردنی هەموو ژیانی ڕۆژانەی خەڵك لە هەموو بوارەكانی دا، زۆرجاریش دەگوترێ كە دەركەوتنی ڕۆژنامە لەنێو هەر میللەتێك دا بۆخۆی خاڵی دەسپێكو هەنگاوێكی تازەیە كە بەرەو ژیانی شارستانیو ژیاریو مەدەنییەوە، كۆمەڵگایەك وەختێك كە ڕۆژنامەی تێدا دەردەچێو ڕۆژنامە دەوری خۆی دەبینێو ڕۆڵی دەبێ، دەبێ ئەو كۆمەڵگایە لە ئاستێكی هوشیاریو پێشكەوتنێكی بیریو فیكری دابێ. ئەگەر تۆ ڕۆژنامەیەك دەركەی بۆ كەمەڵگایەكی نەخوێندەواری جووتیاری، نە دەروو كاریگەری دەبێتو نە ئەسەرێك بەجێ دێڵێ. لە بەر ئەوە من پێم وایە ئەو دەسپێكە، دەسپێكێكی هێندە پیرۆزەو گەورەیە كە ئێمە هەمووومان خۆمان بە قەرزداری ئەو دەسپێكە گەورەیەی خێزانی بەدرخانییەكان دەزانین.

# سوسیال دێموکراسی چیە؟

## (بەشی چواردەیەم)

وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەنپوور

**بە مەبەستی خستنەڕووی بیروبۆچوونی جۆراوجۆر لەبارەی سۆسیالیزم و سۆسیال دێموکراسیداو هەروەها مۆدێل و ئەزموونەکانی سیۆسیالیزم لە وڵاتان دا، "کوردستان" وەرگێڕدراوی کتێبێك لە زمانی ئینگلیزیەوە لەبارەی سۆسیالیزم دا لەژێر ناوی "سوسیال دیموکراسی چیە؟"دا بە شێوەی زنجیرەیی بڵاو دەکاتەوە. ئەم کتێبە لە نووسینی ئینگڤار کارلسۆن و ئان ماری لیندگرێنە.**

ئەگەر ئێمە بتوانین ئەو دابەش کردنی دەسەڵاتە دەستەبەر بکەین ئەوسا بازرگانی تایبەت لە ناو سیستەمی بازار بۆ بەرهەمهێنانی کالوپەل - بەرهەمهێنانێک کە لە ڕێگای میکانیزمی نرخ دابەش کراوە - هەندێک لایەنی باشی هەن کە بە زەحمەت لە ستروکتۆرێکی پیشەسازی هەرەوەزی دەکرێ دروست بکرێتەوە، یەکێک لەو لایەنە باشانە دروست کردنی ناوەندی بازرگانی نوێیە.

### بازاری ئازاد

لە ماوەی دەیان ساڵی پاش شەڕی دووهەمی جیهانی - ئەوەی کە هەندێک جار وەک سەردەمی شەڕی سارد ناوزەد دەکرێت، هەر چەند ڕێژەی ساردی دەگۆڕا - دوو سیستەم لە بواری سیاسی و هەر وەها لە بواری ئابووریەوە بەرنگاریی یەکتریان دەکرد: دێموکراسییەکانی ڕۆژئاوا لە دژی دیکتاتۆری ڕۆژهەلات، بازاڕی ئازادی رۆژئاوا لە دژی ئابووری پلان داندراوی ڕۆژهەڵات. کاتێک کە دیواری بەرلین لە ١٩٨٩ ڕووخا و، لە گەڵ ئەو تەواوی سۆسیالیزمی مەوجود لە ڕۆژهەلات، ئەوە سەرکەوتنی دێموکراسی و بازاری ئازادی خستە ڕوو.

بەڵام مەبەست لە دەستەواژەی بازاری ئازاد چیە؟

بازار شوێنێکە کە ژمارەیەک فرۆشیاری سەربەخۆ کەلوپەلەکانیان دەهێنن بۆ ئەوەی کە بە ژمارەیەک کریاری سەربەخۆیان نیشان بدەن. و ئەگەر کریارێک شتێک ببینێت کە پێویستی پێ بێت، بە نرخێک کە بۆ ئەو گونجاو بێت، ئەوسا ئەوان مامەڵەیەک ئەنجام دەدەن. ئەگەر بە پێچەوانە نرخی کاڵایەکە زیاتر لەوە بێت کە کڕیار ئامادە بێت بیدات ئەوسا فرۆشیارەکە ناتوانێ کاڵاکە لە کۆڵ خۆی بکاتەوە. لە لایەکیتر ئەگەر نرخەکە زۆر نزم بێت، ئەوسا فرۆشیارەکان زەحمەتی هاتنە بازار بە خۆیان نادەن.

بە شێوەیەکی ساکار "بازاری ئازاد"، وەک مۆدێلێکی ئابووری، سیستەمێک نیشان دەدات کە لەوێدا دابین کردنی کەلوپەل بە میکانیزمی نرخ دیاری دەکرێت: دابین کردنی کەلوپەل لە خاڵی یەکگرتنەوەی ئەو نرخەی کە کریار ئامادەیە بیدات و ویستی بەرهەمهێنەران وەک قازانج لە کارەکەی خۆیان.

پێش‌شەرتی مودێلەکە ئەوەیە کە هاتن بۆ بازاری ئازاد بێت، واتە ئەوانەی کە دەخوازن کەلوپەل بەرهەم بهێنن و بیفرۆشن مافی ئەوەیان هەبێت کە بتوانن ئەو کارە بکەن، و ئەوانەی کە پارەیان بۆ کڕین هەیە بتوانن بە ئازادی ئەو شتە هەڵبژێرن کە دەیانهەوێت پارەی بۆ بەکار بهێنن. ئەو "سەوداکردنە ئازادە" وێدەچێ کە هەم بەکار هێنانی کاریگەریی سامانەکان بێت، کە لە ئابووریەکی سەرکەوتوودا پێویستە، و هەم فرەلایەنی کەلوپەل، کە ئاسایشی گشتی و ئازادیی هەڵبژاردن دەخوازێت. ئەوە ئەو کاریگەرییەیە، و ئەو ئاسایشی گشتی/ئازادی هەڵبژاردنەیە، کە بناغەی ئابووری و ئایدیۆلۆژیکی بۆ پاراستنی بازاری ئازاد دەستەبەر دەکات.

بۆیە پێش‌شەرتی ئابووری ئازاد ئەو شتەیە کە پێی دەگوترێ بازرگانی کردنی ئازاد. بەو واتایە کە هەر کەس کە حەزی لێیە، ئازاد بێت کە ناوەندێکی بازرگانی بۆ بەرهەمهێنانی ئەو کەلوپەلە کە ویستیاری هەیە بکاتەوە و بەڕێوەی بەرێت. هەر بۆیە لە گفتوگۆی سیاسیدا بازاری ئازاد وەک هاومانای "بازرگانی تایبەت" بە کار دێت.

هەر کردەوەیەک کە بە دژی بازرگانی تایبەت بکرێت یا خود بە دژی هاندەری سودی تاکیی، لە بەر چاو نوێنەرانی ئایدیۆلۆژیکی بازرگانیی تایبەت دەبێتە هێرش بۆ سەر "بازاری ئازاد" و هێرش بۆ سەر دێموکراسی.

بەڵام ئەو ڕاستییە کە بازرگانی تایبەت پێش شەرتی بازاری ئازادە، هەرگیز بەو مانایە نیە کە گشت چالاکییەک کە بناغەی لە سەر بازرگانیی تایبەت دانراوە بازاری ئازادە. هەر نەبێ بە گوێرەی کتێبی پێناسەی ئەو دەستەواژەیە.

ئەوەی کە پێویستە زۆر زیاترە لە بوونی کۆمپانیای بازرگانی تاکیی بۆ دڵنیا بوون لەوە کە "بازار" بە ڕاستی ببێتە هۆی کەڵک وەر گرتنی کاریگەر لە سامانەکان و ئاسایشی گشتی و ئازادی هەڵبژاردن مسۆگەر بکات، کە هۆی ئایدیۆلۆژی - ئابووری هەبوونی بازاڕە. بۆ وێنە پێویستە دڵنیا بین کە هیچ بەرهەمهێنەرێک بە تەنیا ئەوەندە زاڵ نەبێت کە بە تەواوی دابین کردن و لەو ڕێیەوە کۆنترۆڵی نرخی کاڵاکەی بە دەستەوە بێت، پێویستی دڵنیا بوون لە یەکسانی کڕیاران، بە جۆرێک کە هیچ گروپێک بە تەنیا دابین کردنی کاڵا بە هۆی داواکاریی تایبەت نەشێوێنێت. دڵنیابوون لەوە کە چوونە سەری ڕێژەی داواکاری بۆ کاڵایەک هەمیشە بە دابین کردنی ئەو کاڵایە جوابی بدرێتەوە و هەر کەس بتوانێ بە ئازادی تێکەڵاوی کێبەرکێ لە بازارێکدا بێت کە وا وێدەچێت قازانجی تێدا بێت.

هەر وەک نووسەرانی کتێبی ئابووریی نەتەوەیی زۆر جار ئاماژەی پێدەکەن، هیچ کات حاڵەتێکی وەها نەبووە کە لەوێدا هەموو ئەو مەرجانە لە یەک کاتدا بۆ بازارێکی ئازاد لە ئارادا بووبن، "جگە لە حاڵەتی کاتیی لە هەندێک بازاڕی ناوچەیی بەرهەمەکانی کشتوکاڵی نەبێت".

لە ڕاستیدا هەموو کڕیارێک وەک یەک بە هێز نین - هەندێک دەوڵەمەندتر لە ئەوانیترن و داواکاری ئەوان لە ڕوانگەی بەرهەمهێنەرانەوە گەلێک سرنج ڕاکێشترە، هەموو بەرهەمهێنەرێکیش وەک یەک بە هێز نین - هەمیشە یەکێک هەیە کە لەوانیتر گەورەترە و کە دەتوانێ کارتێکەری هەم لەسەر نرخ و هەمیش لە سەر چۆنیەتی کەلوپەل هەبێت. زۆر بە دەگمەن هەڵدەکەوێت کە دابین کردنی کەلوپەل تەنیا لە بەر زیاد بوونی داخوازی بۆ ئەوان زیاد بکرێت - داواکاری بۆ ئاپارتمان لە ناوچە پڕ حەشیمەتەکانی شارە گەورەکان ئێجگار زۆرە، بەڵام دابین کردنی ئەو داواکارییە مومکین نیە؛ ئەوە ڕێسایە کە زەوییەکی زۆر بۆ دروست کردنی خانووی تازە لەو شوێنانە گیر ناکەوێت. هەر چەند کە هاتنە ناو بازار بە قسە ئازادە، بەڵام ئەوە زۆرجار بە کردەوە سنووردارە، هەمیشە وا سادە نیە کە ئەوەندە سەرمایە کۆ بکەیەوە کە کامپیوتێر دروست بکەی، ئەگەر بمان هەوێ نموونەیەک بێنینەوە.



بەڵام بازارێکی بەخەوشیش (Imperfect) (بۆ ئەوەی کە دەستەواژەی جێکەوتوو بەکار بهێنن) هەڵبەت بازارە، لەو ڕووەوە کە ئەوە نرخە کە هەم دابین کردن و هەم داخوازی کۆنترۆڵ دەکات. بەڵام، ئەوە زۆر گرنگە، هەم دابەش کردنی سامانەکانی بەرهەمهێنان و هەم دابەش کردنی بەرهەمەکان کەمتر کاریگەر و کەمتر دادپەروەرانە دەبێت لەوەی کە ئەگەر بازاڕ بێخەوش بایە.

### خەون و هیوای ڕاستی

بازاڕەکانی ڕاستەقینە - یا ئەگەر مرۆڤ بیهەوێت ئەوان وەک ئەو بازارە کە لە ڕاستیدا بوونی هەیە ناو ببات - زۆر بە دەگمەن لە گەڵ خەون و هیواکانی ئابووریی بازار دەگونجێن. ئەوان ڕەنگ دانەوەی هێزەکانی ئابوورین کە لە شوێن و کاتی دیاری کراودا لە ئارا دان و نەک کاریگەرترین شێوازی دابەش کردنی سامانەکان. هەر وەک زۆر نموونەی دڵناخۆشکەر نیشانی دەدەن، ئەم جۆرە نایەکسانییە لە بازاڕ زۆر جار دەبێتە هۆی ناکارامەیی و هەندێک جار زۆر بە ئاشکرایی دەبێتە هۆی کەڵک وەرگرتنی وێرانکەر لە سامانەکان. کۆمپانیاکانی خاوەن سەرمایەی ئێجگار زۆر، گەلێک جار بێ بەزەییانە سامانە سروشتییەکان بە قازانجی خۆیان دەڕووتێننەوە. بەرهەمی زیانبەخش و تەنانەت پڕ مەترسی لە حاڵەتێک دا کە کڕیار لە ئاستێکی ژێر دەست دابووە فرۆشراون، وەک ئەو کاتانە کە گەورە کۆمپانیا بەرهەمهێنەرەکانی دەرمان بە شێوەیەکی بێبەزەییانە دەرمان بە وڵاتە هەژارەکان دەفرۆشن، دەرمانێک کە لە لایەن وەزارەتی تەندروستیی وڵاتە دەوڵەمەندەکانەوە دانی پێدا نەهاتووە و پێی قایل نین. لە حاڵەتی وەهادا کە هێزی کرێکار ژێر دەستە، ئەو کات مووچەکان گەلێک جار زۆر کەمە و شوێنی کار ناسالم و تەنانەت مەترسیدارە.

هەموو ئەوانە - بە گشتی جیا لە بارە ڕەوشتییەکانی لەبەرچاو نەگرتنی تەندروستی خەڵک - بە فیرۆدانی زۆر جیددی سامانەکان دەردەخات.

بەشی زۆری ڕەخنەی کلاسیکی سۆسیال دێموکراسی لە "بازار" هەروەها بەشێکی بەرچاوی ئەو ڕەخنەیەی کە ئەورۆ باس دەکرێت، لە ڕاستیدا ڕەخنە لەو ناتەواوییانەیە، ئەو شێواوییانەی کە لە بازاڕەکانی مەوجوددا هەیە. کاتێک کە هاندەرەکانی سەدەی نۆزدەهەم هێرشیان دەبردە سەر هێزەکانی بازار، کە ڕێگایان بە بازرگانان دەدا نوقمی ناز و نیعمەت بن لە کاتێکدا کە مناڵەکانی ژنانی بەرگشۆر هەتا نانی خواردنیان نەبوو، ئەوان ڕەخنەیان لەو نایەکسانییە ئابوورییە دەگرت. بە دابەش کردنی دادپەروەرانەتری داهاتەکان، ژنانی بەرگشۆر هەم توانای کڕینی نان و هەم خواردەمەنی بووژێنەرەوەیان دەبێت لە کاتێکدا کە بازرگانەکان دەبێ لە بەکارهێنانی لە ڕادەبەدەری کەلوپەل کەم بکەنەوە، بە بێ پێویستی کەمترین دەست تێوەردان لە میکانیزمەکانی خودی بازار. بە پێچەوانە، ئەم شێوە بڵاو کردنەوەی داهات ڕێگا بە دانیشتووان دەدات کە لە مودێلی نموونەیی بازار نزیک ببنەوە.

"لاپەڕی ئازاد" دەرەتانێکە بۆ هاتنەگۆڕی بیروڕای جیاواز لە بارەی مەسەلە جۆراوجۆرەکان لە "کوردستان"دا. "کوردستان" تەنیا وەك مەیداندان بە بۆچوونی جیاوازو ڕێزلێگرتنیان ئەم دەرەتانەی پێك هێناوە، ئەگینا نووسەران خۆیان لە نێوەرۆکی ئەو بۆچوونانەی لەم لاپەڕەیەدا بڵاودەبنەوە، بەرپرسیارن.

# تا بۆ زمان و کولتوورو ئەدەبیاتی پیاوسالار

کوێستان فتوحی

**چونکە لێبڕاوین، ژنان چالاکانەتر بەشداری لە خەبات دا بکەن و نەخش و رۆڵیان لە نێو کۆمەڵدا بەگرنگ وەربگرین، پێویستە زمان و ئەدەبیاتەکەشمان لە خزمەت ئەو ئامانجانەدا بێ.**

کولتووری زاڵ لە کۆمەڵگەی کوردستاندا کولتوورێکی پیاوسالارانەیە، زمان و ئەدەبیاتی کوردی لەو بەستێن و بوارانەن کە ئەم راستییە لەوان دا رەنگی داوەتەوە. لە کولتووری پیاوسالاریدا ژن لە زۆر مافی ئینسانی بێبەشە لەگەڵ ئەم بێبەشییەش دا سووکایەتی پێدەکرێ و بە ئەنقەست دەخرێتە پەراوێزەوە.

لەم پێوەندییەدا دەکرێ زۆر نموونە لەو ئیماژانە بێنینەوە کە ئەم راستییانە دەسەلمێنن. لە زمان و فولکلۆرو ئەدەبی کوردیدا ژن وەك زۆر بوارەکانی دیکە یا پشت گوێ خراوە، یان سووکایەتی پێکراوەو ئازار دراوە. زەعیفە، ژنانیلە، حیسابی ژنێکت بۆ ناکەم، سەگ بە ژن ناوەڕێ، پیاو نازانێ چی بڵێ، پیاوەتی بکە، کوڕانی گەل، کوڕی رۆژی تەنگانە، پیاو چاك زۆرن و هتد. ئەو وشەو زاراوانەن کە لە زمانی کوردیدا بەردەوام بەرگوێمان دەکەون.

دیارە ئەم جۆرە ئیماژانە لە هێندێك زمانی دیکەشدا دەبینرێن، وەك زمانی فارسی کە پڕن لە سووکایەتی و بەکەمگرتنی رەگەزی مێینە. بەکارهێنانی ئەم جۆرە ئیماژانە لە زمان دا لەمێژە لە لایەن فیمینیستەکانەوە دراونەتە بەر رەخنەو بە دواکەوتوویی و بە نیشانەی کولتوورو زاڵبوونی پیاوسالاری لە بەستێنی زماندا وەلانراوەو داوا کراوە زمان و کولتوور لەم بارەیەوە پاك بکرێتەوە.

تەنانەت ژنانیش بە هۆی ریشەداکوتانی ئەو کولتووره نابەرابەرو کۆنەپەرستانەیەو گەورەبوون لەگەڵیدا، بە بێ ئەوەی بۆخۆیان هەست پێبکەن زەمیرێکی پیاوسالارانە لە ناخیاندا جێی گرتووە زۆر جار (لە رەفتارو قسەیاندا) لەخۆیانی نیشان دەدەن. ئەو ئیماژە دژ بە ژنانە لای ئەوانیش جێی گرتووەو، بێ بیر لێکردنەوەو بێ سڵ کردن بەکاریان دێنن.

ئایا دەکرێ ئەو ئیماژانە لە زمان و کولتوورو ئەدەبەکەماندا بسڕینەوە؟ بێگومان دەکرێ زمان و کولتووری خۆمان بژار بکەین و وابکەین لە خزمەت یەکسانیی ژن و پیاودا بن نەك بالادەستیی رەگەزێك و بەکەم و سووك سەیر کردنی رەگەزێکی دیکە. ئەگەر بمانەوێ لە کولتووردا ریفۆرم بکەین، دەتوانین لە زمانیشدا ئەو ریفۆرمە بکەین و ئیماژەکانی بەرهەمی هێژموونی زاڵی رەگەزێك بسڕینەوە. دەتوانین بە ژنێکی ئازاو بوێر نەڵێین "ئەوەیە ژن دەڵێی پیاوە"! یان بە پیاوێکی ترسنۆك نەڵێین "دەڵێی ژنە"! بوێری و ئازایەتی تەنیا نەکەینە سیفەتی پیاوان. بەکاربردنی ئەم شێوە ئیشارەو ئیماژانە لە لایەن ژنانەوە شەرعییەت دانە بە کەمگرتنی مرۆڤی مێینەیە. ئەگەر لە زمان و کولتوورو ئەدەبی نەتەوەکەی خۆمان ورد بینەوە دەبینین پڕن لەو ئیماژانە کە ژن بە مرۆڤێکی ساویلکەو کەم عەقڵ، ترسنۆك، مایەفیتنە، دادەنێن و پڕن لە سووکایەتی بە ژن.

رەنگە باس کردن لە بوونی ئیماژەکانی پیاوسالاری لە کولتوور زماندا بەلای زۆر کەسەوە هەر گرنگیش نەبێ، چونکە تێگەیشتکێنی ئینسانییان لەم مەسەلەیە نیە، یان هەر لە جێدا لە بیرکردنەوەدا پیاوسالاری و ژن بە کەم گرن. بەڵام ئەو کەسانە کە ئەدبیاتێکی پیاوسالارانەی زاڵ دەکرێ. ئەگەر سەیری دەفتەرو دیوان و وتارو نووسینەکانی شاعیران و نووسەرانی سەر بەم حیزبە بکەی بۆت دەردەکەوێ کە زۆربەی ئەوانیش لەم پێوەندییەدا رەخنەیان لەسەرە. چونکە بەرهەمەکانیان پڕە لە وشەو دەستەواژەی پیاوسالارانەی وەك "مێر" و "جوامێر" و "پیاوەتی" و کوڕانی گەل" و "مەردو رەند" و هتد. یا کاتێك باس لە پێشمەرگەو لاوانی خەباتگێڕو بەندییە سیاسی و شەهیدەکان دەکەن، تەنیا رەگەزی نێرینەیان لەبەرچاوە. هەر بۆیە بەبەردەوامی دووپاتی دەکەنەوە کە ئەوانە "کوڕی" نەتەوەکەی



خۆیانن. هەر وابزانە کچان و ژنان لە نێو ریزی پێشمەرگەو خەباتکاران و بەندییە سیاسییەکان و شەهیدان دا، حوزووریان نیە!

حیزبی دیموکراتی کوردستان ئەمڕۆ باس لە نوێبوونەوەو بەخۆداچوونەوە دەکا، ئەم نوێبووونەوەو بەخۆداچوونەوەیەی حیزب بانگەشەی بۆ دەکا پێویستە لە هەموو بوارەکانی ژیانی ئەو حیزبەدا رەنگ بداتەوە، یەکێك لەو بوارانەی کە بەڕاستی پێویستە بەخۆداچوونەوەو نوێبوونەوەی تێدا بکرێ زمان و ئەدەبیاتێکە کە حیزب کەڵکی لێوەردەگرێ. حیزب هەمیشە شانازی بە ئەدەبیاتی سیاسیی خۆی کردوە گوتوویە کە زمانێکی خاوێنی هەبووە. باشە خاوێن لە چ بوارێك دا؟ ئەگەر ئەم قسەیە راستیش بێ ئەدەبیاتێکی بە دوور لە جنێوو قسەی ناشیرین بەرامبەر بە نەیارانی بووە، زۆر بەجێیەو دەبێ لە داهاتووش دا هەر وابێ. بەڵام هەر ئەو زمان و ئەدەبیاتە ئەگەر لە لایەنێکی دیکەوە سەیری بکەین، دەبینین کە زۆر ئیماژەی تێدان کە ئەگەر بە بیری یەکسانیخوازییەوە لێی بروانین، ناڕاستەخۆ دژ بە رەگەزی مێینەن، یا لە خزمەت کەلکوەرگرتن و لە پەراوێز خستنی ئەو رەگەزە دان.

لە هەر کۆڕو کۆبوونەوەیەکی سیاسی حیزبی دیموکراتدا، بە دەیان جار گوێمان لەم ئیماژانە دەبێ:

بەرادەران! کوڕەکان! کوڕانی دیموکرات درێژەدەرانی رێگای شەهیدانن، کوڕانی رۆژی تەنگانە، پیاو دەبێ بیر بکاتەوە، پیاو خۆشحاڵ دەبێ .....پیاو، پیاو! ئەو وشەانە لەحاڵێکدا لە دەمی زۆر لە کۆڕگێرەکان و بەرپرسانی دیموکرات دەێنەدەرو رووبەرووی بەشدارانی کۆڕو کۆبوونەوەو سیمینارەکان دەکرێنەوە، کە ژنان و پیاوانی دیموکرات تێیاندا بەشدارن! ئەمانە ئەدەبیاتی زۆر لە تێکۆشەرانی حیزبی دیموکراتن. لەم ئەدەبیاتەدا رەگەزی مێینە غایبەو نابینرێ. ئەگەر بۆ خەڵکی ئاسایی ئەمانە شتێکی ئاسایی بن، بۆ حیزبێکی پێشکەوتووو ئازادیخواز کە بانگەشەی مۆدێڕن بوون و یەکسانیخوازی دەکا، نەك هەر نابێ ئاسایی بێ، بەڵکوو دەبێ بە کەمایەسییەکی گەورەی بزانێ. بەم هۆیەوە کە دەمانەوێ کۆمەڵگاکەمان بەرەو یەکسانی و دادپەروەری و ئینسانی بوون ببەین، هەروەها چونکە لێبڕاوین، ژنان چالاکانەتر بەشداری لە خەبات دا بکەن و نەخش و رۆڵیان لە نێو کۆمەڵدا بەگرنگ وەربگرین، پێویستە زمان و ئەدەبیاتەکەشمان لە خزمەت ئەو ئامانجانەدا بێ. برەوپێدانی ئیماژەکانی یەکسانیخوازی و دادپەروەری یەکێکە لە ئامرازە کاریگەرەکانی ریفۆرم و نوێبوونەوە. بۆیە پێویستە هەوڵی جیددی بدرێ بۆ سڕینەوەی پیاوسالاری لە نێو زمان و ئەدەبیاتێك کە تێکۆشەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و بەگشتی تێکۆشەرانی سیاسی و مەدەنیی کورد بەکاری دێنن.

هیوادارم لە پێشدا ژنان ئەم ریفۆرمە لەخۆیانەوە دەست پێبکەن و هەوڵ بدەن بۆ سڕینەوەی پیاوسالاری لەو زمانەی پێی دەدوێن و، تێبکۆشن بۆ جێگیر کردنی ئەدەبیاتێکی ئینسانی و تێکەڵ بە یەکسانی.

با ئێمە ژنان شانبەشانی ئەم بەخۆداچوونەوەیە، لە حیزب و رێکخراوە سیاسییەکانیشمان، لەو دامەزراوانەش کە کاری تێدا دەکەین لە میدیاکان و دەزگا پێوەندیدارەکانیش چیتر قبووڵ نەکەین ئەو ئیماژانە بەکار بهێنرێ کە سووکایەتی بە مرۆڤی مێینە دەکرێ. دەبێ وا نیشان بدەین چاو بە زمان و ئەدەبیاتەکەیان دا بخشێنینەوەو، ماڵاوایی لە زمان و ئەدەبیات و کولتووری پیاوسالارو ژن بەکەمگر بکەن.

پەیڤ

# "دێموکراتەکانی ئەمڕۆو دیکتاتۆرەکانی سبەی"

کەریم محەممەدی

کۆمەڵگای کوردی یەکێك لەو کۆمەڵگا داخراوانەیە کە کەلتووری ئایینی، تابۆو ئیدئۆلۆژییە داخراوەکان تێیدا ئامادە بوون و کۆی بوارەکانی ژیانیان (سیاسی و کۆمەڵایەتی) داگیر کردوە. ئەم کۆمەڵگایە دەسەڵاتێکی سیاسی دێموکراتیکی تاقی نەکردۆتەوەو تەنیا دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکان حوکمیان بە سەردا کردوە. پەروەردەیەکی دێموکراتیك بوونی نەبووەو کولتووری توتالیتار ریشەی داکوتاوە. لەوەها دۆخێکدا کە تا هەنووکەش بەردەوام، چاوەڕوانی هاتنە ئارای کەسایەتییەکی دێموکراتیك رەنگە لە جێی خۆیدا نەبێ. ئەم دۆخە تەنیا کاراکتێرێك کە بەرهەمی دێنێ، کەسایەتییەکی دۆگمایە کە ژیان و تێڕوانین و تێفکرینی بە سەر دوو بەرە، رەش و سپی، چاك و خراپ، راست و درۆ، کافرو موسوڵمان، بەهەشت و جەهەنەم و... دابەش کردوە.

ئەگەر ئەم پێناسەیەی مەریوان وریا قانع بۆ دۆگماتیزم کە "دۆگماتیزم مانای باڵا دەست بوونی بیرێك، بۆچوونێك یا سەرنجێك بە سەر کۆی تواناکانی بیرکردنەوەو تێڕامان و تێفکریندا تا رادەی ئیفلیجکردنی هەمەلایەنەی ئەم توانایانە بە شیاو بزانین، دەبینین کاراکتێرێك بەم بیرکردنەوەوە لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئێمەدا دەور دەبینێ و باڵادەستە.

لە کۆمەڵگای کوردیدا کەباس لە دۆگماتیزم دەکرێ راست وێنای ئایینی و ئەو کەسانەی کە خاوەن ئیدئۆلۆژییەکی داخراون لە زینی ئێمەدا نەخش دەبەستێ. بەڵام ئەوەی راستی بێ ئەم کولتوورو شێوە روانینە لە زۆربەی کەسایەتییە بە ناو دێموکرات و ئازادیخوازەکانماندا ئامادەیەو لە کات و ساتی خۆیدا کارەساتی کوشەندەتر لە پیاوانی ئایینی دەخولقێنێ.

ئەگەر ئەم پرەنسیبە لە بەرچاو بگرین کە پارتی سیاسیی دیاردەك نیە لە دەرەوەی کۆمەڵگا دابێ و رەنگدانەوەی ئاستی هۆشیاریی سیاسی و کۆمەڵایەتییە، یان بەواتایەکیتر پارتی سیاسی لە پێوەندی لە گەڵ کۆمەڵگاو پێکهاتەی سیاسیدا پێناسە دەکرێ. ئەو کاتەیە کە دەبینین ئەم کولتووره دۆگمایە کە بەرهەمی کۆمەڵگایەکی داخراو لە چەشنی کۆمەڵگای کوردییە لە شێوەو فۆرم و لە ژێر ناوی جیاوازدا لە نێو پارتە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانیشدا ئامادەیە.

مەبەست لەم نووسینە کورتە ئاوردانەوەیەکە لەم چەشنە بیرکردنەوەیە لە نێو پارتە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانداو خستنە رووی هەندێك پرسیار.

ئەم کەسایەتییەو شێوە ڕوانینە لە نێو پارتەکاندا، تا کاتێك لە دەرەوەی ناوەندەکانی دەسەڵات و لە هەوڵی بە دەست هێنانی دەسەڵاتدایە لە هەموو مکانیزمە دێموکراتیك و نادێموکراتیکەکان کەڵك وەردەگرێ و هەموو شێوازێك بۆ بەرەنگاربوونەوەی دژبەرەکەی بەرەوا دەزانێ. بەڵام هەر کە بوو بە سەرکردەو خۆی لە بازنەی دەسەڵاتدا بینییەوە دەست دەکا بە داخستنی هەموو بەستێنە ئازادو کراوەکان لە نێو پارتدا. ئەم کەسایەتییە دیماگۆگە کە پێش گەیشتن بە دەسەڵات ژێستی دێموکراتیك و بانگەشەی گەلێك بەهای دێموکراتیك دەکا، پاش گەیشتن بە دەسەڵات روانینێکی دۆگماتیکی بۆ حیزبایەتی، چەشنی بیرکردنەوەو پێوەندییەکان هەیە. ئەم کەسایەتییە هەوڵ دەدا ئەو خوێندنەوەیەی کە بۆ کاری سیاسیی و شێوازی حیزبایەتی هەیەتی گشتگیری بکاو شێوازو روانینێکی دیکە لە دەرەوەی خۆی بەرتەسك کاتەوەو مەجالی کار کردنی پێ نەدا. ئەم کەسایەتییە تا ئەو کاتەی لە چواچێوەی بیرکردنەوەو مۆدێلی ئەو بۆ حیزبایەتیی بجولێتەوە بە کەسێکی ئاگا، هۆشیارو دڵسۆز بۆ حیزبت دادەنێ. بەڵام هەر لە دەرەوەی بیر کردنەوەکانی ئەودا کار کردو هەوڵت دا رەخنە لە کارو شێوەی بیرکردنەوەی بگرێ تۆ وەك کەسێکی ئاژاوەگێڕ، نا دڵسۆز بۆ حیزب، تێکدەرو سەر بە لایەنی دەرەکی و.... پێشان دەدا.

ئەگەر ئاورێکی کورت لە مێژوو بدینەوە نموونەمان زۆرە لەو بزاڤ و کەسایەتییانەی کە لە قۆناغی تێکۆشاندا بانگەشەی، رزگاری، ئازادی و یەکسانی و... دەکرد بەڵام لە دوای گەیشتن بە دەسەڵات لە جیاتی ئازادی دەستیان کرد بە مۆنۆپۆل کردنی کۆمەڵگاو کوشتنی ئازادییەکان، لە جیاتی دادپەروەری و یەکسانی بەرهەم هێنەری هەژاری و برسیەتیی بوون. ئەو کەسایەتییانەی لە دوای گەیشتن بە دەسەڵات پشتیان لە کۆمەڵگاو هەموو ئامانجەکانیان کرد. لێرەدا ئەم پرسیارانە دێنە ئاراوە کە رێبەرێکی دۆگماتیك کە لە نێو پارتەکەی خۆیداو لە هاوسەنگەرانی رەخنە، نارەزایەتیی و شێوە روانین و بیرکردنەوەیەکی جیاواز قبووڵ ناکاو زۆر پێشگرو پاشگریان دەداتە پاڵ، ئەگەر دەسەڵاتی سیاسی بگرێتە دەست، ئایا قەڵەمی رۆشنبیران و جیابیران وردوخاش ناکا. ئایا هەموو نارەزایەتییەك لە نێو کۆمەڵگادا سەرکوت ناکا؟ ئایا هەموو دەرگاکان بە رووی چەشنێکی دیکە لە بیر کردنەوەدا داناخا؟ ئایا ئەم سیستم و شێوە بیرکردنەوەیە بە دەزگای پشکنین و بیروڕاو سەرکوتی مرۆڤەکان بە دڕندانەترین و توندوتیژترین شێوە کۆتایی پێ نایە.

## کوێستان نستانی:

# عەبدوڵڵا حەسەنزادە تەنها کەسایەتییەکی سیاسی نەبووە، بەڵکوو کەسایەتییەکی ئەدەبی و سیاسی بووە



کوێستان نەستانی لە ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی (١٩٨٤)ی زایینی لە کاتی ئاوارەیی دا لە چوالان سەر بە شاری سەردەشت لە دایك بووە.

ـ لە تەمەنی سێ ساڵییەوە لە نێو کەمپەکانی حیزبی دێموکرات دا ژیاوە، قۆناغی سەرەتایی لە قوتابخانەی (نیشتمان) لە بناری قەندیل و لە شاری کۆیە لە نێو کەمپی حیزبی دێموکرات دا تەواو کردوە.

ـ قۆناغی ناوەندی و دواناوەندی (راهنمایی، دبیرستان)ی هەر لە شاری کۆیە تەواو کردوە.

ـ لە ساڵی ٢٠٠٣ـ ٢٠٠٤ لە زانکۆی کۆیە لە کۆلێژی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە بەشی مێژوو وەرگیراوە.

ـ ساڵی ٢٠٠٧ لیسانسی لە بەشی مێژوو وەرگرتوە.

ناوبراو ئەم دواییانە کتێبێکی لەسەر کەسایەتیی سیاسی و فەرهەنگیی عەبدوڵڵا حەسەن زادە، سیاسەتمەداری ناسراوی کورد چاپ و بڵاو کردۆتەوە. "کوردستان" بەم بۆنەوە چەند پرسیارێکی ئاراستەی نووسەر کردوە.

دیمانە: رەحمان سەلیمی

**پ : پێت وایە ئەوە رەوتی رووداوەکانی مێژوون کە کەسایەتییەکان دەخولقێنن یا ئەوە کەسایەتییەکانن کە مێژوو دروست دەکەن، یا روونتر پرسیارەکەم ئاراستە بکەم، حیزبی دێموکرات کەسایەتیی حەسەن زادەی دروست کردوە یان حەسەن زادە و کۆمەڵێك رێبەری دیکە مێژووی حیزبیان خولقاندوە؟**

و: پێم وایە هەڵەین کە بڵێین رێبەر خولقێنەری مێژووە جا مێژووی حیزبێك بێ یان نەتەوەیەك یا... چون رێبەران مێژووی حیزبیان نەخولقاندوە، ئەوە میللەتە، شەهیدەکانن، بەهاکانن، رەمزەکانن، ئەوانەن کە لە مێژووی هەر نەتەوەیەکدا توخمەکانی پێکهێنەری مێژوون. ئەوانە پێکهێنەری مێژووو دروستکەری رێبەر بوون و حیزبی دێموکراتیش بە هەمان شێوەیە. گومان لەوەدا نیە کە حیزبێکی سیاسیی رۆژهەڵاتی کوردستان وەك حیزبی دێموکرات کە خاوەنی سێ رێبەری شەهیدی بە ئەزموونی وەك قازی و قاسملووو شەرەفکەندی بووە و هەیە کە هەرکام لە سەردەمی خۆیان دا کەسایەتییەکی بە هێز بوون لە ئاست پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان و کوردستان دا بە گشتی. چون مێژوو شتێك نیە جگە لە گێڕانەوەی رووداوەکان و راڤە کردن و گەڕان بە دوای پێوەندیی نێوان رووداوەکان و یاسامەند کردنی ژیانی کۆمەڵی مرۆڤەکان لە بیاڤگەلی کۆمەڵایەتی، کلتووری و سیاسی و.... دا

کە باس لە پاڵەوان (کەسایەتی) بکەین دەبێ بڵێین پاڵەوانان بەشێك لە پێکهێنەرە سەرەکییەکانی مێژوون، بەڵام چۆن و چ کاتێك؟ بێگومان ئەوە پێوەندی بە رەوتی رووداوەکانەوە هەیە، واتە لێرەدا پاڵەوان (کەسایەتی) و رووداوەکان پێك هێنەری ئەو مێژوویەن کە نەتەوەیەك یان میللەتێك دەبێتە خاوەنی.

لە وەڵامی ئەوەش دا کە حیزبی دێموکرات حەسەن زادەی دروست کردوە دەتوانرێ بەسەر دوو قۆناغ دا دابەش بکرێ. یەکەم: بە پێی ئەو ژێدەرانەی کە باس لە رابردووی حیزبێکی دێموکرات دەکەن ناکرێ رۆڵی سیاسیی حەسەن زادە فەرامۆش بکرێ کە هەر لە سەرەتای ساڵی ١٣٤٦ی هەتاوی (١٩٦٧ی زایینی) پەرپیوەی باشووری کوردستان دەبێ، (٤ ساڵ پاش کۆنگرەی دووەم و نزیك بە ٤ ساڵ دوای پەلاماری ساواك کە لەو کاتەدا لەگەڵ هاوڕێکانی‌تری لە ژێر دەسەڵاتی شۆڕش دا دەمێنێتەوە، ئەوکات سەرکردایەتیی شۆڕش لە باشووری کوردستان تا رادەیەکی زۆر کەوتبووە ژێر نفووزی حکوومەتی شای ئێران) لە هەوڵ و خەبات دا دەبێ. بۆیە دەکرێ بگوترێ کە حیزبی دێموکراتیش حەسەن زادەی پەروەردە کردوە و ناساندوویەتی.

دووەم: لە دوای شەهید بوونی رێبەرانی حیزبی دێموکرات (قاسملووو شەرەفکەندی) عەبدوڵڵا حەسەن زادە وەك کەسایەتییەکی بە هێزی نێو بزووتنەوەی رزگاریخوازیی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەرکەوتوە و توانیویەتی لەو ماوەیەدا بە تایبەتی لە ماوەی بوونی بە سکرتێری حیزبی دێموکراتدا لە گشت ئەو ناهەمواری و سەختییانەی کە بەسەر بزووتنەوەی کورد بەگشتی و لە رۆژهەڵاتی کوردستان دا بەتایبەتی هاتوون، جۆرێك لە هاوسەنگی لە شێوەکانی خەبات دا رابگرێ.

دەتوانم بڵێم ئەو پێوەندییە دوولایەنەیە، لەسەرەتادا حیزبی دێموکرات کەسایەتیی حەسەن زادەی دروست کردوە، لە قۆناغی دووەمیش دا حەسەن زادە دەتوانێ خەباتی بزووتنەوەی کورد پەرەپێ بدا، واتە هەردووکیان تەواوکەری یەکترن. (خوێ بەبێ جامێك ئاو نابێتە خوێاوك).

**پ : زۆربەی ئەو کەسانەی لە بواری مێژوودا کار دەکەن باس لە رۆڵی ئەو کەسایەتییانە دەکەن کە ئێستا لە ژیان دا نەماون، بەڕێزت بۆچی کەسایەتییەکی زیندووت بۆ ئەم باسەت هەڵ بژاردوە و باسەکانت بە چ شێوەیەك گەڵاڵە کردوە؟**

و: لە بنەڕەتدا ئەو کتێبەی کە نووسیومە توێژینەوەیەکی شیکارییە لە پلەی بەکالۆریۆس (لیسانس) دا کە پێشکەش بە بەشی مێژووی کۆلێژی زانستە کۆمەڵایەتییەکانی زانکۆی کۆیە کراوە. بە کەڵك وەرگرتن لە چەندین سەرچاوەی زانستی کە وەدەستم خستوون. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە کارێکی هەروا ئاسان نەبووە بۆ من، ئەویش بەهۆی کەمی سەرچاوە و زانیاریی پێویست کە تا ئێستاش نەنووسراونەتەوە و بە نهێنی ماونەتەوە و ئامادە نەبوونی چەند کەسایەتییەك لە لێدوانەکان دا کە هاوخەباتی بوون گرفتەکانی منی زیاتر کرد. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو کەم و کورتیانەدا هەوڵم دا کە توێژینەوەیەك ئەنجام بدەم کە تا ئێستا توێژینەوەیەکی تایبەت لەم بارەوە نەکراوە.

پێکهاتەی ئەم کتێبە لە سێ بەش پێك هاتوە، کە لە بەشی یەکەم دا زیاتر رۆشنایی خستنە سەر ژیان و کەسایەتیی حەسەن زادە لە رووی کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و سیاسییەوەیە.

لەبەشی دووەم دا کە لە سێ باس پێك هاتوە باسم لە سەرەتای بوون بە ئەندام و ئاوارە بوونی حەسەنزادە بۆ باشووری کوردستان و رۆڵی لە حدکاو کومیتەی زاگرۆس و هەوڵەکانی بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد لە بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کورد کە ماوەکەی لە نێوان ساڵانی ١٩٥١ـ ١٩٨٨ی زایینی دەگرێتەوە، کردوە و لە بەشی سێیەم دا: باسم لە رۆڵی سیاسی و پێوەندییەکانی لەگەڵ بەشێك لە پارتە کوردستانییەکانی بەشدار لە بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کورددا کردوە کە ئەوەش ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٨٨ ـ ١٩٩٧ دەگرێتەوە.

بە نیسبەت بەشی دووەمی پرسیارەکان، ئەوە پرسیارێکی بەجێیە، دیارە ئەمن یەکەم کەس نیم کە دەستم دابێتە نووسینەوەی ژیانی کەسایەتییەك جا چ کەسایەتییەکی فەرهەنگی بێ یا سیاسی. بەڵام رەنگە جیاوازییەکەی ئەوە بێ کە کەسایەتیی جێی باسی من زیندووە. پێم خۆشە پێش ئەوەی وەڵامت بدەمەوە پرسیاری ئەوە بکەم کە بۆچی تا ئێستا لەسەر بیرۆکەیەك لەبارەی رەچەڵەکی کورد ساغ نەبووینەتەوە. یان رەوتی رووداوەکان و ناوی زۆرێك لە سەرکردەکانی بزووتنەوەی کورد گومناوە، زۆربەی نووسینەکان گێڕانەوەی چەند مێژوونووسێکی بیانین کە سەردانی کوردستانیان کردوە و بەشێك لە مێژووی نەتەوەی کوردو کەسایەتییە سیاسییەکانیان تۆمار کردوە.

لێرەدا دەتوانم لە دووخاڵ دا خولاسەی بکەمەوە، یەکەم: وەك مێژوونووسێك نا، بەڵکوو وەك تاکێك رەنگە ئەوە وای لە من کردبێ کە لەسەر کەسایەتییەکی زیندوو بنووسم و باس لە ژیانی بنەماڵەیی و سیاسیی حەسەنزادە (تا رادەیەك) بکەم. بە دڵنیاییەوە دەڵێم کە ئەمە بۆ ئێستاش نەبێتە مێژوو لە داهاتوودا هەر مێژووە.

دووەم: ئێمە کاتێك بمانەوێ لێکۆڵینەوەیەك ئەنجام بدەین، دەبێ بگەڕێینەوە بۆ سەر ژێدەری سەرەکی، ئەمەش لە مێشکم دا بوو کە سەرچاوە سەرەکییەکە خۆیەتی(واتە عەبدوڵڵا حەسەنزادە)و دەتوانم بەراوردی بکەم لەگەڵ ئەو سەرچاوە و ژێدەرانەی کە باس لە مێژووی بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان‌دا دەکەن و راستەوخۆ پێوەندییان بە کەسایەتیی جێگای باسی منەوە هەیە.

**پ: لە بەشێك لەو کتێبەدا باس لە رەهەندی ئەدەبی و فەرهەنگیی کەسایەتیی حەسەن زادە کراوە، بە بڕوای تۆ ئەو لایەنە پەیوەندی بە کەسایەتیی سیاسیی حەسەن زادەوە هەیە؟**

و: کەم کەس هەبووە لە کەسایەتییە سیاسی‌یەکان کە لە هەردوو بوارەکان دا توانیبێتی خزمەت بە میللەتەکەی بکا. عەبدوڵڵا حەسەنزادە تەنها کەسایەتییەکی سیاسی نەبووە، بەڵکوو کەسایەتییەکی ئەدەبی و سیاسی بووە. ئەو لێکۆڵینەوە شیکارییەی منیش تایبەت نەبووە تەنها بە لایەنێك لە ژیانی، بەڵکوو باس لە ژیان و رۆڵی سیاسی و فەرهەنگیی ناوبراو دەکا.

لەو باوەڕەش دام کە لایەنی فەرهەنگی و لایەنی سیاسیی عەبدوڵڵا حەسەن زادە دوو ئەڵقەی لێك گرێدراون. چون گرینگی‌دان بە لایەنی ئەدەبی بەشێك بووە لە کارەکانی لە ماوەی خەباتی سیاسی‌دا، هەروەك شێرکۆ بێکەسی شاعیر لە لێدوانێك لەو کتێبەدا دەڵێ: "ئەگەر مەسەلەی سیاسی عەبدوڵڵا حەسەن زادەی بۆخۆی نەبردبایە، رەنگبێ یەکێك لەوانە دەبوو کە بۆشایی گەورەتری لە ئەدەبی کوردی و رووناکبیریی کوردی دا پڕ بکردایەتەوە".

**کاری داهاتوت چییە؟**

زیاتر هەوڵ دەدەم ئەم باسە فراوان بکەمەوە، هەرچەندە ئەوە کاتی دەوێ و ناتوانم کاتەکەی دیاری بکەم.

کتێبێکی فارسیم لە بەر دەست دایە کە وەرم گێڕاوەتەوە سەر زمانی کوردی و کاری پێداچوونەوەی ماوە و تا ئێستا بەشێکی لەگۆڤاری لاوان بە زنجیرە بڵاو کراوەتەوە.

**دوا پەیڤت:** لێرەدا پێم باشە کە روون کردنەوەیەك بدەم کە بەداخەوە بە هۆی هەڵەی چاپ لە پاشکۆکان و پێشەکی و دەرئەنجامی ئەم کتێبە لە بەشی ئینگلیزی‌یەکەی دا بەرچاو دەکەوێ لەگەڵ داوای لێ بووردنم لە کاك فەتاح کاویان کە ئەرکی وەرگێڕانی خستبووە ئەستۆی خۆی. دووبارە سوپاسی دەکەم. داوای لێبووردن لە خوێنەرانیش دەکەم.

لە کۆتایی دا سوپاسی دایك و باوکم ئەحمەد نەستانی و عیسمەت نەستانی دەکەم کە لە گەڵ راستگۆیی‌دا پەروەردەیان کردم و هاوکار و پشتیوانم بوون: سوپاسی هەموو ئەو کەسایەتییانە دەکەم کە لەگەڵ ئەرکی زۆریان ئامادەی لێدوانەکان بوون.

---

# لە قامووسی فیمینیزم دا

ب. هانا

## چەپ

ئەگەرچی دوورە دیمەنی پانتایی مێژووی بیردۆزەی فیمینیستی، پێشاندەری پێوەندییەکی گرنگ لە نێوان چەپ و فیمینیزم دایە، فیمینیزمی هاوچەرخ پێوەندییەکی ئاڵۆزی لەگەڵ سیاسەتەکانی بەرەی چەپ دا هەیە. لە بریتانیا، شیلاروبوتام و فیمینیستە سوسیالیستەکانی دیکە، بە بەراورد لەگەڵ چەپی پیاوانەی نەریتی‌دا مەسەلەی بنەڕەتی لە روانگەی فیمینیزمەوە لە رێکخستن لە سەر بناغەی مێتۆدێکی دێموکراتیك و کەمتر دەسەڵاتخوازانەدا دەبینن. ئەوان بەڵگە دەهێننەوە لە هەر جێیەك فیمینیزم و چەپ هاوکارییان هەیە، رێکخراوە رادیکاڵەکانی بەرهەمی ئەو هاوکارییە، کاریگەرتر و دێموکراتیك ترن (Rowbotham ,١٩٧٩). لە ئامریکا، فیمینیستە سوسیالیستەکان لە رێگای هەڵسەنگاندن و پێداچوونەوەی ناپیرۆزی مارکسیزم و فیمینیزم، گەیشتنە ئەو ئاکامە کە تەنیا تێکەڵکردنی ئەم بیردۆزانە دەتوانێ روونکردنەوەیەك بۆ سەرکوتی ژنان بدۆزێتەوە و هەربۆیە راڤەی پرسە فیمینیستی‌یەکان لە دەرەوەی چوارچێوەی سیاسەتی چەپیان بە ساویلکانە زانی (Eisenstien ,١٩٧٩). بەڵام بۆ نموونە، هەر چەشنە راڤەیەك لە بواری پۆرنۆگرافی‌دا، پێویستیی بە کۆمەڵەیەك تەوەر هەیە کە جیاوازبن لەو تەوەرانەی سیاسەتی نەریتییان پێ پێناسە دەکرێ.



بیردۆزەی فیمینیستی رادیکاڵ هەم لە پێوەندی لەگەڵ چەپی سیاسی‌داو هەم هەمبەر بە بیردۆزەی مارکسیستی، روانگەیەکی دوژمنانەی هەیە. ئادرین ریچ وشەی "شۆڕش" بە "پیس" و بە "کەلاك"ی چەپایەتی ناو دەبا (Rich١٩٧٩ , ). بە گوێرەی بەڵگە هێنانەوەی بیردۆزەی رادیکاڵ ـ کە لە هەناوی چەپی نوێی پیاوانە و لە رووبەروو بوونەوە لەگەڵ ئەم چەپەدا، لە دایك بووە ـ لە بیردۆزەی مارکسیستی‌دا، دۆخی ژنان پشت گوێ خراوە و گرنگی‌یەکی ئەوتۆی پێ نەدراوە. بەتایبەتی لی‌فریتز و ماری‌دەیلی دەرەتانی هەر چەشنە پێوەندییەك لە نێوان فیمینیزم و چەپی سیاسی‌دا رەت دەکەنەوە.

سەرچاوە: کتێبی "فرهنگ نظریەهای فیمینیستی"

نووسینی: مەگی هام و سارا گەمبل

وەرگێڕان بۆ فارسی: فیروزە مهاجر، نوشین احمدی خراسانی و فرخ قرەداغی

لاپەڕەکانی ٢٢٤و٢٤٥

---

# لە دەوری ئاڵای حیزبی دیموکراتی کوردستان کۆببنەوە

# KURDISTAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party - Iran

No: 486   20 May  2008

ماڵپەڕی  ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، رۆژنامەی "کوردستان"و رادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
info@ kurdistanukurd.org   info@ kurdistanukurd.com
**www.kurdchannel.com :** Hotbird: 8 -  MHZ: 12303 -
Polarization: Vertical  -  S R: 27500 - FEC: ¾

www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 00 9647701597268

تەلەفۆنی تەشکیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp.Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com


# فیلمەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان لە فستیڤاڵی فیلمی کوردیدا بەشداری دەکەن

فیلمەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان لە پێنجەمین فستیڤاڵی کوردی لە بێرلین پێتەختی ئاڵماندا بەشداری دەکەن.

ئومەر تۆڤی ئەندامی فستیڤاڵی فیلمی کوردی بە ئاژانسی پەیامنێری راگەیاند: "بە بەشداری ٤٠ فیلم لە هەر چوار پارچەی کوردستان و هەروەها ئورووپا، خولی پێنجەمی فستیڤاڵی فیلمی کوردی لە رێکەوتی ٢٤ی مەی لە بێرلین بەڕێوەدەچێ و بۆ ماوەی ٨ رۆژان بەردەوام دەبێ".

لەم فستیڤاڵەدا فیلمی هێندێك دەرهێنەری کورد نیشان دەدرێن و بەشدار دەبن لەوانە مینا قوبادی، شەوکەت ئەمین، هونەر سەلیم، هیشام زەمان، ژیار گۆل، رەحیم زەبیحی، ڤیان مایی و چەند دەرهێنەری دیکە لە هەر چوار پارچەی کوردستان و ئەورووپا.

لەو فستیڤاڵەدا بەهمەن قوبادی دەرهێنەری رۆژهەڵاتی کوردستان بە فیلمی "نیوەی مانگ"و شەوکەت ئەمین کورکی لە باشووری کوردستان بە فیلمی "پەڕینەوە لە غوبار"و دەرهێنەر هونەر سەلیم لە باشووری کوردستان بە فیلمی "دۆڵ" بەشداری دەکەن.

هەر لەو فستیڤاڵەدا چەندین بابەت و سیمینار لەمەڕ سینەمای کوردی پێشکەش دەکرێ.

PNA




# زمانی کوردی لە پلەی ٣١ی زمانە زیندووەکانی جیهاندایە





بە پێی لێکۆڵینەوەکانی گۆڤاری فرانچێس دانس لێموندی فەرانسە، زمانی کوردی دەکەوێتە پلەی سی‌ویەکەمینی زمانی زیندووی جیهان و لە پێش زمانی فارسی‌یەوەیە

بە پێی هەڵسەنگاندنەکانی گۆڤاری فرانچێس دانس لێموندی فەرانسە زمانی کوردی دەکەوێتە پلەی ٣١ی زمانی زیندووەکانی جیهان.

گۆڤاری ناوبراو لیستێکی لە زمانە زیندووەکانی جیهان ئامادە کردوە کە بە پێی ئەو لیستەیە زمانی کوردی شەش پلە لە خواەوەی زمانی تورکی و چەند پلە لە سەرووی زمانی فارسی جێی گرتووە. پێوەرەکانی ئەو گۆڤارە بۆ زیندوو بوونی زمان بریتین لە رێژەی ئەو کەسانەی بەو زمانە قسە دەکەن، بەکارهێنانی لە ئەنتەرنێتدا، ژمارەی ئەو وڵاتانەی کە ئەو زمانە تێیاندا فەرمییە، ژمارەی وەرگێڕان، ژمارەی ئەو فیلمانەی کە پێی بڵاو دەبنەوە، ژمارەی کتێب و موزیك و ئەو کتێب و وتارانەی کە لە بواری رێزمانەوە لە سەر ئەو زمانە نووسراون.

شایانی باسە بە پێی ئەو گۆڤارە یەکەمین ١٠ زمانی زیندووی جیهان بریتین لە ئینگلیزی، فەرەنسی، ئیسپانی، ئەڵمانی، ژاپۆنی، فلامانی، عەرەبی، سوێدی، ئیتالی و دانیمارکی.

# شەهێن تاڵەبانی خەڵاتێکی زێڕینی وەرگرت



وەك رێزلێنان لە کارە هونەرییەکانی گۆرانی‌بێژی بەناوبانگی کورد شەهێن تاڵەبانی بۆ یەکەمین جار لە کوردستان خەڵاتی زێڕینی پێبەخشرا. لە شەوی ٢٠٠٨\٥\١٢ دا لە هۆڵی (فرێند) لە شاری سلێمانی بە ئامادەبوونی ژمارەیەك لە رۆشنبیران و هونەرمەندان و جەماوەرێکی زۆر لە خەڵکی ئەو شارە، لە لایەن بەڕێوەبەرایەتیی رۆشنبیریی سلێمانییەوە خەڵاتی زێڕین بە هونەرمەند شەهێن تاڵەبانی بەخشراو رێزی لێنرا. لەم بارەیەوە شەهێن تاڵەبانی لە لێدوانێکدا بۆ میدیاکان وتی: ئەو شەوە شەوێکی مێژوویی بوو بۆ من دوای ئەو هەموو تەمەنەی بەخشیم بە هونەرەکەم بۆ یەکەم جار لەنێو خاکی کوردستان رێز لە من و لە کارە هونەرییەکانم گیرا.

سەرچاوە: رادیۆ نەوا

# شەکیرا و ریکی مارتین گۆرانییان بۆ منداڵانی هەژار چڕی



ئەستێرەکانی موسیقای ئیسپانیایی زبان بە مەبەستی یارمەتیدانی ئەو منداڵانەی لە هەژاریدا دەژین، کۆنسێرتی خێرخوازانەیان لە مێکزیك و بوینس ئایرێس بەڕێوەبرد. دەیان ئەستێرەی موسیقی لاتینی لە نێو ئەواندا شەکیرا و ریکی مارتین لەم دوو کۆنسێرتەدا کە هاوکات بەڕێوەچوون بەشدارییان کرد.

داهاتی ئەو دوو کۆنسێرتە دەدرێ بە رێکخراوی خێرخوازیی بزاڤی هاوپێوەندیی ئەمریکای لاتین (ئالاس). شەکیرا بەر لە وەڕێخستنی کۆنسێرتەکە توانی دووسەد میلیۆن دۆلار لە دوو میلیونێری مێکزیکی و ئەمریکایی بۆ ئەم رێکخراوە خێرخوازییە وەرگرێ.

ئەم گۆرانیبێژە کولومبیاییە پێشتریش کە لە بەرنامە خێرخوازییەکان دا بەشداریی کردوە گوتوویەتی: "پرسی سەرنجراکێش ئەوەیە کە ئەمریکای لاتین سێ هێندەی ئەوەی حەشیمەتەکەی پێویستی پێیەتی بەرهەم دێنێ بەو حاڵەش ریشەکێش کردنی هەژاری لەم ناوچەیە کارێکی نەلواوە".

سەرچاوە: BBC




# ئاواتێك بۆ کۆنگرەی داهاتووی هاوڕێیانی پێشوومان

بەر لەماڵاوایی

قادر وریا

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە مانگەکانی داهاتوودا، کۆنگرەی خۆی دەبەستێ. ئەم کۆنگرەیە دەتوانێ رۆڵێکی گرنگی هەبێ لە چارەنووسی ئەم حیزبەو پێوەندی نێوان حیزبی ناوبراوو حیزب و رێکخراوەکانی دیکەی رۆژهەڵاتی کوردستان و یەك لەوان حیزبی دێموکراتی کوردستان دا. بە مەرجێك کە ئەم کۆنگرەیەش وەك کۆنگرەی چاردەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ببێ بە کۆنگرەی بەخۆداچوونەوەو رەخنە لە خۆگرتن و ماڵاوایی کردن لەو جۆرە روانین و بیرکردنەوانەی کە لەمێژە سەردەمیان بەسەر چووەو هیچ خێرو دەسکەوتێکیان بۆ ئەم حیزبەو بزووتنەوەی ئازادیخوازی لە رۆژهەڵاتی کوردستان لێنەکەوتۆتەوە.

ئەگەر حیزبی ئێمەش لەبارەی لایەنی بەرانبەریەوە، هەر وەك هاوڕێیانی پێشوو لەبارەی خۆمانەوە بیری کردبایەوە، دەبوایە "خەونی گولانە" بە کۆنگرەکەیانەوە ببینم و ئارەزوو بکەم لەم کۆنگرەیەدا لەبەریەك هەڵ بوەشێن و هتد. بەڵام بەپێچەوانە، ئارەزوو دەکەم کۆنگرەکەیان کۆنگرەی سەرکەوتنی ئەو بیروبۆچوون و روانگانە بێ کە پێشکەوتنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بەخۆداچوونەوەو دوورکەوتنەوە لە دەمارگرژی و ملدان بۆ راستی‌یەکان دا دەبینن و، سەرکەوتنی حیزبەکەیان و جووڵانەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە یەکتر قبووڵکردن و تەبایی و هاوکاریی نێوان هەموو هێزو لایەنەکانی نێو ئەو جووڵانەوەیە دەبەستنەوە.

خۆ ئەگەر لە روانگەی بەرژەوندی تەسکی حیزبایەتییەوە سەیری کۆنگرەی داهاتووی هاوڕێیانی پێشوومان بکەم، بە قازانجی حیزبی ئێمەیە هیچ لەو گۆڕانانەی لە کۆنگرەی چاردەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا روویان داو، ئیعتباری ئەم حیزبەیان بە شێوەیەکی حاشا لێنەکراو پێ بەرزبۆوە، لە کۆنگرەی داهاتووی ئەوان دا، روونەدەن. چونکە ئەوکات، ئەو قسانەی ئەوان پێش کۆنگرەی چاردە لەبارەی ئێمەوە دەیان کرد، لەبارەی خۆیانەوە وەڕاست دەگەڕێ. ئەگەر رۆژێك لە رۆژان ئەوان بە ئێمەیان دەگوت " ئەوانە راست ناکەن، باوەڕیان بە گۆڕان و نوێبوونەوە نیەو، کێشەکەیان کێشەی کورسی و دەسەڵاتە " و هتد، لەم حاڵەتەدا ئێمە ـ کە سەلماندمان ئەم قسانە راست نین ـ دەتوانین بەوان بڵێین نەتانتوانی مل بۆ گۆڕان بدەن و لە پێناوی پاراستنی بەرژەوەندیی شەخسی و گرووپی و رێکخراوەیی‌دا، خۆتان لە زۆر کاری پێویست بوارد. بەڵام ئێمە قازانج و بەرژەوەندییەکی ئەوتۆمان بۆ حیزبی خۆمان ناوێ کە سوودی نەتەوەکەمانی تێدا نەبێ. هەربۆیە ئارەزوو دەکەین کۆنگرەی داهاتووی هاوسەنگەرانی پێشوومان، کۆنگرەی رەخنەگرتن لە رابردوویەکی پڕ لە ململانێی ناپیرۆزو، کۆنگرەی ئەزموون وەرگرتن لەو چارەنووسە بێ کە حیزبەکانی رۆژهەڵات یەك بەدوای یەك بەسەریان دا هات.

زۆر باشم لەبیرە لە دوای کۆنگرەی هەشت کە بەشێکی بەرچاو لە هاوڕێیانمان ریزی خۆیان لە ئێمە جیاکردەوەو لەژێر ناوی "حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ـ رێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ" دا، درێژەیان بە خەبات و تێکۆشان دا، هەبوون کەسانێك لە نێو ئێمەدا دەیانگوت "ئۆخەیش حیزبەکەمان پاك بۆوەو ئەمجار بە ئاسوودەیی کاری خۆمان دەکەین". بەڵام هێشتا نەچووبووینە نێو ساڵۆنی کۆنگرەی نۆیەم کە جارێکی دیکە ململانێ و ریزبەندی سەری هەڵ دایەوەو، ئەو هاوڕێ هاودڵانەی ساڵێك پێشتر خۆیان بە خادیمی کوردو بەرحەق و، "رێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ"یان بەچی و چی دەزانی، هەر ئەم قسانەیان بە یەکتر گوتەوە کە تا دوێنێ پێکەوە بە نەیارە هاوبەشەکەیان دەگوت! لە دوای لەتبوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش، بیستمان و خوێندمانەوە کە "ئۆخەیش حیزبەکەمان پاك بۆوەو ئەمجار بە ئاسوودەیی کاری خۆمان دەکەین". بەڵام ناشاردرێتەوە کە ئەو حیزبە بەو تەعبیری گۆڕین هەر "پاك" نەبۆتەوەو ئەم "ئاسوودەیی"یەی ئارەزوو دەکرا، زۆری نەخایاندوە! ئەمە هەر تایبەت بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نیە. لە نێو حیزبەکانی دیکەی رۆژهەڵاتی کوردستانیش دا، هەر ئەم سیناریۆیە دووپات بۆتەوە. هۆیەکەشی زۆر روونە. ئەوە کەسەکان نین بە هاتنیان بۆ نێو حیزبێك، کێشەی بۆ دروست دەکەن و بە رۆیشتنیان حیزبەکە پاك دەبێتەوە. گرفتەکە لە خودی حیزبەکان و عەقڵیەتی زاڵ بەسەر حیزب و رێکخراوەکان دایە. سەرچاوەی سەرەکیی نەخۆشی‌یەکە ئەو نەریتەیە کە لە نێو هەر حیزب و رێکخراوێك دا، هێندێك کەس رێکخراوەکە بە ملکی خۆیان و خۆشیان بە پیرۆز دەزانن و، هەر کەسیش نای بەم جۆرە بیرکردنەوەو دەرئەنجامەکانی گوت، هەوڵ دەدرێ لە پەراوێز بخرێ و وەدەر بنرێ. تازە بۆ ئەم هەوڵەش لە هەمان میتۆدو میکانیزمی "تهدید" و "تکفیر" کەڵك وەردەگیرێ کە لەمێژە سەردەمیان بەسەر چووە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان بە پێکهێنانی سەرکەتووانەی کۆنگرەی چاردەیەمی خۆی، ماڵاوایی لەم نەریت و عەقڵیەتە ماڵوێرانکەرە کرد. ئەم مەترسییەشی لەبەرچاوە کە ئەگەر لە جێبەجێکردنی بڕیارو پەسندکراوەکانی کۆنگرەکەی لەبارەی دێموکراسیی نێوخۆیی غافڵ بێ، تووشی هەمان نەخۆشی دەبێتەوە کە پێشتر بە دەستی‌یەوە ناڵاندوویەتی. هیچ گومانیشم لەوەدا نیە حیزبێك کە گەیشتبێتە ئەو پلەیە لە پێگەیشتوویی و ئازایەتیی فکری کە واقیعبینانە بە رابردووی خۆی دا بچێتەوەو بتوانێ کێشەکانی نێوخۆی بە شێوەیەکی دێموکراتیك و سەردەمییانە چارەسەر بکا، دەشتوانێ لە دامەزراندنی پێوەندی لەگەڵ هێزو رێکخراوو لایەنەکانی دیکەداو، لە بوار رەخساندن بۆ پێکهێنانی کۆدەنگی و هاوکاری لە ئاستی نەتەوەیی و نیشتمانی‌دا، سەرکەوتوو بێ.

بە سەرنجدان بەم خوێندنەوەیەیە کە ئارەزوو دەکەم کۆنگرەی داهاتووی هاوڕێیانی پێشوومان لە خزمەت وازهێنان لە دۆگماتیزم، دەمارگرژی، داخراوی و ململانێی ناسالم دا بێ، دێموکراسی نێوخۆیی لە نێو ئەوان دا پەرە پێ بدا، کولتووری کراوەیی و یەکتر قبووڵکردن و وێکهەڵکردن لە نێوخۆی ئەوان و لەگەڵ دەرەوەی خۆیان دا، برەو پێبداو، رێگا بۆ نزیکبوونەوە لە حیزبی دێموکراتی کوردستان و دەست پێکردنی قۆناغێکی نوێ لە مێژووی هاوخەباتیی رێکخراوە سیاسی‌یەکان لە رۆژهەڵاتی کوردستان دا خۆش بکا.